مەسەلەی دووەم ئەوەیە، کە ئێوە لەوێ لە ژیانی خەریبایەتی و ئاوارەیی دەژانین، کو موعاناتتان زۆرە، ناڕەحەتی و گرفتاریتان زۆرە، لە ڕاستیدا خۆشترین ژیان ئەوە، کە ئینسان لە باوەشی گەرم و پڕسۆزی میللەتی خۆیدا بێت و لەسەر خاك و نیشتیمانی خۆی بێ، ئێمە تەقدیری حاڵەتی نەفسی دەروونی ئێوە دەکەین وە هەڵومەرجی سەختی ژیان و گوزەرانتان دەکەین، بەڵام بێگومان بۆ ئینسانی موسلمان ژیان تاقیگەیە، جا چ لە زێد و نیشتیمانی خۆی بێ، چ لە دەرەوە بێ، چ لە گرتووخانە بێ، چ ئازاد بێ، چ دیل بێ، چ هەژار بێ، چ دەوڵەمەند بێ، چ بەرپرس بێ، چ با بە یەکێك سادە بێت و هیچ بەرپرسیاریەتییێکی لە ئەستوودا نەبێت، ژیانی دونیا تاقیگەیە، ئێوە لەوێ بەڵێ هەلومەرجی ژیانتان جیایە لە هی ئێرە تا ڕادەیەك دەستتان بەستراوە، تا

ڕادەیەك ژیانتان بە سەختی دەگوزەرێ بەتایبەت کەسێك کە بیەوێ ژیانێکێ بێمننەتانە بژیێت، دوور بێ لەوە کە بێیاسایی بکات، کە بە تەئکید بێیاساییکردنیش لەو وڵاتانەدا وێڕای ناشەرعیبوونی گرفتاری دیکەشی بەدواوەیە، سزای بەدواوەیە، بەڵام هیچ  کام لەو شتانە نابێ وا لە ئێوە بکا، کە لە بەشداریکردنتان لە پڕۆسەی دەنگداندا سارد ببن یان سستی و تەمبەڵی بنوێنن، چونکە دڵنیابن هەر کەسێك شایەتیەکی باش نەدا لە جیاتی ئەو شایەتیەکی بە ناحەق دەدرێ بەتایبەت، کە بەداخەوە ڕێژەی تەزویر و فرت و فێڵ زۆرە، ئیرادەی خەڵك زۆر تەزویر دەکرێ، بۆیە هەر کەسێك نەچێ شایەتیەکی بە حەق بدا، با دڵنیا بێ، لە جێی ئەو شایەتیەکی بە ناحەق دەدرێ، یاخود هیچ شایەتیەك نادرێ وە سەرەنجام تا تەرازووی ئەوانە، کە پێمان وایە پارێزگاری دەکەن لەم بارودۆخە وەك خۆی بمینێتەوە بە گەندەڵییەوە، بە ناعەدالەتییەوە بە بێ سەروبەرییەوە، تا تەرازووی ئەوانە قورس دەبێ، کەواتە با هیچ کەس سەختی بارودۆخی ئەوێ ناهەمواری، ئەوێ گرفتاریەکان نەکاتە بیانوو و پاساوی بەشداری نەکردن لە پڕۆسەی دەنگداندا.

مەسەلەی سێیەم بە نیسبەت ئێمەشەوە، وەکو کۆمەڵی ئیسلامی خۆتان ئاگادارن هەموو لایەك ئەمجارە ئێمە بە لیستی سەربەخۆی خۆمان بە لیستی ژمارە (352) هاتووینەتە مەیدان، ئێمە بەڕاستی چاوەڕوانیمان بە کێ هەیە؟ لە خەڵکی موسلمان هەیە، لەو کەسانە هەیە کە لەم وەزعە ناڕازین، بێزارن، بەگلەیین وە دەیانەوێ میللەتەکەمان بگەڕێتەوە سەر ڕەسەنایەتی ئیمانی و ئیسلامی و کوردایەتی خۆی، چاوەڕوانیمان لەو خەڵکە هەیە، کە لەگەڵماندا هاوکار و دەستبارگربن وە بە هەموو لایەك کاری بکەین، کە دەنگی موسلمانانەی کورد لە بەغدا دەنگێکی زەلالتر بێ، بەهێزتر بێ وە سەنگی موسلمانانەی کورد موسلمانێتی کورد بەهێزتر بێ، بە قورستر بێ، تاکو کۆمەڵێك گلەیی و ناڕەزایی کە ئێمە هەمانە، کۆمەڵێك ڕەخنە و بێزاری کە هەمانە لەسەر سیاسەتی ڕابردووی سیاسەتمەدارانی کورد، کاربەدەستانی کورد، ئەو ئیشکالانە، ئەو کەم و کوڕییانە چارەسەرکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە خەڵکی موسلمانی خۆمانمان هەیە، کە لەگەڵماندا دەستبارگر و هاوکاربن بۆ هێنانەدی ئامانجە شەرعییەکان. ئێمە دەمانەوێ بەڕاستی خەڵکی عێراق بەگشتی، بەتایبەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان وە خەڵکی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە زیاتر دینداری و موسلمانەتی لە خۆیاندا تۆخکەنەوە، دەمانەوێ کە هاوکار و دەستبارگری خەڵك ومیللەتەکەمان بین، کە بگەڕێینەوە بۆ باوەشی پڕسۆزی ئیسلام و ئیمان و قورئان و سوننەت.

ئێمە پێمان وایە بە ئەندازەی ئەوە، کە خەڵکی عێراق بەگشتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەگەڕێنەوە بۆ پابەندی بە شەریعەت ڕاستە ڕێی خۆیان دەگرنەبەر وە ڕێی برایەتی، ڕێی ئاشتەوایی، ڕێی تەبایی، ڕێی عەدالەت دەگرنەبەر. بۆیە چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە لە هەموو لایەك، کە بڕواتان بە ئیمان و ئیسلام هەیە، بڕواتان بە شەریعەتی خوا هەیە، ئەو کار و پڕۆژە ئیسلامیمان لەگەڵ بەرەو پێشەوە بەرن، سەنگ و قورسایی دەنگی ئیسلام و موسلمانەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەهێز و قورستر کەن.

لە کۆتاییشدا دەڵێم بێگومان هەر کامێك لە ئێوە کە دێ بۆ لای سندوقەکانی دەنگدان، دەبێ ئیش و کار بەجێ بهێڵێت، دەبێ کرێ سەیارە بدات لەو شار بۆ ئەو شار، تووشی ناڕەحەتی دەبێ، تووشی گرفتاری دەبێ، بەڵام هەموو ئەو ناڕەحەتی و گرفتاری و پارە خەرجکردن و سەرئێشانە، بەڕاستی بچووکترن لەو ئامانجە گەورەی کە ئەوە دیدێکە، ئەوەش بریتییە لە بەشداریکردن لەو پڕۆسە گرنگەدا. چی وەکو کورد بەگشتی، چی

وەکو تەوژمی ئیسلامی وە سەرخستنی پرۆژەی ئیسلامی بەتایبەتی، کە ئێمە پێمان وایە کاتێك میللەتی کوردی موسلمان، تەوژمی ئیسلامی تێدا بەهێز دەبێ وە شەریعەت لە ژیانی تاکی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەو کاتە میللەتی کورد دەنگی دلێرتر دەبێ وە ڕێزەکانی پتەوتر دەبێ وە بەڕاستی پشت بە سەنەدێکی بە قوەتتر دەدا وە لە بەرامبەر خەڵکدا، لە بەرامبەر نەیاراندا بێمننەتتر دەبێ، چونکە بێگومان ئێمە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ شەریعەت، شەریعەت هەمیشە لای مەزلوومە، لای خاوەن حەقە، ئێمەش وەکو میللەتی کوردی موسلمانی بەشە کوردستانی عێراق، خۆمان بە میللەتێکی مەزلووم و ستەم دیدە دەزانین، کەواتە تا زیاتر پشت بە شەریعەتەوە بدەین، تا زیاتر بگەڕێینەوە بۆ شەریعەت، هەم بۆ دواڕۆژمان خێرترە، بە تەئکید ئەوەش نەبێ موسلمانەتی خۆمان ناهێنینە دی وە ئیسبات ناکەین، هەم بۆ دونیاشمان خێری زیاتر تێدا هەیە وە دوژمن و ناحەزەکانیشمان کەمتر دەتوانن شانی پرسیارمان لەسەر دابنێن، کەمتر دەتوانن بیانوومان پێ بدرێن وە بەڵگەمان بەهێزتر دەبێ.

بە هیوای ئەوە کە لە ڕۆژی دەنگداندا خوشك و برایانی موسلمانان لە هەندەران زۆر بە گەرم و گوڕ و زۆر بە دلسۆزییەوە بەرەو سندۆقەکانی دەنگدان بێن وە لەگەڵ ئێمەشدا کار و پرۆژەی ئیسلامی بەهێز و پێزتر کەن، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی عێراق بەرەو پێشەوە بەرن وە سەنگ و قورسایی دەنگ و سەدای ئیسلامەتی و موسلمانەتی میللەتی کورد وە خەڵکی عێراق لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەهێز و پێز و قورستر و بیستراوتر کەن. خوا سەرەنجامی هەموو لایەکمان خێرکا، هەموو لایەکتان بەو خوایە دەسپێرم، کە سپاردەزایە ناکا. وصلی الله تعالی علی محمد وعلی آله وصحبه أجمعین والحمد لله رب العلمین.

### 4-(گوتارا ژمارە 4) (1)

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**کۆمەڵانی خەباتگێری خەڵکی کوردستان**

بە سڵاوێکی برایەتی گەرمەوە، پیرۆزبایی یادی ڕاپەرینە مێژووییەکەی خەڵکی کوردستانتان لێدەکەم، هیوادارم ئەم یادە گیانی خەبات و فیداکاری جووت بکاتەوە، سەروەرییەکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵك لە دڵ و دەروونماندا زیندوو ڕابگرێ، لە بیرمان بێ کە هەموو دەستکەوتەکانی ئیمڕۆی خەڵکی کوردستان، بەری شۆڕش و خەباتی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو بەشداربووانی شۆڕشەکەن، هەروەك بەری ئەو ڕاپەرینە مێژووییەنەشە. ئەو ڕاپەرینە قۆناغێکی نوێی شۆڕش و شێوەیەکی نوێی خەباتی شۆڕشگێرانی هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، ئەو ڕاپەرینە کە تاجی سەرکەوتنی هێنایە سەر شۆڕشە پیرۆزەکەمان بە ڕێبەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی بە دەرگەی یەکەم سازکراوە و ڕێکخراوە و هەڵگیرساوە وە بەڕێوەچووە. ئەو دەستکەوتە مێژووینەی ئیمڕۆی گەلەکەمان، ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی ئیمڕۆی گەلەکەمان بە دابیکردنی فیدراڵ لە دەستووری عێراق و بەکردەوەش لە کوردستاندا بە پەرلەمان و

---

[1] تەلەڤزیۆنا گەلی کوردستان، کەناڵێ دهۆك، 5/3/ 2009.

حکومەتی هەرێم و دام و دەزگاکانی پاسدارانی شۆڕش و پۆلیس و ئاسایش و دەزگاکانی جیاجیاوە بەو هەموو زانکۆ و دەزگاکانی هۆشیاری و ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیەوە لەگەڵ ئەو هەموو ئاوەدانی و بازرگانی و بازاڕ گەرمی و پێشکەوتنی ئابووری و سەنعەتی و تیجاری و هەموو دەستکەوتەکانی تریش بەری شۆڕش و ڕاپەرینەکەن، بەری خوێنی گەشی شەهیدان و ڕەنج و فیداکاری کۆمەلآنی خەڵکی کوردستانن، کە بەڕێوەبەرایەتی پارتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەشداری هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی بەشداربوو لە شۆڕشدا هاتوونەتە دی. ئەم ڕاستیانەی سەرەوەش دەبێ هاندەر بێ بۆ هەموو لایەك، بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و هەموو دەزگاکانی حکومەت و هەموو زانکۆ و مەعهەد و هێزی چەکدار، بۆ ئەوەی پتر وە زیاتر خزمەتگوزاری بە کۆمەلآنی خەڵك پێشکەشبکەن، بۆ ئەوەی چاکتر ئازادی و سەربەستییە دیموکراتەکان دابینبکەن، بۆ ئەوەی هۆشیارانە و ژیرانە و دووربینانە ڕێبازی نوێ بدۆزنەوە و گەشەکردنی سیاسی و حیزبی و حکومی و هۆشیاری خوێندەواری و لایەنە جیاجیاکانی ژیان بگرنە بەر، لە یادی شۆڕش و ڕاپەرینەکەیدا پێویستە یادی شەهیدە نەمرەکانمان بکەین و زیاتر ئیهتیمام بە کەس و کارەکانیان بدرێ بۆ ئەوەی سەروەریەکانی لە بیر نەکەین، بەلآم لەسەر چەك و گوللەکانیشیان خەومان لێنەکەوێ، بەڵکو هاندەرمان بن بۆ بەدیهێنانی سەروەری نوێ و بەدیهێنانی جێبەجێکرنی هەموو ئاواتەکان و ئامانجەکانی گەلەکەمان، بە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان بۆ ناو هەرێم، بە چاکسازی و نوێسازی لە هەموو لایەکانی ژیانماندا، ئەو هەموو سەروەریانە هەر هاندەر بن بۆ پتر خزمەتکردنی کۆمەلآنی خەڵك و چاکترکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری و خوێندەواری و تەندروستی گەلەکەمان و نیشتیمانەکەمان. ئیتر هەر شەکاوە بێ ئالآی ڕاپەرین و هەر زیندوو بێ یادی شەهیدی نەمرەکانمان.

## 5-(گوتارا ژمارە 5 ) [1]

**هاونیشتیمانانی خۆشەویست**

بەخێرهاتنی یەك بە یەکتان ئەکەم و سوپاسی ئەرك و ماندووبوونتان ئەکەم، من ئەزانم ئەم ماوەیە هەمووتان لە ژێر زەغتێکی زۆری ترساندن و هەڕەشە و چەواشەکاری ئیعلامیان بوون، ئێمە ئەزانین و ئاگادارین بە هەموو شێوەیەك ئیغراو ئەکرێن بۆ ئەوەی دەست لە بڕواکانی خۆتان هەڵگرن و بەیعەت بە سەرکردە و پتە سیاسییەکان بکەنەوە، ئاگادارین ئەوانە چۆن و بە چ شێوەیەکی ئیسریانە بە ڕاست و چەپە ئەکێشن و بە ڕۆحێکی تۆقیوەوە ئەم هەڵبژاردنە وەك شەڕی مان و نەمانی خۆیان تەماشە ئەکەن. هەموو هونەرەکانی ترساندن و ئیرهاب و چەواشەکاری بەکارئەهێنن بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵسنەوە. کافوورن لەوەی تا ئەوان زیاتر بۆ لای سەرکردەی خۆیان دەرخەن، زیاتر خەڵکی ئەم وڵاتە جارێکی تر ئەدۆزێنن کە کەوتنە بەردەم هیچ ستەمکاری و هەڕەشەیەکە نەك چۆکی دا نەداوە، بەڵکو بە ئیرادەیەکی قۆڵاییەوە لە بەرامبەریان ڕاوەستاوە و ناینوە، ئەوانە تەنانەت لە مێژووییشەوە فێرنەبوون فێرنەبوون کە هێزێك نییە لە دونیادا بتوانێ بە ستەم و تۆقاندن حوکم بکا، تا ستەم و هەڕەشەیان گەورەتر بێ تەمەنی حوکمڕانیان کورتتر ئەبێ.

---

[1] ئەڤ گوتارە ل سالا 2009 هاتییەگوتن، ژ مالپەرێ:www.youtube. com

ئێمە لێتان ناشارینەوە خوازیاری ئەوە بووین لە کەشێکی هێمن و ئارامە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە بچێ، هەموو کەس بە شێوەیەکی ئازادانە مافی بانگەشەی بۆ ئەو لایەنە هەبێ کە بڕوای پێیەتی، کەس تەعەدا لە هی تر نەکا، هەمووان لایەنی کەمی ڕێزگرتن لە یەکیان جیا بێ، خوازیاری ئەوە بووین دەزگا حکومەتیەکان و هێزەکانی ئاسایش بێلایەن بێ، بەشداری لە پاراستنی ئاسایشی هاولاّتییان بکا، ئەوانە هیچێك لەمانە رووی نەدا، ئەوانە قسە نەکەن لە دۆران چووە، هەموو شتێکیان کرد بۆ ئەوەی بەر بە حەماسەت و لایەنگرانی گۆڕانخوازان بگرن، کە هەموو چەکی دەستیان ئالاّی میللی گۆڕانە، کە بە حەماسەتەوە لە بەرامبەر تەقە و هەڕەشەی ئەوانە بەرزی ئەکەنەوە.

ئەوەش ئێمە بووین، کە بە هەموو توانای خۆمانەوە هەوڵماندا لایەنگرانی خۆمان لەم حاڵەتە ئیستبیەی ئەوان بپارێزین و ئامۆژگاریمان کردن خۆیان لە شەڕ فرۆشتن بر و بیانووەکانیان بپارێزن لەو بڕوایەوە کە ئەوەی بە دەنگی خەڵك ئەی دۆڕێنی بە تەقە و هەڕەشەکردن و خەڵك کڕین نایباتەوە. چەکی دەستی ئەوان تەقە و پارەیە چەکی دەستی ئێمەش ئیرادە و دەنگدانە.

ئامادەبووانی بەڕێز ئێمە لە کاتێکە پڕ بەدڵ سوپاسی خۆڕاگری و ئیرادەی بەهێزی ئێوە ئەکەین، داواتان لێ ئەکەم هەروا بە خوێن ساردی و هێمنیەوە بەردەوام بن، خۆتان لە هەموو ئیستیفزاز و بیانوو گرتنێکی ئەوان بپارێزن. ئەوەشتان لە بیر بێ، کە لایەنگرانی لیستەکانی تر برای ئێوەن، مەگەر هەندێ سیاسی کە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن ناچاریان کردوون هەندێ ڕەفتاری ناشایستە بەرامبەر بە ئێوە بکەن، ئەوا ئەبێ ئێوە ئارامی خۆتان بپارێزن، ئەوەتان لە بیر نەچێ هەموومان برا و کەس و کاری یەکترین، نابێ بهێڵین جارێکی تر هیچ سیاسییەکی دیکە لە دڵ خەڵکی ئێمە بکات بە دژی یەکتر یا بیانکات بە دوژمنی یەکتری. ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان دروستکردنی کەش و هەوایەکی ئازادە بۆ هەموو هاولاّتیانی کوردستان، ئازادیێك کە خەڵکی چەند بیر و ڕایەکی جیاوازیان هەبێ، هەرگیز لە یەکتری بە دوژمن و ناحەزی یەك تەماشە نەکەن. ئەبێ ئێوەی لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان پێشەنگی ئەو کولتوورە بن کە ڕق و کینە لە نێوان هاولاّتیانە ڕیشە کێش نەکا وە بۆ هەمیشە نەریت و نیازی ئەو سیاسەت و سیاسییانە لە گۆڕ ئەنێ کە ئەیانەوێ ڕق لە نێوان هاولاّتیانی کوردستانە دروستبکەن. سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان ئەبێ لە بەردەم هاولاّتیانی کوردستانە دڵفراوان و میهرەبان بین، لە بەردەم دوژمنانی کوردستانیشە سەرسەخت و پڕ ئیرادە بین. لێرەوە ڕێگەم بدەن بە ناوی خۆمان و ئێوەوە سلاّوی برایەتی و خۆشەویستی بۆ هەموو هاولاّتیانی کوردستان بە لایەنگرانی لیستە مونافسەکانیشمانەوە بنێرین و پەیامێکی بەهێزیش بۆ ئەو سیاسییەکەمانە بنێرین و پێیان بڵێین پیلانەکەتان بۆ کردنی کورد بە دوژمنی کورد سەرکەوتوو نابێ، پشت بەخوا و پشت بە میللەت و پشت بە لایەنگرانی بەرفراوانی گۆڕان نەریتی کردنی کورد بە دوژمنی کورد ئەگۆڕین بە نەریتی برایەتی کورد و کورد.

هاولاّتیانی خۆشەویست هەمووتان بە چاوی خۆتان ئەبینن ئەوانە چ چەواشەکاریتان خستووتە گەر بە هەموو ڕاگەیاندنە چەواشەکاریەکانیانەوە ئێمە وەك هێزێکی دوژمنی کورد وێنە ئەکەن، کە دەستی لەگەڵ ناحەزانی کوردستانە تێکەڵ کردووە، بەو خەیاڵە خاوە، کە بتوانن لەم ڕێگەیەوە یاری بە سۆزی خەڵکی پاکی ئێمە بکەن. پێش ماوەیەك دەیان وت ئێمە هەر بڕوامان بە برایەتی کورد و عەرەب نییە، کەچی لە ماوەی یەك مانگدا نەغمەکەیان گۆڕی، ئێستا باسی ئەوە ئەکەن کە ئێمە دەستمان تێکەڵکردووە لەگەڵ دوژمنە شۆفینیە

عەرەبەکانە، ئەمانزانین ڕەنگە ئەم درۆیانە بۆ دروستکردنی سیناریویەکی نەخوازراو بێ، بەڵام من لێرەوە ئێوە و ئەوانیش دڵنیا ئەکەمەوە بە ئیرادەیەکی قوڵاییەوە، بە حەماسەتی گۆڕانخوازییەوە ساز و ئامادەین بۆ هەر پێشهاتێك، ساز و ئامادەین نەك بە چەك و لەشکەر و سوپا، بەڵکو بە گەرووی سڵاوی ئێوە کە بە ئاڵایەکی شینەوە هاوار ئەکات ئەیگۆڕین.

گۆڕانخوازانی سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی وڵات، وەك لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەوە ڕامان گەیاند، دەیان جار دووبارەمان کردەوە، ئێمە کار ئەکەین نەوەیەکی سیاسی تازە دەربکەوێ وە ئەوە ببێتە بە درێژە پێدەری ئەو کارە باشانەی نەوەکانی پێشوو ئەنجامیانداوە و ئەو هەڵە و کەم و کوڕیانەش دووبارە نەکاتەوە کە نەوەی پێشوو تووشی بوون. هەر لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەوە بڕوایەکی پتەومان بەوە هەبوو لەناو نەوەی تازە پێگەییشتووی کوردە هێزێکی گەورە و لێهاتوو هەیە، کە ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ زۆر بە شێوەیەکی زیندووتر، کاراتر، ئازایانتر ئەبێتە داکۆکیکاری مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان. هەر لە سەرەتاوە ڕامان گەیاند ئەبێ سەردەمی پاوانکردنی سیاسەت بۆ مەکتەبی سیاسی و خزم و کەسە نزیکەکانیان کۆتایی پێبدەن، هەموو بکەینە ئەو هێزە گەورەیەی گەنج کە ئەشێ لە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکە کاری نەکردبێ، بەڵام لە هەندێك کادری دەیان ساڵەی ئەم حیزبانە زۆر ئازاتر و خوێندەوارتر و لێهاتووترە، کە حیزب هاڕیویەتی و تەواو دەستە بۆی کردووە. ئەم بەڵێنەمان بە خەڵکیدا، دەزگا ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکانی ئەوان بە درۆ هەڵخەڵەتان تومەتباریان ئەکردین، هێشتا چەند ڕۆژێك بەسەر هەڵبژاردنە تێپەڕی نەکردبوو، هێشتا پەرلەمان کارە ڕۆتینیەکانی سەرەتای دامەزراندنی تەواو نەکردبوو، هەموو ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکانی خۆیان خستە گەر، ئەیان وت کوا نەوە و سەرکردەی تازە، ئەوانەی ئێستا ئەبێ شەرم بکەن، کاتێك بە چاوی خۆیان بینیان ئەو لاو و گەنجە ئازایەنەی فراکسیۆنی گۆڕان بە چ ڕوح و جورئەت و لێزانیەکەوە بەرگریان لە مافی خەڵکی ئەکەن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن سنوور دابنرێ بۆ قسەکردن لەسەر بۆدجەی هەرێم، بینیان چۆن ئازایانە و دڵسۆزانە بۆ پەیام و بەڵێنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دژی ئەو بڕیارە نا مەعقولەی قەدەغەکردنی ڕاگەیاندنی ئازاد لە دانیشتەکانی پەرلەمانە هەڵوێستی ئازایانەیان کرد. ئێستا ئەبێ هەموو خەڵکی ئێمە دڵنیا بووبێ کە چەند ئێمە لە پەیوەندیەکانمانە ڕاستگۆ بووین، چۆن بیست و پێنج کاندیدی پڕ هەڵوێست و خوێندەوار و گەنجمان پێشکەشکردووین، کە بە ڕاستی بوون بە گەرووی هەموو گەنجێکی ئەم وڵاتە کە خەون بە جیهانێکی باشتر و ئازادانیتر و دوور لە ستەمکاریەوە ئەبینێ، ئەوە نەوە گەنج و سەرکردە گەنجەکانی گۆڕانن، ئەوەش ئەوان و بێدەنگی و قڕ و قەپویەکردنیان. ئێمە لە سەرەتاوە بڕوامان بەوە هەبوو ئەم گەلە پڕە لە بەهرەی گەورە و پشوو و ئەوەی ئەم بەهرە بەهرە و توانا و قسەکردنی شاردووتەوە، تاوانی سیاسی کۆمەڵێك کار ئەکتەری سیاسییە.

خوشك و برایانی خۆشەویست ئێمە لە سەرەتاوە بڕوامان بەوە هەبوو ئەم گەلە پڕە لە بەهرەی گەورە و پشوو و ئەوەی ئەم بەهرە بەهرە و توانا و قسەکردنی شاردووتەوە، تاوانی سیاسی کۆمەڵێك کار ئەکتەری سیاسی بۆ خۆیان و کەسە نزیکەکانی خۆیان. ئەمانزانی ئەم گەلە پڕە لەو مرۆڤە پاك و خوێندەوار و خوێن گەرمانەی لە دەرفەتێك ئەگەڕێن بۆ ئەوەی بەشداری لە بیناکردنی سیستەمێکی دیموکراتی دادپەروەرانەدا بکەن، ئەمانزانی وڵات پڕە لە هاوشێوەی ئەو بیست و پێنج کاندیدەی لیستی گۆڕان کە نە سامانی دونیا ئەکڕێن و نە بە هەڕەشە و ترساندنێك یەك زەررە لە هەڵوێستیان ئەگۆڕێن.

خوشك و برايانی خۆشەويست، هاونيشتيمانانی بەڕێز، ئێمە ئەمانزانی ئەو وێنەی ئەوان بۆ وڵات و خەڵکی کوردستانيان دروستکردووە، کە هەموو کەس بە گەندەل و هەموو بە ويژدانێ بە قابيلی کڕين و هەموو دەنوێيەکيش بە قابيلی تۆقانەن ئەزانێ، ڕاست نييە، ئەوانە کە تەنها پەيوەندييان بە خەڵکەوە لە ڕێگەی دارودەستەيەکەوە کە خۆيان گەندەليان کردوون، وا ئەزانن ئەتوانن بە پارە و سامانە زۆرەکەيان بە تفەنگ و زيندانەکانيان بە هەڕەشە و گرۆشەکانيان هەموو کەسێکی ئەم وڵاتە بێدەنگ و کوێلە و دەستەبوو بکەن. سوپاس بۆ خوا و بۆ يەك بە يەکی ئێوە کە پێتان سەلماندن، ئەوانە چەند بە هەڵە لەم گەلە ئازا و پاك و ستەملێکراوە تێگەيشتوون، چەند بە هەڵەدا چوون کە لافاو و ئيرادەی ئەو هەموو مرۆڤە مەبدەئی و پاك و پڕ ئيرادەيە نابينم کە بە دەنگی بەرز پێيان ئەڵێن نا بۆ پارە و هەڕەشە و چەکەکانتان بەڵێ بۆ گۆڕان و تازەبوونەوە.

هاوڵاتيانی بەڕێزی کوردستان هاونيشتيمانانی خۆشەويست دووبارە بەڵێنتان ئەدەينێ، ئەم جارەش کەسانێکی لەم چەشنە لە نەوەی گەنج، لە کەسانێك کە دەرفەتی هيچيان پێنەداون، بچنە ناو پەڕلەمانی عێراق و بە هەمان ئيرادە و پەرلەمانی عێراق بکەنە سەکۆی داکۆکيردنی سەر سەخت لە مافەکانتان، دڵنياتان ئەکەمەوە ئەو کانديدانە ئەبنە سەر قافيلەی بەرگری و ديفای لە ئێوە لە بەغا. ئەگەر ئەتانەوێ لەگەڵمانا ئەبن و پێکەوە دەست بخەنە ناو دەستمان بۆ ئەوەی بيسەلمێنين ئەم وڵاتە پڕە لە وزەی مرۆڤی پاك و ئازا کە قابيلی کڕين و ترساندن نين، گەر ئەتانەوێ سنوورێك بۆ پاوانی سياسی و بۆ سەرۆك و سەرکردە و خزم و ناسياوەکانيان دابنێن، دەنگ بدەن بۆ ليستی گۆڕان، ئەيگۆڕين، بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن.

**6-(گوتارا ژمارە 6)** [1]

**بە ناوی خوای گەورە و ميهرەبان**

**خوشك و برايانی خۆشەويـــــست**

**ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان باش**

ئەم کەرنەڤالی هەڵبژاردنتان پيرۆزبێ، مانگی ئازار، مانگی نەورۆز، مانگێکە لە مێژووی کوردان ئەهەميەتێکی تايبەتی هەيە، بەتايبەتی لە مێژووی نوێی گەلەکەمان، کە مانگی ڕاپەرين بووە، بەو بۆنەيەوە کە سبەينێ ڕۆژی ڕاپەرينی دەروازەی ڕاپەرينە، پيرۆزباييێکی زۆر بۆ خەڵکی ڕانيە و بيتوێن و پشدەر دەنێرم، کە ئەوان ناوچەکەی خۆيان کردە دەروازەی ڕاپەرين وە دوا بە دوای ئەم ڕاپەرينە لەوێ، لە چەندين شوێنی تری کوردستان ڕاپەرين دەستی پێکرد بە شاری هەڵەمەتی قوربانی و شاری دێرينی هەولێر و لە پاشان ئەوە بوو، کە کەرکووکی قودسی کوردستانيش ڕزگارکرا. ئەم سەرکەوتنانەی کە لە مانگی ئازارە بەدەستهاتووە، ئەهميەتی مانگی ئازار لە مێژووی گەلی کورد زياتر و بايەخدانتر دەکا، جاران هەر بە مانگی نەورۆز و بەهار ناومان دەبەن، بەڵام لەمەو دوا ناوی پيرۆزی ڕاپەرينيشی لێبرا، لە مانگی پيرۆزی ڕاپەرينە ڕووداوێکی گرنگ کەتە پێشمان، ئەويش ڕووداوی هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەهەميەتێکی تايبەتی هەيە سەبارەت بەوەی دواڕۆژی عێراق، دواڕۆژی ڕەوتی ديموکراسی لە عێراق دووبارە بڕياری ئێستا دەدرێتەوە، ئەم هەڵبژاردنە کە تێيدا جارێکی تر گەلی عێراق ئيرادەی

[1] تەلەڤزيۆنا گەلی کوردستان، کەنالێ دهۆك، 4/3/ 2010.

خۆی دەردەخاتەوە دەربارەی ئەوەی کە ئایا عێراقێکی دیموکرات و فیدڕاڵ دەمێنێ، بەرەو پێش دەچێ یان ناحەزان دەیانەوێ کۆسپی بۆ بهێننە ڕێ وە تەگەرەی بۆ دروستبکەن. بۆیە ئەمجارە ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازە، بێگومان هەر چ کارێکیش لە بەغدا ڕووبدا، کاری خۆی دەکاتە سەر کوردستانەکەی ئێمەش، چونکە کوردستانی ئێمەش بەشێکە لە عێراقی فیدڕاڵی دیموکراتی یەکگرتوو، جا بۆیە پێویستە هەموومان بەو گوڕ و جۆشەی کە تا ئێستا نیشانتانداوە، کە مایەی سەربەرزی و تەقدیر و پێزانین و سەروەرییە، بەو گیانە شۆڕشگێڕانەوە، بەو گیانە پێشمەرگانەوە، بەو گیانەی یەکێتیانەوە بچین بەرەو سندۆقەکانی سەرکەوتن. بێگومان بەو گیانە درێژەدان بە خەبات بەوە دەبێ، کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنە هەموومان لەسەر سندۆقەکان ئامادە بین وە دەنگی خۆمان بدەینە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە لیستی پارێزەری دەستکەوتەکانمانە، من دەمەوێ لێرە نەختێك لەسەر ئەوە بدوێم بۆچی دەبێ دەنگ بدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان؟ لەبەر ئەوە نییە، کە ئێمە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشێکی گرنگین لەم هاوپەیمانییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هەر ئەم هاوپەیمانییە دەتوانێ لە بەغدا مافەکانی گەلی کورد بپارێزێ وە داکۆکیان لێبکا وە ئەوەیە تا ئێستا بەدەستمان نەهێناوە بەدەستیشی بێنین. سەبارەت بەوەی کە ئەگەر هاوپەیمانی کوردستان ئەو کاندیدە باشانەی کە کاندیدکراون هەڵبژێردرێن، ئەوە قورساییەکی تر دەخەنە پەرلەمانی عێراقەوە، وە سەبارەت بەوەی کە هاوپەیمانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ هێزە سەرەکییەکانی عێراق دەستەبەری بەدیهێنانی ئامانجەکانمانە، خۆمان بە تەنیا چەند ژمارەمان زۆر بێ، ناتوانین ئامانجەکانی خۆمان لە پەرلەمانی عێراق بسەپێنین، ئەگەر هاوکاری و هاوپەیمانیمان نەبێ لەگەڵ ئەم هێزانەی کە بە درێژایی مێژوو هاوپەیمان بوونە وە لەگەڵ ئەم هێزانەی کە ئێستاش هاوپەیمانمانن. هاوپەیمانی کوردستان دۆستایەتیێکی زۆری هەیە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق و لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکان و لە گەلەڵ هێزەکانی نیشتیمانی لە عێراق وە ئەو هاوپەیمانییەی ئەو دۆستایەتییەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هاوپەیمانی کوردستان توانیویانە دروستی بکەن لە بەغدا، دەستەبەری دانانی مافەکانمان بوو لە دەستووری عێراق وە دستەبەری بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەشمانە، کە هەتا ئێستا بەدی نەهاتوونە، چ هێزیکی تر چ لیستێکی تر ناتوانێ ئەو قورساییەی هەبێ لە پەرلەمانی عێراق وەناتوانێ ئەو هاوپەیمانییە و دۆستایەتیەی هەبێ لەگەڵ هێزەکانی تری عێراقی وە بە واتەیەکی تر ناتوانێ ئامانج و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان و عێراق بپارێزێ، هاوپەیمانی کوردستان، دیسان وەك هەمیشە وەك لە ساڵانی ڕابردوو دەتوانێ دەورەکی گرنگ ببینێ لە پاراستنی دیموکراسی بۆ عێراق، ئێمە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا بە درێژایی مێژوو دروشمی یەکەممان دیموکراسی بووە بۆ عێراق دوا بە دوای ئەو ئینجا گووتومانە سەردەمێك ئۆتۆنۆمی، دوایی فیدڕاڵ بۆ خەڵکی کوردستان، بوویە پاراستنی دیموکراسی لە عێراق، ئەهەمیەتێکی گەورەی هەیە وە پاراستنی دیموکراسی لە عێراق بە هاوکاری هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی خۆی دەبێ، کە بە درێژایی مێژوو هاوپەیمان و دۆست و هاوکار و هەماهەنگ بوونە. ئەم هاوپەیمانییەی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی تری عێراق پشتیوانی گەلەکەمانن، کە مافەکانی گەلەکەمان دەسەلمێنن ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە وە سەرکەوتنێکی گەورەیە، بۆیە پێویستە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەم ڕاستییە ئاگادار بکرێنەوە، دەنگی خۆیان بە فیرۆ نەدەن، بەڵکو بیدەن بە هاوپەیمانی کوردستان، هەر بە هاوپەیمانی کوردستان دەکرێ کە ئەو مافانەی بەدەستمان هێناوە

بپارێزین وە ئەوەی هەتا ئێستاش نەهاتووتە دی، بیهێنینە دی، بە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، لە سەرووی هەموویانەوە کەرکووکی خۆشەویستی قودسی کوردستان. هاوپەیمانیکردن یان چاوبڕکێکردن لەگەڵ هێزەکانی کە ناحەزی گەلی کوردستانن، ئەوانەی کە پێیان وایە کەرکووك عەرەبستانە، هەولێر تورکمانە، بادینان مەسیحییە، تەنها سلێمانی کوردی لێیە، هاوکاری لەگەڵ ئەم جۆرە هێزانە بەرەو خیانەتی نیشتیمانی دەمان با، بۆیە پێویستە هەموو جۆرە هاوکاریەك لەگەڵ ئەم هێزانە رەتبکرێتەوە، وە ئەم هێزانە بە برا و دۆست بزانرین کە مافەکانمان دەسەلمێنن، کە هاوخەباتمان بوونە لە مێژوو کە لە ژێر زەمانی حوکمی دیکتاتوریدا دۆستمان بوونە وە لەو کوردستانە شان بە شانی ئێمە خەباتیان کردووە و خوێنیان ڕێشتووە. ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا بە دڵنیاییەکی زۆرەوە ئەچینە سەر سندوقی هەڵبژاردن بەو جۆش و خرۆشەی کە کۆمەلانی خەڵك نیشانی دەدەن، ئەو جۆش و خرۆشەی برادەرانی خوشکانی هاوپەیمانی نیشانی دەدەن، نیشانەیەکی ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان دۆزیوەتەوە وە دەنگ بۆ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان دەدەن. دیارە هاوپەیمانی کوردستان زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی کۆکردووتەوە وە پێکەوەمان هەموومان ئەو ئامانجەی لە پێناویە خەباتمان کردووە وە ئەو ئەرکەی لە ئەستومان بووە دەبیەینە سەر ئەرکی پاراستنی مافەکانمان، ئەرکی دابینکردنی ئەو هەقانەی، کە تا ئێستا لێمان زەوتکراوە و وەرماننەگرتووتەوە. جا مادەم ئەو ڕاستییە ڕوون و ئاشکرایە کارهێزی هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێ هاوپەیمانی گەورە و بەهێز پەیداکا لە بەغدا وە هەر هێزی هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێ بە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم هێزانە مافەکانی کورد بپارێزێ وە ئەوەی بە دی نەهاتووە بیهێنێتە دی، بۆیە هیچ ڕێیەك لە پێش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نییە ئیللا ئەم ڕاستییە تا دەنگ بدەن بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان. بێگومان هاوپەیمانی کوردستان وەك هەمیشە خزمەتکاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ، هاوپەیمانی کوردستان هەمیشە لە پێناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا خەبات دەکا بۆ هێنانە دی ئاواتەکانیان تێدەکۆشێ وە هەمیشە لە پێناوی ئامانجە نزیك و دوورەکانیدا خەبات دەکا، ئامانجی دوورمان پاراستنی عێراقی دیموکراتی فیدڕاڵ، گەڕاندنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان، هێنانەوەی ئەو ناوچانەی کە دابڕاون لە کوردستان وە هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ڕاست بکرێن. پێویستە ئەم ڕاستیە بزانین کە بە بێ ئەوەی لە بەغدا حوکمێکی دیموکراتی فیدڕالی پێشکەوتن بێتە کایەوە، بەدێهێنانی ئامانجەکانمان هەتا لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە بە ئاسانی مومکین نییە، عێراق ولاتێکی دەوڵەمەندە، عێراق ولاتێکی بەتوانایە، ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی دیموکراتی حوکم بکرێ ئەوە دەتوانێ بکرێتە بەهەشتی سەر زەمین وە کوردستانیش خێر و بێرێکی زۆری لێببینێ. بێگومان ئێوە هەمووتان ئاگا لە بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان هەیە، بێجگە لە ئامانجە سەرەکییەکان ئامانجە نەتەوایەتییەکان، ئامانجە دیموکراتییەکان، ئامانجە نیشتیمانییەکان، ئامانجەکانی تری کۆمەڵانی خەلکیشی لە خۆیدا گرتووە، بەتایبەتی خزمەتکردنی گەنجان و ژنان وە پێشخستنی گەنجان و ژنان کە یەکێکە لە شیعارەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. پێویستە هەر وەکو لە کوردستان کراوە ئیهتیمامێکی زۆر بە خوێندنگا و بە زانکۆ و بەپێشخستنی عیلم و زانیاری بکرێ، لەم سەردەمەدا عیلم زۆر زۆر موهیمە، عیلم هۆیێکی گەورەی پێشکەوتنی گەلانە، عیلم هۆیێکی گەورەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی سیاسی، فەرهەنگی، ئیقتیسادی، زیراعی هەموو ولاتانە، بۆیە ئێمەش لە کوردستان دەبێ ئیهتیمامێکی زۆر بدەین، هەر وەکو لە بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان هاتووە

به عیلم و به پێشکوتن و به زانیاری. ڕاستە ئێمە لە کوردستان دەستکەوتی گەورەمان بەدیتهێناوە، بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە ئاواتەکانمان بهێنینە دی وە هێشتا زۆرمان ماوە بتوانین ئاواتەکانی تریشمان جێبەجێبکەین، ئێمە ناتوانین ئەم ڕاستیە بشارێنەوە کە وڵاتێکی کاوڵمان بوو، بەجێ مابوو وە وڵاتەکەمان ژێرخانی کۆمەڵایەتی نەبوو، ژێرخانی ئابووری نەبوو، بەڵام لە باوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆر کاری باش کراوە، بەڵام هێشتا زۆر کاری باشیش ماوە دەبێ بیکەین، بۆیە نابێ وا تێبگەین ئیشەکانمان تەواوبووە، ئەرکەکانمان هەموو بەدیهێناوە، بەڵکو دەبێ خەبات بکەین بۆ ئەوەی هەموو ئەرکەکانی کە لە ئەستوومانە بەچاکی بیان هێنینە دی. خوشك و برایانی خۆشەویست پێویستە ئەم ڕاستییە بزانین، کە لە وڵاتی ئێمە جیلێکی نوێ پێگەیشتووە کە شۆڕشی نەدیوە لە نەوەتەوە لە ڕاپەرینەوە تا ئێستا بیست ساڵ تێدەپەڕێ، چەند لە ساڵێکی دواتر حساب بکەن، جیلێك هەیە کە لە کوردستانی خۆمان پێگەیشتووە و شۆڕشی نەدیوە، بۆیە نابێ ئێمە هەر لەسەر سەروەرییەکانی شۆڕش لەسەر چەپکە گوڵی سەروەرییەکان خەومان لێبکەوێ وە ئەم ڕاستییانە لە میللەت نەگەیێنین کە ئەمڕۆ بەری دوێنێیە وە ئەو ئازادی و دەستکەوتانەی هەمانە بەری خوێنی شەهیدە نەمرەکانە، بەری خەبات و هەڵمەتی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانە، بۆیە خەڵکی کوردستان پێویستە همیشە ئاگادار بکرێتەوە لەو سەرکەوتن و لەو دەستکەوتانەی کە لە شۆڕشەکاندا بەدەستهاتووە وە لەو ئەرك و ئامانجانەی کە لە ئەستوومانە ئێستا، نابێ وا تێبگەین هەموو شتێك تەواو بووە هەتا ئەو دەستکەوتانەی هەمانە هێشتا دەڵەمەیە، پێویستە هەوڵبدەین بۆ چەسپاندنیان، هەروەها پێویستە خەبات بکەین لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا بۆ بەدیهێنانی ماددەی (140)ی دەستووری عێراقی، کە پەیوەندی بە کەرکووکی خۆشەویست و شوێنە دابڕاوەکانی ترەوە هەیە، من کە دەڵێم کەرکوك ناوچەکانی ترم لە بیرە، لە شەنگالەوە لە بیرمە، هەتا خانەقین هیچ ناوچەیەکم لە بیر نەچووە بەڵام کەرکوك بووتە ڕەمزی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان، بۆیە ئێمە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە وە ڕەنگە ئەم جارە باشتر بتوانین بۆ بەدیهێنانی ماددە (140) کاربکەین، پێشتر چەند کۆسپێك هەبوو لە پێش ماددەی (140) پێموایە ئەمجارە نامێنێ ئەو کۆسپانە نامێنن وە دەکرێ ئێمە بتوانین زووتر پەلە بکەین لە بەدیهێنانی ماددەی (140) وە بە تایبەتی هەندێ لە هاوپەیمانە گەورەکانمان لە بەغدا باوەڕیان بە ماددەی (140)ی دەستوور هێناوە وە ئامادەنە لەگەڵمان هاوکاری بکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ماددەیە، دیارە ئەو ماددەیە بەدیهێنانی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشور، ئێمە لە خەباتماندا لە پێناوی مافەکانی گەلی کورد، برا تورکمانەکانمان لە بیر ناچێ، برا کلد و ئاشوریەکانمان لە بیر ناچێ، بەڵکو دەمانەوێ ئەوانیش بچنە ناو چوارچێوەی عێراقدا وە بچنە ناو چوارچێوەی کوردستاندا بە مافە ڕەواکانی خۆیان شادبن وە ئامانجەکانیان ئێمە خەباتی بۆ بکەین بۆ ئەوەی بێتە دی. من دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو هەڤاڵانە بکەم کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارە بەشداریان کردووە، هەر لە کاندیدەکانەوە کە جوامێرانە و هۆشیارانە چوونەتە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئامانجەکانی خۆیانیان بۆیان ڕوون کردوونەتەوە و داوایان لێکردوونە کە متمانەیان پێبدەنێ تا سەرئەندام و کادر و لایەنگرانی یەکێتی وە هی هەموو هێزەکانی ناو هاوپەیمانی کوردستان، دەمەوێ سوپاسێکی تایبەتی کادر و ئەندامانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکەم کە بەو هەڵمەت و جۆش و خرۆشەی نیشانیاندا، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێزەکی گەورەی جەماهیری لەبن نەهاتووە، سەفین لە بن دێ و یەکێتە لە بن نایێ. خەونی داگیرکەران بۆ لەناوبردنی یەکێتی لەگەڵ خۆیان بردیانە گۆڕ،

خەونی ناحەزانی کوردیش خەونی ناحەزانی یەکێتیش بۆ نەهێشتنی یەکێتی و لەناو بردنی ئەوانیش لەگەڵ خۆیان دەیبەنە گۆڕ. دەمەوێ سوپاسێکی تایبەتی بنێرم بۆ خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان بۆ خەڵکی کەرکووك و شەنگال و خانەقین و مەخموور و هەموو شوێنەکانی تر کە بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە هاتوونەتە کۆڕی خەبات، کۆڕی خەباتی پەڕلەمانی، کۆڕی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکانی خۆیان وە بۆ ئەوەی جارێکی تر بۆ دونیا بیسەلمێننەوە، کە ئەم ناوچانە کوردستانە وە بە زۆری زۆردار لە کوردستان دابڕاون. تکاشم وایە لێیان هەموویان بەو جۆش و خرۆشەی ئێستا هاتوونەتە کایە بە هەمان جۆش و خرۆش ڕۆژی هەڵبژاردن بچنە سەر سندوقەکان وە دەنگی خۆیان بدەنە ئەو کاندیدانەی کە پارێزەری مافەکانیان دەبن، کە ڕۆڵەی خۆیانن کە لە ناو دەرگای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هاتوونەتە دەر. پێم خۆشە شتێکی تر بڵێم ڕووم بکەمە ئەندامان و کاندیدەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بەو جۆش و خرۆشەی ئێستاوە هەڵمەت برن بەرەو کونگرێسی داهاتووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەو جۆش و خرۆشەوە خەبات بکەن بۆ ئەوەی کونگرێسی داهاتووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کونگرێسی پتەوکردن و چەسپاندنی یەکێتی، ناو یەکێتی بێ، هەڵبژاردنی سەرکردایەتی شایستەی یەکێتی بێ، خوێنێکی نوێ بخرێتە لەشی یەکێتی وە ئەمجارە ژنان، گەنجان سەربخرێن بەرەو سەرکردایەتی. خوشك و برایانی خۆشەویست ئێمە دەبێ شانازی بە هاوپەیمانی کوردستانەوە بکەین وە ئەو هاوپەیمانیەی کە ئێستا دروستمان کردووە بۆ هەڵبژاردن بیهێڵینەوە، گەشەی پێبدەین، پەرەی پێبدەین وە بیکینە بناغەی هاوپەیمانیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا، هەم لە حوکمڕانی کوردستانی خۆمانداوە، هەم لە حوکمڕانی عێراقدا، هاوکار و هاوتەبا و برا بین لەگەڵیان نەك هەر دوو هێزە گەورەکە، بەڵکو هەموو هێزەکانی تریش ئەبێ هاوبەش بن، هاوکار بن لە حوکمڕانی کوردستان و عێراقدا. ئێمە بە چاوی ئیحتیرامەوە، بە چاوی ڕێز و تەقدیرەوە دەنورینە هەموو ئەو هێزانەی کە بەشدارن لە هاوپەیمانی کوردستان، حیسابی ژمارەی ئەندام و وەزنی جەماهیریان بۆ ناکەین، حیسابی دڵسۆزی و ڕێبازی ڕاست و هەڵبژاردنی درووشمی چاك و برایەتی و تەباییان بۆ دەکەین. بۆیە سڵاوی گەرم لەم کۆبوونەوە دەنێرم بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کەسانی تری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، کەسانی تری دەرەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، پێویستە ئەم ڕاستییە بڵێم ئێمە دوژمنایەتی هیچ کەسێکمان پێ خۆش نییە، بەڵام شیعاری ئێمە: (نصادق من يصادقنا ونعادي من يعادينا)، هەر کەسێك دۆستایەتیمان بکات، ئامادەین دۆستایەتی بکەین، هەر وەکو دۆستایەتی ئستراتیجیمان لە بەینی دوو هێزە سەرەکییەکە دروستکردووە، ئامادەین هاوکاری بکەین لەگەڵ هەر کەسێك بیەوێ هاوکاریمان بکات، دۆستایەتی بکەین لەگەڵ هەر کەسێك بیەوێ دۆستایەتیمان بکات، هەر کەسێکیش دوژمنایەتیمان بکات ئەوا سەری خۆی دەدا لە تاشە بەردەکانی کێوەکانی کوردستان، ئەوانەی دەیانەوێ دۆستایەتیمان بکەن دەرگەی یەکێتی کراوەیە، ئەوانەی دەیانەوێش دوژمنایەتیمان بکەن، پێویستە پەند لە تاریخ هەڵگرن، هێزی گەورەی وەکو دیکتاتۆرییەت ڕۆخا و خۆی نەگرت لەبەر زەبری خەبات، کە یەکێتی هێزێکی گرنگی بوو، هێزی تر کە بیانەوێ یەکێتی لەناوبەرن ئەنجامەکەی ئەوەیە خۆیان لەناو دەبەن.

خوشك و برایانی خۆشەویست هیوادارم ئەو جۆش و خرۆشەی ئێستا سارد نەبێتەوە، ئەو جۆش و خرۆشەی ئێستا دەینوێنین درێژەی هەبێ هەتا دەگەینە هەموو ئامانجەکانمان، ئەو جۆش و خرۆشە دەبێ درێژەی هەبێ هەتا ئێمە لە هەڵبژاردندا نوێنەرە ڕاستەقینەکانی خۆمان دەنێرین بۆ بەغدا وە لەپاش ئەوانە ئێمە

هەوڵدەدەین بۆ سەرخستنی کونگرێس وە پاشان خۆمان ئامادەکەین بۆ هەڵبژاردنەکانی تر. کاندیدەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕۆڵەی خۆتانن لە ناو کۆڕەی خەباتی ئێوەوە هاوتەنەتە دەرێ، خۆتان سەرپشکن لەوەی هەڵیان بژێرن بۆ پەرلەمان، بەڵام هەرە باشەکانیان هیوادارم بنێرن بۆ پەرلەمانی بەغدا بۆ ئەوەی لەوێ بتوانن دیفاعتان لێبکەن و بتوانن پارێزگاری مافەکانتان بن، هەرچەندە کاندیدەکان هەموویان باشن، هەموویان تێکۆشەرن، هەموویان کوڵ نەدەرن بەڵام بەداخەوە ژمارەی پاڵێوراوەکان زۆرترە لە ژمارەی کورسییەکانی کە بۆمان دانراوە لە پەرلەمان. ئەم جیاوازییە لە بەینی ژمارەی کورسییەکان و ژمارەی کاندیدەکان لەبەر ئەوەیە کە ڕێز لە ڕەئی و ئارەزوو و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگیرێ وە مەجال بدرێ بە مونافەسەیەکی سەربەستانەی ڕێزدارانەی دیموکراتی لە بەینی ڕۆڵەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە ڕاستی ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان لە ڕۆڵەکان هەیە کە شایستەی هەموو جۆرە پۆست و پەرلەمان و حکومەتن بەڵام ژمارەی پۆستەکان و ژمارەی وەزارەتەکان بەشی ئەو هەمووانە ناکا بۆیە ئیختیارەکە دەدەینە دەست کۆمەڵانی خەڵك، خۆیان کێیان پێ باشە هەڵیبژێرن وە هیوادارم لە ئیختیارەکەدا سەرکەوتوو بن، من پێموایە دەبێ ئەم ڕاستییە بزانین کە لەم هەڵبژاردنەدا ئەم هەڵبژاردنەی کە لە کوردستان دەکرێ حەقە هیچ کەسێك خۆی بە دۆڕاو نەزانێ، حەقە هیچ لایەنێك خۆی بە دۆڕاو نەزانێ، بەڵکو هەموومان ئیحتیرامی ڕەئی و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگرین، کاندیدەکانمان ئەوانەی ئەمجارە نانێردرێنە پەرلەمانی عێراق خۆیان ئامادەکەن بۆ جاری داهاتوو، هیچ کەسێك نە شڵەژێ بێئومێد نەبێ، بەڵکو ئاوات و ئاواتی هەموومان ئەوەیە کە بەو جۆش و خرۆشەوە درێژە بدەین بە خەبات، هیوادارم کە هاوپەیمانیەتی بەهێز بێ و پتەو بێ وە لەو تاقیکردنەوەشە دەرچێ تاقیکردنەوەی کە ئەمجارە لەپێشمانە نەك هەر ئەوەی کە سەرکەوتن بەدەست بێنێ لە هەڵبژاردنەکان بەڵکو دەنگێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بهێنێ وە بیسەلمێنێ بۆ دونیا وە بە تایبەتی بۆ براکانمان لە عێراق کە هاوپەیمانی کوردستان نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە وە داواکارییەکانە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بۆیە پێویستی ڕێزیان لێبگیرێ و جێبەجێبکرێ. هیوادارم ئەو هەڵبژاردنە کە لە کوردستان دەکرێ بە شێوەیەکی نموونەیی بەڕێوە بچێ، بە خۆشی بە ئاشتی بە هێمنی بچێتە سەر، داوام وایە لە هەڤاڵان و ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەتایبەتی وە هەموو لایەنگر و ئەندامان و پشتیوانانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە گشتی، کە هەوڵدەن ئارامی و ئاشتی و برایەتی بپارێزن لەم هەڵبژاردنەدا وە بە ڕوحێکی ڕیازییەوە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکە وە ماوەی هیچ جۆرە ئاژاوە نەدەن. پێم باشە کە هەموو کاندیدەکانیش سارد نەبنەوە لە خەبات هەتا ڕۆژی خۆی، سارد نەبنەوە ئەگەر هاتوو هەندێکیان دەرچوون و هەندێکیان دەرنەچوون، دەرنەچووەکان پیرۆزبایی لە دەرچووەکان بکەن و دەرچووەکان سوپاسی دەرنەچووەکان بکەن وە هاوکار بن لەگەڵ یەك بۆ دواڕۆژ بۆ ئەوەی پێکەوە لە موستەقبەلە هاوکاری و هەماهەنگی هەبێ لە بەینییاندا، لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا. ئەو پەرلەمانی داهاتووی عێراق هیوادارم کە پەرلەمانێکی ئەوتۆ بێ کە تەییدە مافەکانی گەلی عێراق هەمووی وە مافەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بێتە دی، هیوادارم لەو پەرلەمانە حکومەتێکی ئەوتۆ دابمەزرێ کە بتوانێ ئامانجەکانی گەلی عێراق بهێنێتە دی و بەرەبەرکانێی ئیرهاب و تیرۆریزم بیکا وە نەهێڵێ کۆنەپەرستەکان ئەوانەی کە خەون دەبینن بە گەڕانەوی ڕژێمی دیکتاتۆری سەرهەڵدەن وە بهێنە کایەوە بەڵکو

به هەموو هێز و توانایەکیانەوە بچن بە گژیاندا وە هەموومان پێکەوە عێراقی فیدڕاڵی دیموکراتی یەکگرتوو بپارێزین.

خوشك و برایانی خۆشەویست هەڵبژاردنی ئەمجارەمان هیواردارم کە هەڵبژاردنێك بێ، کە تێیدا ببێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجەکانی داهاتوومان، هیوادارم لە هەڵبژاردنی داهاتوودا باسی ئەوە نەکەین کە چیتر ناوچەکان دێنەوە، بەڵکو هاتبنەوە سەر کوردستان، ناوچە دابڕاوەکان، باس ئەوە نەکەین کە مافەکانمان لە ڕووی نەوت و هێزی پێشمەرگە و ئەوانەوە بێتە دی، بەڵکو باسی گەشەپێدانی ئەو ئامانجانە بکەین، وە من دڵنیام لە هاوکاری هێزە دۆستەکانمان لە بەغدا لەناو هێزەکانی عەرەبی کە هاوپەیمان بوونە لەگەڵمان لە ڕۆژەکانی ڕەش وەها وخەبات بوونە لە پێشوو لەگەڵمان وە ئێستا هاوکار و هاوپەیمانمانن بتوانین هەموو ئامانجەکان بهێنینە دی.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن بەرەو ئەوەی کە هەموومان لە ڕۆژی دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردن مەوجوود بین، هەموومان دەنگبدەین بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هەموومان ئامادەبین پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بکەین، سەرکەوتن بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و بژی عێراقی دیموکراتی فیدڕاڵی یەکگرتووی سەربەخۆ.

## 7-(گوتارا ژمارە 7) [1]

### هاونیشتیمانانی بەڕێز

ئەی هەموو ئەوانەی کە لەم هەڵبژاردنە مافی دەنگدانتان هەیە، چ ئەوانەی لە کوردستانن، چ ئەوانەی لە عێراقن، چ ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن، ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە لە مێژووی سیاسی عێراقە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە لە مێژووی سیاسی کوردستانی عێراقە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە لە مێژووی سیاسی کورددا. بەم بۆنەوەیەوە، من پیرۆزبایی لە میللەتەکەمان ئەکەم، کە ئەمە جاری دووهەمە لە ماوەی ساڵ و نیوێکی ڕابردووە، دوو جار بچێتە بەردەمی سنوقی دەنگدان، بۆی دەست بخاتە سەر ویژدانی خۆی و هەوڵبدات دەنگبدات بەو کەسانەی کە ئەزانێ نوێنەرایەتی ئەوە ئەکەن لە دەزگا هەڵبژێردراوەکان. ئێمە لە 25 / 7 دا قۆناغی یەکەمی کارەکەمان بڕی وە سەرەتای جوڵانەوەیەکی سیاسی گەورە و جەماوەریمان لە کوردستانی عێراقە دەستپێکرد، بۆ ئێمە هەموومان جێگەی سەربەرزییە، کە ئەبینم فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانە چ دەورێکی کاریگەری هەیە لە چاودێریکردنی حکومەت و کارەکانی حکومەت و لە سەردانکردنی خەڵك و لە گوێزانەوەی هەموو ناخۆشییەکانی خەڵك بۆ ناو قاعەی پەرلەمان و بۆ ئەوەی کە بەرنامەی بۆ دابنێین و بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێت.

ئێمە ئومێدێکی گەورەمان هەیە ئەمجارە لەم هەڵبژاردنە پێگەی بزووتنەوەی گۆڕان لە سەرتاسەری عێراقە بەقووەت بکەین و لە پەرلەمانی عێراقە بەقووەتی بکەین، ئەو بیر و بۆچوونە سیاسییانەی کە هەمانە بۆ گۆڕینی وەزعی سیاسی و وەزعی ئابووری و وەزعی ڕۆشنبیری و وەزعی قانوونی و وەزعی کۆمەڵایەتی کوردستانی عێراق و هەروەها عێراق بیبەینە ناو پەرلەمانی عێراقی و لەوا فراکسیۆنەکەمان بتوانێ دەورێکی گرنگ و کاریگەر کە ئەگەر لەمەی کوردستان زیاتر نەبێت لەمە کەمتر نەبێت، بتوانێ جێگەی متمانەی ئومێدی میللەتەکەمان بێ چ لە کوردستان و چ لە عێراقە. ئێمە دوو بەرنامەمان هەیە، بەرنامەیەکیان بریتییە لەو مانیفێستە سیاسییەی کە

---

[1] ئەڤ گوتارە ل 2010هاتییەگوتن، ژ مالپەرێ: www.youtube. com

لیستی گۆڕان بلاَوی ئەکاتەوە. یەکێکی تریشیان نەخشەی کارە بۆ چوار ساڵی داهاتوو، کە لە پەرلەمانی عێراقە ئەبێ چی بکەن؟ چی نەکەن؟ بەم بۆنەیەوە من لە پێش هەمووەوە و بە ناوی ئێوە سوپاسی ئەو کەسانە ئەکەم کە ئەو تەحەددا گەورەیان قبوڵ کردووە لەم هەلومەرجە سیاسییەی کوردستانی عێراق و عێراقە قبوڵیان کردووە بێن بە ناوی نوێنەرایەتی میللەتەکەمانەوە بێنە ناو لیستی گۆڕانەوە وە قبوڵی ئەوەیان کردووە ڕوو بە ڕووی ئەو لایەنە سیاسیانە ببنەوە کە موناقەسەمان ئەکەن بە ڕێگەیەکی نا دیموکراتی وە ئەمە سەرەتایەکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کە میللەتەکەمان فێری ژیانی موعارەزە ببێت. من ئومێدم وایە لەسەر دەستی ئەم برادەرانە، لەسەر دەستی ئەم خوشکانە، کە لەم قۆناغە ئێمە هەڵیان ئەبژێرین بە نوێنەرایەتی میللەتەکەمان کە بچن بۆ بەغا، جێگەی متمانەی ئێمە بن، جێگەی باوەڕی ئێمە بن، ئومێدم وایە کە میللەتەکەمان باوەڕیەکی زۆریان پێبدەن، ئێمە لە هەشت موحافەزەی عێراقە لەوانە بەغا، نەینەوا، دهۆك، کەرکوك، سەلاحەددین، دیالا، سلێمانی، هەولێر، لەمانە لە هەمووی هەوڵماندوە هەڵبژاردەکانی میللەتەکەمان بهێنینە ناو لیستەکەوە کە کەسانی پسپۆڕی تیایە لە بواری جیاجیای قانوون و پزیشکی و کشتوکاڵ و نەوت و هەموو بوارەکانی تری ژیان وە هەموو ئەوانە بە لای ئێمەوە و پێشم وایە لە لایەی میللەتەکەمان شایستەی ئەوەن کە بچنە ناو پەرلەمانی عێراقی و بۆ ئەوەی دیفاع لە حقووقی میللەتەکەمان بکەن و دیفاع لە حقووقە دەستوورییەکانی ئێمە بکەن ئێمە ئومێدمان وایە کتلەکەی ئێمە لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقە ئەوان ببن بە پارێزەر و داکۆکیکەر لەسەر مافە دەستوورییەکانی میللەتەکەمان وە خەڵکی تر بێن داوای ئەوە بکەن، کە لە مەوقیفانەی کە ئێمە هەمانە و لەو بیر و بۆچوونانەی کە هەمانە پشتیوانیمان بکەن، نەك خەڵکی تر چاوەڕێ بکات، کە ئێمە پشتیوانی بکەین، چونکە ئێمە ئەمانەوێ ئێمە ببین بە محامی حقووقی میللەتەکەمان لە بەغا، ئێمە ئەمانەوێ ئەو بۆشاییەی کە لە چەند ساڵی ڕابردووە پڕنەکراوەتەوە، پڕی بکەینەوە و ئەو ناکۆکییانەی کە لەسەر ناوچە دابڕاوەکان، لەسەر مەسەلەی پێشمەرگە، لەسەر مەسەلەی عقودی نەوت، لەسەر مەسەلەی میزانییە، لەسەر مەسەلەی نوێنەرایەتی کورد لە وەزارەتی خارجییە، لەسەر مەسەلەی پاسەوانی سنوور، لەسەر مەسەلەی پشکی کورد لە مەسەلەی بودجە و ئەو جۆرە شتانە، ئومێدمان وایە لەسەر دەستی ئەم هاوڕێ خۆشەویستانەی ئێمە، کە هەموو بە گەرمی و بە بیر و بۆچوونێکی زۆر ڕۆشن و بەو ڕەچاوێکی ڕۆشنەوە ئەچن لە ناو پەرلەمانی عێراقییەوە جێبەجێببێ

لە کۆتاییە جارێکی دی داوا لە هەموو هاوڵاتییانی وڵاتەکەمان ئەکەین، داوا لە هەموو ئەو کەسانە ئەکەین کە مافی دەنگدانیان هەیە لە ڕۆژی هەڵبژاردنە بڕۆن بۆ سەر دەنگدان، لە ڕۆژی هەڵبژاردنە دەست بخەنە سەر ویژدانی خۆیان، لە ڕۆژی هەڵبژاردنە دەنگبدەن بە لیستی گۆڕان.

## 8-(گوتارا ژمارە 8) [1]

**بسم الله الرحمن الرحيم**

﴿**إن أريد إلا الإصلاح ما استطعت وما توفيقي إلا بالله عليه توكلت وإليه أنيب**﴾ صدق الله العظيم

جەماوەری دلگەرم و تینووی ئازادی، ئەی خەڵکی بێزار لە ناعەدالەتی و گەندەڵی، ئەی خەڵکی شەکەتبوو لە توندڕەوی و شەڕی لا بە لا، پیرانی دونیا دیدە،دایکانی بەسۆز، ژنانی ماندووی نیشتیمان، گەنجانی خوێن

---

[1] ئەڤ گوتارە ل 2010هاتییەگوتن، ژ مالپەرێ:www.youtube. com

گەرم، سەرجەم چین و توێژە ماف خوراوەکانی کوردستان، دۆستان و لایەنگران و عاشقانی ڕێبازی ئیسلاح، هەوادارنی لیستی (315)ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەی پشتیوانانی یەکەم موعارەزەی سەرتاسەری لە زاخۆ هەتا کفری، یەکگرتووەکان، چاونەترس و بوێر و سەربڵندەکان، ڕشە شکێنەکانی مەدەنیەت و چەسپاندنی فرە ڕەنگی و فرە لیستی، ئەی خۆنەویستە خوا ویستە، حەق بێژەکان، ئێوە بوون، ئێوە بوون تەعین نەکران و خزمەتتان کرد، فەسڵ کران و نەوەستان، زیندانیکران و نەترسان، سەهوڵ لە پشتتان بەسترا، چوکتان دانەدا، ئێوە بوون، بارەگاتان سوتێنران و بە خایین کران، بۆ یەك ساتیش پشتتان لە نیشتیمان نەکرد، تەنانەت شەهیدتان دا، ڕەوتی میانڕەویتان تێکنەدا.

هاولاتیانی خۆشەویستی کوردستان، وەك دەزانین چەند سەعاتێکمان ماوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چەند سەعاتێکی تر، هاولاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق بڕیاری خۆیان لەسەر دەستنیشانکردنی چارەنووسی داهاتوویان ئەدەن، بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکەنە خاڵی وەرچەرخان لە دەسەلات و لە داهاتووی کوردستان و عێراقدا، ڕۆژی هەڵبژاردن ڕۆژی پاداشتدانەوە و دەستخۆشییە لە کاندیدەکانی یەکگرتوو، کە بە ئەمانەتەوەوە وەفادار بوون بەرامبەر متمانەی هاولاتییان و پابەندبوون بە بەڵێنەکانیانەوە، هەروەك ڕۆژی تۆڵەکردنەوەیە لەو کەسانەی کە دەنگ بۆ نوێنەرایەتی گەلیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و حزبیان ئیستیغلال کرد.ڕۆژی 7 / 3 هەموو لایەکمان لەبەر دەم کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیاریەتی مێژوویی و نەتەوەیی و شەرعیدا دەوەستێنێت بۆ ئەوەی بەڵێن بۆ دلسۆز و خەمخۆر و چاکسازان بکەین، دەنگدەرانی هێژا، بە دڵێکی پڕ لە ئیمان و بڕوا بە سەرکەوتنی ئیلاهی و دڵنیا لە پشتگیری ئێوەی بە ویژدان، بە ئارامیەوە چاوەڕێی یەکشەممەی سەرکەوتنین، کوردستانیانی دەنگدەر لە هەر شوێن هەن، ئەمجارەش کاندیدە بەهێز و بەتوانا و شیاوەکانی یەکگرتوو، چاوەڕوانی بڕیاری مەردتانەتانن، کاتی ئەوە هاتووە 7/ 3 بکەنە شۆڕشێکی ئارام و وێزگەیەکی وەرچەرخانی گەورە، کاتی ئەوە هاتووە کە تەنها کەسی ڕابردوو پاك و بە ئەمانەت و بوێر بکەنە نوێنەری خۆتان، دەنگتان بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و لیستی (315)، دەنگدانە بە بەرهنگاربوونەوەی گەندەڵی و سازش نەکردن و درێژەدان بە نەبەردییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەغدا، دەنگدانتان بۆ کاندیدەکانی لیستی یەکگرتوو، دەنگدانە بۆ پەیامی خواناسی تەندروست و دوور لە موزایەدات، دەنگدان بۆ لیستی (315)، دەنگدانە بۆ کوردایەتیێکی ڕاستەقینە و دوور لە سازش و درۆشمکاری، دڵنیا بن نوێنەرانتان لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەمجارەش لە سەنگەری پارێزگاری لە دەستکەوتە دەستوورییەکانی هەرێمدا دەبن، دەنگدەری تێکۆشەر، هاولاتیانی خۆشەویستی کوردستان، بەڵێنتان پێدەدەین چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا درێغیمان نەکردووە، هەروا لە داهاتووشدا باشتر و بە هەڵوێستتر و کاراتر دەبین، پشت بە خوا سەرکەوتنی گەورەی یەکگرتوو لە 7 / 3 بەڕێوەیە، سەرکەوتن نزیکە.

**9-(گوتارا ژمارە 9) [1]**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان**

---

[1] تەلەڤزیۆنا گەلی کوردستان، کەناڵی دهۆك، 2011/3/5.

**پێشمەرگە قارەمانەکان**

**هاوولاتیانی ئازیز**

خۆشحالم لەگەڵ هاورێکانم لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەمڕۆ لە دەروازەی ڕاپەرین لە ڕانیە، لە سایەی کێوە ڕەش و ئالای شەکاوەی کوردستانە لە حزووری ئێوەی خۆشەویست و سەربەرزە، پیرۆزبایی یادی ڕاپەرینتان لێ بکەم، پیرۆزبایی ئەو سەروەرییە گەورەیە لە هەموو خەلکی کوردستان بکەم.ئێوەلای خۆتانەوە شانازی بە ڕاپەرینتان دەکەن و خەلکی کوردستانیش هەمووی شانازی بە ئێوەوە دەکا.ڕاپەرین خالی وەرچەرخانی مێژووی کوردایەتییە، ڕاپەرین بەری ڕەنج و خەباتی نەپساوەی گەلەکەمانە، بەری ڕەنج و خەبات و تێکۆشانی هەموو هێزە تێکوشەرەکانی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و خوێن و فرمێسکی ڕۆلەکانی ئەم میللەتەیە.دەستکەوتەکانی ئەمڕۆمان دەستکەوتی ماندووبوون و قوربانیدان و فیداکردنی ئەم گەلە نەبەزەیە. ئەمڕۆ دوای بیست سال ئاوڕ دەدەینەوە لە مێژووی پڕ بەسەرهاتی ئەم میللەتە، دەشێ بلێین سەربەرزین بە فیداکاری و قوربانیەکان، سەربەرزین سەربەرزین بە دەستکەوتەکان، لە هەمان کاتیشدا پەیمان دووپاتدەکەینەوە، پەیمان دووپاتدەکەینەوە بۆ برەودان بە پرسی چاکسازی و برەودان بە چاککردنی ڕەوشی حوکمڕانی ولاتەکەمان.

خوشك و برایان ئەمڕۆ لێرەوە بە ئێوەی خۆشەویست ڕادەگەیێنم سلاو و ڕێزی تایبەتی سەرۆك مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و سلاو و ڕێزی جەنابی کاك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ئێوەی تێکۆشەرانی ڕاپەرین ڕادەگەیێنم. پەیامی یەکڕێزی خەلکی کوردستان و یەك ئیرادەیی خەلکی کوردستان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەرین، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونەی کە بەری ڕەنج و ماندووبوونی ئێوەیە و بۆ دووپاتکردنەوەی پەیامی چاکسازی و پەیامی برەودان بە هیمەتی خەمخۆر و دلسۆزانی ئەم میللەتە بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕتییەکان. پێویست ناکا زۆر بە وردەکارییەوە باس لە ڕابردووی خۆمان بکەینەوە و چیمان کردووە و چی کراوە وە بە تەمای چین؟ بەلام ئاوەردانەوەیەکی بەپەلە لە ڕەوشی بیست سالی ڕابردوو وە بیرهێنانەوەی خۆمان ئەم کوردستانەی وێرانە بوو، ئەم کوردستانەی سوتماك بوو، ئەو ڕۆژە لە کوێ و کوردستانی ئەمڕۆ لە کوێ، دێهاتە وێرانەکانمان ئاوەدان بوونەوە، شارە خاپوور و وێرانەکانمان ئاوەدانی گەورەی تیا ڕوویداوە، بێگومانیش لە هەر بوارێکی تری ژیانی ئەم ولاتەی خۆمانە لە خوێندن و خوێندنی بالا، لە تەندروستی، لە ژێرخانی ئابووری، لە خزمەتگوزاریەکان دەتوانین بلێین کوردستانەکەمان هەنگاوی گەورەی ناوە بەرەو ئاوەدانی، بەلام منیش دەیلێمەوە لەگەڵ ئێوە لەگەڵ هەموو خەمخۆر و دلسۆزی ئەم ولاتە، نەوەکانی ڕاپەرین شایستەی باشترن، پێویستە زیاتر ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بۆ ئەم ولاتە بێتە کایەوە، گلەیی و سەرنجەکانی میللەتەکەمان لە ڕەوشی حوکمڕانیمان گلەیی و تێبینی بەجێن وە بە وردی تێبینیان دەکەین وە ئەرکی سەر شانمانە بە وەفاداری بۆ شەهیدەکانمان، بەدواداچوونی جدی بۆ بکەین و ئەو کەم و کوڕتییانە چارەسەربکەین.

پار خوشك و برايان لەم سەكۆيەوە، لە يادی نۆزدە ساڵەی ڕاپەرینەوە، لەگەڵ هەڤاڵانم لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتینە خزمەتتان، باسمان لە کۆمەڵێك هەنگاوی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی ڕاپەڕین و ڕانیە کردمان. پار بە ئێوەمان وت بەردی بناغەی زانکۆی ڕاپەڕین دادەنێین؟ کردمان. وتمان هەنگاو دەنێین بۆ بە ئیدارەکردنی ڕانیە و پشدەر؟ کردمان. کۆمەڵێك گفتی ترمان بە ئێوە ڕاگەیاند سەربەرزم لە حزووری ئێوەدا بڵێم، کردمان و دەستمان بە جێبەجێکردنی کرد، بەڵام خەڵکی ڕانیە زۆری لەوە زیاتر قابیلە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە لە خزمەتی خەڵکی ڕانیەدا بین و کاری پێویستی بۆ بکەین. من خوشك و برایان ناتوانم وەعد بە ئێوە بدەم بڵێم هەموو خەونەکان و ئاواتەکانتان بە شەو و ڕۆژێك دێتە دی، زۆری گەرەکە، ئێوە شایستەی زۆر خزمەتی جوانتر و باشتر و گونجاوترن، ئەتوانم تەنها و تەنها ئەو وەعدەتان بەمێ لەگەڵ هەڤاڵەکانم، لە بوارە جیاجیاکانی حوکمڕانی ئەم میللەتە خزمەتگوزاری بەئەمەك و بە وەفای ئێوە بین، پارە و داهاتی ئەم میللەتە بڕەخسێنین بۆ خزمەتی ئێوە، بۆ خزمەتی کەس و کاری شەهیدان و بۆ ئاوەدانی وڵاتەکە و خزمەتکردنی ئەم میللەتە. دڵنیاتان ئەکەم خوشك و برایان لەگەڵ سەربەرزیمان بە دەستکەوتەکانمان، کەم و کوڕتیەکانیش دەبینین، ئەو کەم و کوڕتییانە کە وەکو وتیشم جێگەی گلەیی و ڕەخنەی خەڵکی دڵسۆز و خەمخۆری ئەم وڵاتەن، گوێ بیستی ئەو تێبینیانەین و بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، لە چوارچێوەی دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستانە هەوڵبدەین چارەسەری بکەین. گەنجەکانی ئەم وڵاتە، گەنجەکانی کە لە دوای ڕاپەرینەوە پێگەیشتوون و هەستی سیاسییان ڕەنگدانەوەی ئەم قۆناغە نوێیەی کۆمەڵگای کوردەواریە بە چاوێکی ترەوە دەڕواننە ئاییندە، بەڵام پێیان دەڵێین ئێوە میراتگری سەروەری گەورە و ئێوە میراتگری دەستکەوتی گەورەن، کە بەری ڕەنج و خەبات و خوێن و فرمێسکی نەوەکانی پێش ئێوەن، ئێوە پاراستنی ئەو دەستکەوتانە لا ئەستۆی ئێوەیە، ئەرکی سەرشانی ئێمەش ئەوەیە زەمینە سازیەکی ئەوتۆ بکەین، کە بۆ ئاییندە بۆ ئەم نەوە نوێیە ئاییندەکی گەشتر، ئاییندەیەکی باشتر، مسۆگەر بکەین. ناکرێ خوشك و برایان لەم هەڵومەرجەدا لەم ساتە مێژووییەدا کە باس لە بیست ساڵەی ڕاپەرین نەکەین، باس لەو هەڵومەرجەی ئەمڕۆ ڕووی کردووەتە وڵاتەکەمان نەکەین، بەداخەوە بارگرژیەك بەداخەوە کۆمەڵە کێشە و گرفت ڕووی کردووەتە، کۆمەڵێك ناوچەی کوردستان، کۆمەڵێك لە خەڵکی ئەم وڵاتە ناڕەزایی دەردەبڕن، کۆمەڵێك خەڵك نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن لە کۆمەڵێك دیاردەی جێگەی گلەیی و سەرنج، من دەڵێم لێرەوە وەکو سەرۆکی حکومەت وە دڵنیاشم لەوە تەعبیر لە ئیرادە و ویستی زۆربەی هەرە زۆری سەرکردایەتی وڵاتەکەم و حوکمڕانی وڵاتەکەمان دەکەم. ئەو داخوازیانە داخوازی ڕەوان، خۆپیشاندان مافێکی مەدەنی ڕەوایە، سەربەرزین، شانازی دەکەین بە گەنجەکانی وڵاتەکەمانەوە کە بە شێوازی مەدەنی دێن، داخوازیەکانی خۆیان دەخەنە بەردەمی حکومەت و بەردەم ڕای گشتی.بە هەمان ڕەوشی ڕابردوو دەبێ دووپاتی بکەینەوە، ئێمە هەمووومان هەمووومان لە حکومەت و لە ئۆپۆزسیۆن لە هێزە سیاسیەکان و لە هاوڵاتی ئاسایی ئەم وڵاتە هەمووومان خاوەنی ئەم ئەزموونەین، هەمووومان بەرپرسین لە چاککردن و باشترکردنی باری گوزەران و ڕەوشی حوکمڕانی ئەم وڵاتە، ئێمە پێتان دەڵێین بە بێ دوو دڵی، ئەو تێبینی و سەرنجانە تێبینی ڕەوان وە کاردەکەین بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی ڕاستەقینەی بە کرداری بۆ بدەین، بەڵام وەڵامدانەوەی ئەو داخوازیانە بە پاراستنی دەستکەوتەکان دەبێ نەك بە تێکدانی تەلاری سەروەریەکانی ڕاپەرین و دەستکەوتەکانی دوای ڕاپەرین، بە پاراستنی دەستکەوتەکان و چارەسەرکردنی کەم و

کوڕتییەکان دەبێ، دڵنیاتان دەکەم وەکو جەنابی سەرۆکی هەرێمیش لە پەیامەکەی خۆی ڕاگەیاند، یەکلاییکەرەوەی کێشەکان تەنها و تەنها گەڕانەوەیە بۆ خەڵکی کوردستان. خەڵکی کوردستان چۆن ئەم ڕاپەرینە و ئەم ئازادیان بۆ ئەم میللەتە ڕەخسان وە ئەم حوکمڕانیان هێنایە کایەوە، ئەوانیش دەتوانن بڕیار لە چارەنووسی خۆیان و یەکلاییکردنەوەی کۆمەڵێك لەم کێشە سیاسییە جیاجیایەکانی خۆیان بدەنەوە. کێشەمان هەیە، تێبینیمان هەیە، بۆچوون و دیدی جیاوازمان هەیە، بەڵام هەموومان لە سایەی ئەم وڵاتە، لە سایەی سەرکەوتنەکانی ئەم میللەتە، لە سایەی مێژووی پڕ بەسەرهات و مێژووی پڕ سەروەری ئەم میللەتە، بەرپرسیاریەتیێکی مێژووییشمان لەسەر شانە، کە نابێ بهێڵین، ترس بکەوێتە ناو ڕیزەکانمانەوە، بۆچوونە جیاوەزەکانمان با بخەینە چوارچێوەی پاراستنی یەکرێزی میللەتکەمان، بۆ چاکسازی، بۆ پتەوکردنی ئەزموونی حوکمڕانی دیموکراسی و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی گەندەڵی و دیاردە ناشیرینەکانی تر، کە خەڵك گلەیی لێدەکا و بە ڕەواییەوە گلەیی لێدەکا، با لە چوارچێوەی پەرلەمانی کوردستانە مشت و مر و قسە و باسەکانی خۆمان بە زمانی شارستانی بکەین، نەك ڕق و کینە بێنینە کایەوە، کە بێتە مایەی درز لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا

خوشك و برایان پیرۆز بێت بیست ساڵەی ڕاپەرین، پیرۆزە لە ڕانیە، پیرۆزە لە کەس و کاری سەربڵندی شەهیدان، وەفاداری ئێمە بۆ ئەوان، وەفاداری ئێمە بۆ نەوەی ڕاپەرین، وەفاداری ئێمە بۆ خۆ فیداکاری میللەتەکەمان، تەنها و تەنها دەبێ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی میللەتەکەمان بێ، چاکسازی بێ، تۆکمەکردنی حوکمڕانی خۆ بە خۆی خەڵکی کوردستان بێ، برەودان بێ بە ئازادی، برەودان بێ بە دیموکراسی، پاراستنی ئەم دەستکەوتانە بێ، ئەی ئێوەش خەڵکی ڕاپەرین، ئەی ئێوەی خەڵکی ڕانیەی سەربەرز، هەمیشە شاد و سەربەرز و سەرفراز بن.

## 10-(گوتارا ژمارە 10)[1]

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**هەڤاڵانی تێکۆشەری شاری هەڵەمەت و قوربانی**

**خۆشك و برایانی خۆشەویست**

**ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ڕێگای ڕزگاری و دیموکراسی**

لە یادی ڕاپەرینی بیست ساڵ لەمەوبەری شاری هەڵمەت و قوربانی بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەم یادەدا پیرۆزەدا گەرمترین سلاوی خۆمان و دڵسۆزی خۆمان بۆ خۆتان و بۆ شاری قارەمانەکەتان دووپاتدەکەینەوە، ئەم شارە قارەمانە بەخۆڕایی ناوی هەڵەمەتی و قوربانی بە خۆیەوە نەدیوە، بەڵکو هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەم شارە شاری کوردایەتی و خەبات بووە لە پێناوی خەڵکی کوردستان، ئەم شارە کە دروستبووە، بۆیە دروست بووە پایتەختی ئەمارەتی بابان بێت، کە ئەویش حکومەتێکی سەربەخۆی کوردستان بوو. هەر لەم شارە قارەمانەوە بڵێسەی بیر و باوەڕی کوردایەتی و سەقافەتی کوردەواری بەرز بووتەوە، ئەم شارە قارەمانە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بووە، هەمیشە

---

ل سەر گەندەلییێ، دەزگایێ نەزاهە موکەللەفە ب وێ شکایەتێ و وێ دەعوایێ وەربگریتن و ئیجرائاتا بکەت، و ئەز وەعدێ ددەم ب هەمی هێز و شیانێت خۆ دێ ل پشتەڤانییا دەزگایێ نەزاهێ بم بۆ هندێ گەندەلییێ ڕهـ و ڕیشێت وێ دەربینین ل کوردستانێ. لازمە یاسا سەروەر بیت د کوردستانێدا، ئەم هەمی بەرامبەر یاسایێ وەکو یەکین چ وەکو تاك چ وەکو ئەحزاب، و هەموی لایەکیش بزانن، ئەگەر لیستا کوردستانی و ژمارە 12 دەرچوونەڤە پەیوەندیێت دەرڤەش لازمە د ڕێکا حوکمەتا هەرێما کوردستانێرا بن، ڕێکێ نادەین، هەر حزبەك بۆ خۆ پەیوەندییێ دگەل حوکمەتەکێ دروستکەت، و ئەڤە بەرا هەمیا دێ ل سەر یەکێتییێ و پارتییێ هێتەتبیقکرن، پاشی ئەحزابێت دی، بەس پێدڤییە ئەم حوکمێ یاسایێ بچەسپینین د کوردستانێدا. مەسەلا پرۆژێت خزمەتگوزاری خوشك و برایێت خۆشتڤی، ئەم د سەربەرزین کو حوکمەتا هەرێمێ شیای هەتا حەددەکێ زۆر خزمەتگوزاری بگەهینیتە بەشێ هەرە زۆر یێ دەڤەرێت کوردستانێ، بەس هێشتا زۆرێ مای، چونکی ولاتێ مە کاول و وێرانکر دوژمنێت مە، نە مننەت تێدایە بەلکی ئەرکێ حوکمەتا هەرێما کوردستانێیە خزمەتگوزارییێ بگەهینیتە هەمی دەڤەرا و ئەم دەستخۆشییێ ل حوکمەتا هەرێما کوردستانێ دکەین، چونکی پەیمانێت خۆ گەلەك ب جهئینان، پرۆژێت زۆرێت ئستراتیجی دامەزراندن وە ئەڤرۆش دیسا د بەردەوامن ل سەر دانانا بەرێ بناغەی بۆ زۆر پرۆژێت دی یێت ئستراتیجی، ئەما هەرچیەکا بۆ وە جەماوەرێ کوردستانێ بێتەکرن، هەرچییا بۆ مالێت شەهیدا بێتەکرن موقابلی یەك دلۆپا خوینا یەك شەهیدی نییە، موقابلی وێ ڕەنج و زەحمەت و نەخۆشییا کو وە کێشای و دیتی نییە، ل بەر هندێ ولات ولاتێ وەیە، هەرێم هەرێما وەیە، ئەڤ ئەزموونە یا ب خوین و ڕۆندك و ڕەنجا وە دروستبوی، پاراستنا هەرێم و ئەزموونێش ل سەر ملێت وەیە، نابیت هنگۆ بۆ کەسەکێ دی ب جی بهێلن، مالێ هنگۆیە، مولکێ هنگۆیە، حەقێ هنگۆیە هنگ لازمە بپارێزن. من دڤێ ئەز سوپاسیەکا زۆرا گەرم ئاراستەی هەموی دام و دەزگاییێت حوکمەتا هەرێمێ بکەم، بەرپرس و ئەندام و لایەنگرێت پارتی و یەکێتی بکەم، سوپاسیا پێشمەرگێت قەهرەمان دکەم، سوپاسیا دەزگاییێت ئاسایش و پاراستن و ئاژانسێ بکەم بۆ ئەو هیممەتا کو کری هەمیا ڤێکرا، پاراستنا ئەمن و ئاسایشێ چ د ڤی وەختێ وە یێ حەسساسدا چ بەری نوکە و ئەم هیڤیدارین کو بۆ ژێرە وێڤەش بەردەوام بن ل سەر زەحمەتا خۆ، هەروەها سوپاسییا دەزگاییێت ڕاگەیاندنێش دکەم کو زەحمەتەکا زۆر کێشای و ئەڤ حەماسا جەماوەری ڕۆژ ب ڕۆژ ل ناوچەیەکێ بۆ ناوچا دی نەقلکری و دونیا هەمی ئاگادار کری ل ڤێ جۆش و خرۆشا جەماوەرێ کوردستانێ دەستخۆشییێ لێدکەم.

خوشك و برایێت خۆشتڤی، هەر وەك من ل دەستپێکێ گوتی پەیڤا من دێ کێمەکێ یا درێژ بیت هیڤیدارم بێنا وە فرەهبیت. ئەز دێ چمە ناڤ هندەك بابەتێن دی. هەمی حزب و قەوارێن کو بەشدار بوی ل ئنتیخاباتا هەمیا ئاخڤتنێت خۆ کرن، بانگەشا خۆ کرن بۆ هەلبژاردنێ ئەوا ڤیای گوت ب ئازادیا خۆ، یا مای ڕۆژا 25ێ هەیڤا تەممووزێ ئەم ببینین کا گەلێ کوردستانێ دێ چ بێژیت؟ ڤێجا ئەم چاڤەڕێینە دا ببینین کا دێ ئیرادا وە و بریارا وە چ بیت. من دڤێ ئیشارەتێ بدەمە مەسەلا دستووری بۆ هەرێما کوردستانێ، مەسەلا دستووری دەستکەفتەکێ مەزنە بۆ گەلێ کوردستانێ، بۆیە ئەز دێ چمە ناڤ ڤا تەفاسیلا، چونکی حەقیقەت هاتنەگۆڕین، هاتنە تەشویشکرن، هاتەگوتن کو کەسەکێ دستوور نەدیتیە پرۆژێ دستووری، هاتەگوتن کو دستوور یێ هاتییەسەپاندن ل سەر پەڕلەمانی، پەڕلەمان دەزگایەکێ پیرۆزە، پەڕلەمان دەزگایەکێ مەزنە، کەس نییە بشێت تشتەکی ل سەر پەڕلەمانی بسەپینیت، ل سالا 2006ێ هزارەها نامیلکە هاتنەچاپکرن و بەلاڤکرن ل سەر هەمی

دەڤەرێت کوردستانێ، ل سەر هەمی لاپەرێت رۆژناما، ل سەر هەمی رادیۆ و تەلەڤزیۆنا پرۆژێ دستووری هاتەبەلاڤکرن وە هزارەها تێبینی هاتنەوەرگرتن ل خەلکێ کوردستانێ، بسپۆرێت زۆرێت شارەزا مە ل دەرڤە ئینان هەتا بوویە دستوورەکێ وە هەمی کەسەك پێ سەربلند بی، وە بۆ من زێدەتر دەرکەڤت ئەهەمیەتا ڤی دستوورەی وەختێ کو من دیتی شۆفینی شێت و هار بووین. ئەگەر دستوور یێ باش نەبا بۆ هەرێما کوردستانێ، شۆفینی بۆ دا هند دژایەتییێ کەن.

دەربارەی ئەو خەلکێ ل ناڤ هەرێما کوردستانێش ئەو خوشك و برایێت کو تێبینی هەی ئەگەر دژی دستووری بن تشتەکێ خەلەتە، ئەگەر تێبینی هەبن ل سەر دستووری حەقەکێ تەبیعی یێ وانە، ئەما کی دێ بڕیارێ دەت. کی دێ بڕیارێ دەت ئەڤ دستوورە ئەڤ پرۆژێ دستووری دێ دەرباز بیت یان نە، تەنها و تەنها گەلێ کوردستانێ دێ وێ بڕیارێ دەت و ئەم دێ پرۆژێ دستووری ئێخینە بەر دەستێ مللەتێ کورد، مللەت دێ بڕیارێ لێدەت.

بەحسێ هندێ هاتەکرن کو ئەڤ دستوورە زۆر دەستهەلاتێت دایە سەرۆکێ هەرێمێ، قانوونا سەرۆکاتییا هەرێمێ یا کەڤتیە د دستووریدا بێیکو یەك فەقەرە یەك کەلیمە هاتبیتەزێدەکرن ل سەر دەستهەلاتێت سەرۆکێ هەرێمێ، من چ جارا نە داخازا دەستهەلاتا کریە و نە داخازا سەرۆکاتییێ کریە، ئەز سەرۆکاتییێ ب خزمەت دزانم، مەزنترین شەرەف ئەوە مرۆڤ خزمەتکارێ وە بیت. ئەگەر من دەستهەلات بۆ خۆ بڤێت، من بۆ هنگۆنە، من دڤێ هنگ دەستهەلات بن، د سەربلند بن، من دڤێت موئەسسەسات بێنەدامەزراندن، ئێك ل وا موئەسسەساتێت سەرەکی دستوورە، من دڤێت سەنگا هنگۆ ل ناڤخۆ و ل دەرڤە و ل هەمی جیهانێ ل دوی قوربانیدانێت وە بیت، من دڤێت هەر تاکەکێ کورد ژ ئێرە وێڤە دل ب خۆ نەسۆزیت یێ سەربلند بی و خۆ ل کەسەکێ دی کێمتر نەزانیت من دڤێت کورد نە مەحکووم و نە سوخرەکێشێن کەسێ بن ژ ئێرە وێڤە.

دێ هێینە سەر بارێ عیراقێ ب گشتی وە پەیوەندییا هەرێم و بەغدا، وەختێ هندێ یێ هاتی، خوشك و برایێت خۆشتڤی مللەتێ عیراقێ و جەماوەرێ کوردستانێش ئاگادار بن ل حەقیقەتێ، پێکهاتا عیراقێ ل دوو نەتەوێت سەرەکی یا پێکهاتی، دگەل رێزا من بۆ هەمی نەتەوێت دی بەس دوو نەتەوێت سەرەکی کورد و عەرەب عیراقێ پێکدئینن، هەر ل دوی جەنگا جیهانی یا یەکەم ل سەر وی ئەساسی عیراق پێکهات، ئەما غەدر ل مە هاتەکرن، پشتی رۆخانا رژێمێ ل سالا 2003 گۆڕان ب سەر ڤێ موعادەلێدا هات، برایێت مە یێت عەرەب بووینە دوو کیان شیعە و سوننە، ل بەر وێ ئێکێ وە تۆڤ هاتەناساندن، کو سێ کیانێت سەرەکینە کورد و عەرەب (عەرەب شیعە و سوننە). پشتی کو رژێم رۆخیای ئەز و جەنابێ سەرۆك مام جەلال ئەم چووینە بەغدا و هەرچیش ژ دەستێ مە هاتی بۆ هندێ کو عیراقەکا تازە بێتەدامەزراندن، ل سەر ئەساسێ عیراقەکا فیدرالا دیموکرات، و تەجروبێش دەرێخست کو یەك تائیفە حوکمێ یەك تائیفە سەرناگری و سەرناکەڤی نە د عیراقێدا و نە ل هیچ جهەکی. پرۆسێ سیاسی دەستپێکر هەتا گەهشتە مەسەلا هەلبژاردنێ وە دستوورێ فیدرالی، وەختێ دستوور هاتیەدانان شەرەکێ مەزن بوی، هەتاکو ئەو مافێت هاتییەچەسپاندن د دستووریدا بۆ گەلێ کوردستانێ وە بۆ نەتەوێن دی یێن برا دگەل مە وەکو تورکمان و کلدان و ئاشوور و سریانی، و هەروەها ئازادییێت ئایینی و مەزهەبی وەکو بۆ برایێت مە یێت ئێزدی و مەسیحی، وە بزانن ئەو شەڕ مە کر، وەفدا کوردستانێ کر، مام جەلال و مەسعود بارزانی کر ئەو شەڕە.

مەبدەئێ تەوافوقێ هاتەپەسەندکرن، مەبدەئێ تەوافوقێ و ل سەر وی ئەساسی مەناسبێت سیادی هاتنە دابەشکرن، مەنسبێ سەرۆکاتییا کۆمارێ ڤ بەر مە کەفت وە کاندیدێ مە وەکو کورد جەنابێ مام جەلالی بوی، و ئەڤرۆ دا ئەم بپرسین بچین ببینین مقەرێ مام جەلالی و مقەرێ یێت دی، عەرەبێت تێدا مقەرێ مام جەلالی، کوردێت تێدا، تورکمانێت تێدا، ل هەمی دینا یێت تێدا، بەس کا دا ئەم ببینین ئۆفیسێت خەلکێ دی کا دێ کی تێدایە. وەزیرێت مە، جێگرێ سەرۆك وەزیر، وەزیرێت مە، پەرلەمانتەرێت مە ل بەغدا خزمەتا عیراقێ یا کری، مە دڤێت خزمەتا عیراقێ بکەین، ئەما عیراقەکا فیدرالا دیموکرات، مە دڤێت عیراق ب پێشکەڤیت، ئەما دگەل پێشکەڤتنا عیراقێ هەرێما کوردستانێش پێشبکەڤیت، ئەو دەنگێت شۆڤینیا کو بلند دبن حەسادەتێ ب پێشکەڤتنا هەرێما کوردستانێدا ببەن، چ بەرژەوەندا عیراقێ تێدایە. پاشیش خوشك و برایێت خۆشتڤی تەجروبا مە وە تەجروبا گەلێت دی دەرێخست ئەگەر ب ئارەزوومەندانە نەبی نە مومکینە، نە مومکینە نە ئیتیحادەکا ب زۆر، نە تەقسیمەکا ب زۆر سەربگریت، نموونە ئەڤە ئەلمانیا و چیك و سلوڤاکیا، نموونە ئەڤە عیراق ب خۆ، پەرلەمانێ مە برپارا دای، مللەتێ مە یێ ڕازییە، ئەم ب ئارەزوویا خۆ و ب برپارا خۆ مە پێخۆشە دگەل عیراقێ پێکڤە بین، ئەما ب مەرجەکی عیراقەکا فیدرالا دیموکرات، کو ئاسەوارێت دکتاتۆریەتێش تێدا نەمینن. خیلافێت مە دگەل هندەك، بەشەك ژ دەستهەلاتێ ل بەغدا، دوو جۆرەن، یەك ب نسبەت هەمی عیراقێیە و یەکیش ب نسبەت هەرێمێیە، ل سەر ئاستێ عیراقێ خیلافا مە ئەڤەیە بەشداریکرنە ل حوکمی و شێوێ حوکمڕانی، ئلتیزامە ب دستووری و ئەو ئیتیفاقاتێت کو مە کری، موسالەحا وەتەنی، چونکی هەر دەڤە عەمەلییەن یەك تشت نەهاتییەکرن، زۆر عەیبە چوار پێنج ملیۆن عیراقی ئاوارە و دەربەدەر بن ل دەولەتێت دەرڤە و نەوێرن بێنەڤ ولاتێ خۆدا. پاوانکرنا دەستهەلاتێ، شێوێ برپاردانێ، نموونەیەکێ دێ بۆ وە ئینم، مەسەلا جەیشێ عیراقێ، مە دڤێ جەیشێ عیراقێ یێ ب قووەت بی، ئەما جەیشەك بی هەڤسەنگی تێدا یا بەرچاڤ بی، چەوا نەفت و غاز مولکێ هەمی مللەتێ عیراقێیە، جەیشیش مۆلکێ هەمی مللەتێ عیراقێیە، جەیش لازمە ب فەرهەنگەکێ نوی بێتەپەروەردەکرن، نەك فەرهەنگێ ئینقیلابا، نەك فەرهەنگێ سۆتن و وێرانکرنا گوندا. ب موجبی دستووری لازمە قائید فیرقە و بەرەڤ ژوور بێتە عەرزکرن، ل سەر پەرلەمانێ عیراقێ، پەرلەمان موافەقەتێ بکە، پاشی سەرۆك کۆمار موافەقەتێ بکە، هنگی دێ قائید فیرقە هێتەتەعینکرن، چاردە پازدە قائید فیرقە یێت هاتییەتەعینکرن یەك ژ وان ب ڤێ رێکێ نەهاتییە تەعینکرن، هەمی یێ ل پشت پشتا دستووری و ڕەئیس کۆمار و پەرلەمانی هاتییەتەعینکرن، ئەگەر ئەڤە دیکتاتۆریەت نەبی یان پێنگاڤ نەبن بەرەڤ دکتاتۆریەتێ، خۆ دکتاتۆریەتێ شاخ و پەڕ پێڤە نینە. ب نسبەتا مە مەسەلا جەیشێ مەسەلەکا زۆرا گرنگە، جەیش لازمە بۆ هەمی مللەتێ عیراقێ بی، هەڤسەنگی تێدا بیت، بۆ مەعلوماتێت وە یەکەم جار کو ئیعادا تەشکیلا جەیشێ عیراقێ هاتییەکرن نە عەرەبێت شیعە و نە یێت سوننە نە دچوونە د ناڤ جەیشێدا، سێ یەکەم لیوایێت جەیشێ عیراقێ ل پێشمەرگا هاتنەپێکئینان، وەختێ بەر پێ خۆ دیت، کەڤتنەڤ شەڕێ هەر سێ لیوایێت پێشمەرگا وە موحارەبا وان هاتەکرن و مواحەوەلە ئەڤرۆش یا بەردەوامە کو هیچ دەستهەلاتەك کوردا د ناڤ سوپایێ عیراقیدا نەبیت، دڤێ ئەم ڤێ قەبویلنەکەین و قەبویلیش ناکەین. ئەم ڕێکێ نادەین جارەکا دی ڕژێمەك د عیراقێدا دروستببی، مللەتێ مە ئەنفال بکە و کیمیا باران بکە و گوندێت مە خراب بکەتەڤە، الحمدلله ڤێ جارێ گوندێت مە زۆر باشیش یێت دهێنەڤ ئاڤەدانکرن و ئەوێت مایبش (إن شاء الله) دێ باشتر هێنەڤ ئاڤەدانکرن.

ل سەر ئاستێ هەرێمێ، خالا زۆرا گرنگ لادانە ل دستووری و ماددا (140)، ماددا (140) ماددەیەکا دستوورییە و مە ئتیفاقا ل سەر کری و مللەتێ عیراقێ دەنگا بۆ دای، مە ئەو پەڕێ مرونەتێ نیشاندا، وەختێ کو مە ماددێ (140) قەبوولکری نە مەسەلە ئەو بوی مە شکا هەی ل کوردستانیەتا کەرکووکێ یان شنگارێ یان خانەقینێ، بەس مە ڤیا ب ڕێکەکا دستووری ڤێ ئاریشێ چارەسەربکەین، و ئەڤ ئاریشە بوی وەکو عیراق وەکو دەولەتەکێ پێچێنەبوو خۆ بدامەزرینیت هەر ل ڕۆژا کو بوویە دەولەت پشتی حەربا عالەمیا ئێکێ، مە نەڤێ ئەو تەجروبە تیکرار ببیتەڤە. نوکەش پەیامەکە بۆ هەمی لایەکی، ماددا (140) بێتە جێبجێکرن عیراق دێ ئستیقرارەکا تەمام کەت، ماددا (140) نەهێتەجێبەجێکرن قوەت نییە بشێتن ژ ئێرە وێڤە یەك پارچا کوردستانێ ب سیفەتێ داگیرکردن داگیربکەت. کەرکوك وەکو سلێمانییە وەکو هەڤلێرێ وەکو دهۆکێ شارەکێ عیراقییە، بەس کا چەوا هەوییا هەڤلێر و دهۆك و سلێمانییێ کوردستانییە؟ هەوییا کەرکووکێ کوردستانییە و تۆختریشە. ئەوێت لاریێ ب ماددا (140) دکەن لاریێ ب مەسیرێ عیراقێ دکەن.

خالا دی مەسەلا هەر عەینی درێژاهی ل سەر ڤی بابەتەی، یەعنی بەس بۆ مەعلوماتێت وە، بۆ مەعلوماتێت برایێت مە یێت عەرەبیش، چەند دوو سێ جارا ئەم یێت د داخلی موفاوەزاتا بووین دگەل ڕژێما بەعس، بۆ یەك جاریش حوکمەتا بەعس ئینکارنەکریە ل سەر کوردستانیەتا خانەقینێ و شنگارێ و کەرکوکێش، نوکە حاقدێت ئەڤرۆ پەیدا بووین یێت دبێژن نە شنگار کوردستانە، نە خانەقین کوردستانە، نە کەرکوك کوردستانە، باشە ئەگەر وەبی پا ئەڤ دستوورە بۆ چ هاتە دانان؟ ماددا (140) بۆ هاتە دانان؟ هزرا خۆ بکەنەڤە سالا 1974ێ شەڕ بۆ دەستپێکرەڤە؟ مە پێخۆشە ب برایەتی ب خۆشی و ب تەفاهوم، ب تەفاهوم ئەم ڤێ مەسەلێ چارەسەربکەین، ل دوی ماددا (140) و هەرێما کوردستانێ دێ پشت و پەنا بی بۆ عیراقێ، دێ هەمی وەختەکێش قەلعا دیمۆکراسیەتێ بی بۆ برایێت مە یێت عەرەب، ئەما ئەڤ ڕفتار و تەسەروفات و تەوەجوهاتێت کو ئەڤرۆ مە گوهلێدبن، باوەرکەن، ل غەیری کارەساتێ تشتەکێ دی ل دوی نائێتن، دوژمناتییا مللەتێ کورد نە د مەسلەحەتا برایێت مە یێت عەرەبدایە، ئەم دوژمنێت وان نینین، ئەم برایێت واینە، ئەم دەستێ برایەتییێ و دۆستایەتییێ بۆ درێژ دکەین. کەرکووك ل عیراقێ جودا نابی، ئەما ئەگەر زۆری و زۆرداری ببی، بێشك عیراق ب ڤە عیراقە نامینی.

مەسەلا نەفت و غاز، مەسەلا نەفت و غازێ خوشك و برایێت خۆشتڤی، زۆر هێرش هاتنە سەر مە کو هەرێم یا سەربخۆ ڕفتارێ دکەت، سەربخۆ بڕیارا ددەت، سەربخۆ عقودا و ئیمزایا دکەت. فەرموون مە چ کر بۆ عیراقێ و وان چ کر بۆ عیراقێ؟ هەشت ملیار دۆلار هاتنەسەرفکرن بۆ هندێ بەرهەمێ نەفتێ زێدە ببیت وە چەند مەسفایەك ل عیراقێ بێنە دامەزراندن، یەك فلس بۆ هەرێما کوردستانێ نەهاتەسەرفکرن دگەل هندێش وا ب خۆ دیت وەختێ کو من دگەل جەنابێ سەرۆك مام جەلالی مە ئیجازا ڤەکرنا بۆڕیا نەفتێ دای (100) هزار بەرمیل ڕۆژانە چوونە د بوریا نەفتا عیراقێدا و پارەش بۆ خەزینا عیراقێ چووڤە. پرسیار ڤەیە ل مللەتێ عیراقێ، کێ د خزمەتا وە دایە و کێ خێر گەهشتاندە عیراقێ؟ ئەوێت 8 ملیار وەرگرتی و بەزر بوین و کەس نزانیت چ بۆ عیراقێ هاتییەکرن هەتا (إن شاء الله) دویماهیا سالا 2011ێ 2 ملیۆن بەرمیل نەفت دێ د کوردستانێرا هێنەتەسدیرکرن بۆ دەرڤە.

خالا دی موحارەبا کوردایە د ناڤ جەیشێ عیراقیدا، کو ئەڤە مەسەلەیەکا زۆر زۆرا خەتەرناکە وە ئەنجامێت وێ د باش نابن. خالا دی یا زۆرا گرنگ ل سەر خیلافا مە یا هەرێمێ دگەل بەغدا ئان ئەو قسمێ دەستهەلاتێ ل بەغدا بێ وەعدی بوی یا کو دگەل شەخسێ من هاتییەکرن. مە ئتیفاق کر، مە ئتیفاق کر ب نیسبەتا پێشمەرگا ب کو موجبی دستووریێ عیراقێ پێشمەرگە بەشەکن ل مەنزووما بەرگرییا عیراقێ. مە ئتیفاق کر کو ل پێشمەرگا دوو فیرقێت جەبەلی بێنەدروستکرن د کوردستانێدا، ل بەغدا مە ئتیفاق کر، ئەز ڤەگەڕیام بۆ هەڤلێرێ پشتی موددەتەکێ کو مە تەکلیفا لژنەیەکێ کری ب موجبی ئەو مواسەفاتێت ستاندارد کو دێ چەوا سەربازەك هێتەوەرگرتن، میلاکێ دوو فیرقا مە تەشکیلکر. ئەوان تەسەووردکر فیرقەیەك دێ بۆ یەکێتیا نیشتیمانی کوردستان بی و فیرقەیەکیش بۆ پارتی، نەدزانی هەمی گەنجێت کوردستانێ یێت د هەمی جیانە و تێکەلن، دا بێژنە یێت پارتی لیستێت وە د دروستن بەس یێت یەکێتیێ نە د دروستن، دا بێژنە یەکێتییش لیستێت فیرقا وە ئینای د دروستن بەس یێت پارتی نە د دروستن! ! ئەڤ موحاوەلەش کرن کو ڤێ موشکیلێش د بەینا پارتی و یەکێتییێدا دروستبکەن، ل بەر هندێ مە قرار دا لازمی وا دوو فیرقا نییە، ئەم دزانین دێ چەوا پێشمەرگێت خۆ دێ ڕاگرین دێ د چاڤێت خۆ و دلێ خۆ دا ڕاگرین، چ جارەکێش ئیجازە ل کەسێ ناهێتەوەرگرتن، کا دێ چەوا دێ پێشمەرگە هێنەتەشکیلکرن و ئەرکێ پێشمەرگەی چییە؟ پێشمەرگە دزانیت و چیایێت کوردستانێ دزانن و گەلێ کوردستانێ دزانیتن.

خالا دییا کو زۆرا خەتەرناك، مەسەلەیەکا دییا زۆرا گرنگ تەحریکا شۆفینیا ل مووسل، پشتی هەلبژاردنێت پارێزگەها کو هاتییەکرن، زۆر زۆر جهێ داخێیە، زۆر جهێ داخێیە کو هندەك هەڤپەیمانێت مە تەسەووریێ بکەن، دێ تەحالفەکێ دروستکەن، یا ژ هندەك شیعا و ل هندەك سوننیا بۆ دژایەتییا کوردا ئەڤە مونتەها یا خەلەتەکا مەزنە، مونتەها سادەیێیە. جاریێ الحمدلله کورد بەشدار نەبووینە ل وێ کو ب ترێلا چاڤێ کەسێ سوننی دەربینن یان چ ترۆمبێلێت موفەخخەخ د ناڤ شیعا دا بپەقینن، دەستێت مە دپاکژن، ویژدانا مەش یا ئاسوودەیە. ئەوێت کو ب ترومبێلێت موفەخخەخ و ب ڕەختێت یێت (تی ئێن تی) کری و ب ترێلا ئێك و دوو دکوشت، ئەڤرۆ ئەو ببنە حەلیفێت ئێك و کوردا بکەنە دوژمن، جەواب بۆ ڤانە هەمیا ئەوە د ناڤ شیعاش و د ناڤ سوننیاشدا، خەلکێ زۆریێ ب وژدان یێ هەی، خەلکێ هەی باوەری یا ب برایەتییێ هەی، خەلکێ هەی باوەری یا ب پێکڤەژیانێ هەی، ئەگەر ئەڤ تەئامرە یا بەردەوام بیت ئەمیش دێ تەحالفێ دگەل وا کەسا کەین یێت کو وژدان د سەریدا یێت کو باوەری ب عیراقێ هەی، باوەری ب برایەتییا کورد و عەرەبا هەی، باوەری ب دیموکراتییێ هەی.

خوشك و برایێت خۆشتڤی، مە چ موشکیلێت شەخسی دگەل کەسەکێ نینە. ئەڤە مەسەلا مللەتەکییە، مە تەسسەورکر پشتی دستووری چ موشکیلە نەمان؟ ئەرك و مافێ هەر کەسەکێ و هەر حزبەکێ و هەر لایەنەکێ یێ دیارە، وەختێ موشکیلەیەکا زۆرا بچویك پار ل خانەقینێ ڕویدای هندەك ل بەغدا هەبوین بیر ل هندێ دکرەڤە دەبابا بهنێرنە خانەقینێ بۆ لێدانا پێشمەرگەی، ئها ئەز دژی ڤێ فەرهەنگێ مە وە دێ دژی ڤێ فەرهەنگێش بین وە ناشهێلین جارەکا دی دکتاتۆرەك ل عیراقێ حوکمی بکەت ب دەبابا. دستوور حەکەمە، دستوورەکێ فیدرالی یێ هەی، ئەم د حازرین ب موجبی وی دستووری هەر جیەکێ خەلەل د لایێ مە دابی ئەم د حازرین داوا ئیعتیزارێش بکەین وە ڕاستیش ڤەکەین. مە داخوازا تشتەکێ نەکریە خیلافێ دستووری، دستووریێ فیدرالی حەکەم بیت، ئەم د حازرین بۆ هندێ هەر موشکیلەیەکا هەبیت چارەسەر بکەین. ئەگەر زمانێ دەبابا و زۆر و

زۆرداریێش بیتن خۆ مەفرۆزە عیبرەتەك ل تەئریخێ و تەجروبێت یێت ڕابری بێتەوەرگرتن، چونکی چ جارا دەبابا و تەیارا چ موشکیلە حەلنەکرینە هەتا ئەڤرۆ ل عیراقێ موشکیلەکێ حەلکەن.

خالا دی وەکو زەمان، ئێتیفاقا مە ئەو بوی کو بۆ قراراتێت ئستراتیجی لژنەیەکی پێنج قۆلی هەبوی، کو ئەو بڕیارێت ئستراتیجی بدەن، کو پێکدهات ل سەرۆك کۆمار، هەردوو جێگرێت سەرۆك کۆمار، رەئیس وزەرا و سەرۆکێ هەرێمێ. ئەم داخوازێ دکەین ئەڤ ئێتیفاقەش بێتەڤ تەفعیلکرن، چونکی ڤە زەمانەکە بۆ هندێ چ بڕیارێت غەلەت و یێت فەردی نەهێنەدان، بۆ هندێ ب تنێ کەس بیر ل هندێ نەکەتەڤە کو ب دەبابا موشکیلا حەلکەت. عیراق و بەغدا بۆ مە هەمیایە و گەلەك جارا من گوه لێدبی، هندەك دێ بێن کوردا دڤێ هەرێما وان بۆ وان بی و بەغداش بۆ وان بی و هیچ، نەخێر، بەغدا پایتەختێ فیدرالە، بەغدا بۆ مە هەمی عیراقیایە، هەر وەختێ وان وەکو کوردا هەرێمێت خۆ دانان ئەگەر مە داخوازا کێمترین تشت لێکر، ل هەرمێت وان پاشی هینگێ بلا گازندێ بکەن، ئەما بەغدا نە یا جەماعەتەکێ و حزبەکێیە بەغدا یا مە هەمیایە.

خوشك و برایێت خۆشتڤی، پەیوەندیێت مە یێت ئەقلیمی ئەڤە موددەتەکە زۆر بەرەڤ پێش یێ دچن و د بەرژەوەندا مە و جیرانێت مە دایە کو چ گیروگرفت نەبن وە زمانێ تەفاهومێ بێتەبکارئینان و ئەم زۆر زۆر د خۆشحالین کو پەیوەندییێت مە یێت ئەقلیمی هەرچەندە گیروگرفتێت تێدا هەی، مەشاکلێت هەی بەس گەلەك باش بەرەڤ پێشڤە یێ دچن و ئەم دێ بەرەڤ پێشڤە پالدەین. ب نسبەت پەیوەندییێت مە و دەرڤە، هنگ ب خۆ دزانن کو پەیوەندییێت مە د بەرفرەهن وە ل بەرزترین موستەوا دانە وە دێ هەوڵدەین بەرەڤ باشتر و پێشتر بچن و فراوانتر ببن، و الحمدلله ئەگەر باش تەخمینا خۆ بکەین و بیر لێبکەینەڤە ئەم ل کێرێ بووین و گەشتینە کێرێ؟

خوشك و برایێت خۆشتڤی، زۆر جارا ئێتیهاما من دکەن، ئێتیهاما من دکەن، کو ئەز یێ توندڕەوم، ئەز پرسیارێ دکەم ئەوێت کو ل ئەوێت وێ ئێتیهامێ دکەن، کا دێ من چ داخوازەك کریە ل دەرڤەی دستووری فیدرالی کو ماف دایە مە؟ من چ داخوازەك کریە خارجی وا ئێتیفاقاتێت کو مە کری؟ ئەز نە مرۆڤەکێ توندڕەوم، نە من باوەری ب توندڕەوییێ هەیە، نە من باوەری ب ڕەگەزپەرستییێ هەیە، من دەستێ برایەتییێ و دۆستایەتییێ بۆ هەمی نەتەوا یێ درێژکری، بەس چ جارا من منەتا دکتاتۆرا و شۆڤینیا نەزانییە و نزانم و چ جاراش موساوەمێ ل سەر مافێ مللەتێ کورد ناکەم. ئەز چ جارا ناچم ئزنێ ل شۆڤینیا وەربگرم کا ئەز چ بکەم بۆ گەلێ کوردستانێ؟

خوشك و برایێت خۆشتڤی، ئەم وەکو خەلکێ کوردستانێ د شرین و جوانین ب وێ فەرهەنگێ تەساموحێ، تەساموحا نەتەوەیی، تەساموحا ئایینی یا مەزهەبی، چەند خۆشە وەختێ بسلمانەك و مەسیحییەك و ئێزدییەك ب هەمی ئازادییا خۆ عیبادەتێ خۆ دکەن و تقوسێت خۆ ب جهـ دئینن، ئەڤە لازمە یا بەردەوام بیت هەتا هەتایە، هەر کەسەك د کوردستانێدا یێ ئازادە ل دینێ خۆ، ل مەزهەبێ خۆ، و د دستووری هەرێمێشدا، د دستووری هەرێمێدا، دوو فەقەرێت ئەساسی مە ئێخستنە تێدا، یەك لێ ئەوە چونکی زۆرینەیا مللەتێ کوردستانێ بوسلمانن، نابیت تشتەك بێتەکرن خیلافێ سەوابتێت دینێ ئیسلامێ بی و ئەڤە مەسەلەیەکە ب نسبەتا مە مەسەلەیەکا زۆرا موهیم و مەزنە، یا دی نابی چ تشتەك بێتەکرن، پێشیلیا سەوابتێت دیمۆکراسی بێتەکرن، ئەڤ تەوازنە دێ هێتەڕاگرتن د مومارەسێدا وە دستووری هەرێمێ دێ ڤێ تەوازنێ ڕاگریت.

خوشك و برایێت خۆشتڤی من دڤێ ئەز پڕ ب دل، پڕ ب دل سوپاسییا جەماوەرێ کوردستانێ بکەم هەر ل حەلەبچە و گەرمیان هەتا زاخۆ، چ بۆ ئەو پێشوازیا گەرما کو ل جەنابێ برایێ من سەرۆك مام جەلال کری چ ئەو

پێشوازییا گەرما کو ل من کری یان ل لژنێت هەلبژاردنا لیستا 54 هاتییەکرن، ئەڤە بۆ خۆ پەیامەکە بۆ مە و بۆ هەمی لایەکی. ئەم سوپاسیا وە دکەین، دەست و چاڤێت وە ماچی دکەین، هنگ کوڕ و کیژێت مەنە خوشك و برایێت مەنە. و ئەز داوا لێبورینێ دکەم ل وان دەڤەرێت کو من مەجال نەبووی ئەز بچمێ، دوو جوڕە دەڤەرن حەقیقەت، هندەکا من ب خۆ بڕیاردا نەچم، هندەکاش ئەز ڤێرا نەگەهشتم وەکو دەڤەرا ئامێدییێ، دەڤەرا مێرگەسۆر، دەڤەرا ئاکرێ، بەردەڕەش ئەز ڤێرا نەگەهشتم و وەعدەی ددەمێ إن شاء الله ب زویترین وەخت دێ سەردانا واش کەم، بەس من باوەری یا ب جەماوەری هەی، باوەریا ب ڤان خوشك و برایا هەی چ بچم و چ نەچم ئەو دزانن دێ چ کەن و دێ چ بێژن؟ ئەز نەچووم بۆ دەڤەرا گەرمیان و بۆ دەڤەرا بێتوین و پشدەر چونکی دا خراپ ئێتەتەفسیرکرن، بەلکی وان خویشك و برایا چونکی د ڤێ فەترێ چوویدا من دەراڤ نەبوو، ئەز بچم سەردانا وان بکەم، چونکی من دڤیا ب حەقیقەت خاسسەتەن بۆ گەرمیان، چونکی پشکا مەزن یا ئەنفالا ب بەر وان کەفت، پڕۆژە بۆ بێنەکرن، دوو سالە حوکمەتا هەرێمێ و شەخسێ سەرۆکێ ئەنجوومەنا وەزیران پێڤە، کو ئەم میزانیەکا باش بۆ گەرمیان ب دەستبینین بۆ هندێ بەلکی کێمەك ل ئێش و ئازارێت وا کێمبکەین و سڤکبکەین، ئەو بوو من تەکلیف ب نێچیرڤانی کر بچیتن و یێ چووی و( إن شاء الله) دێ پڕۆژێت زۆرێت مەزن بۆ وان هێنە ڤەکرن بۆ هندێ ئەز نەچووم دا نەبێژن بۆ دەنگا یێ هاتی، و عەینی سەبەب بۆ بێتوین و پشدەر، بەس ئەو جیێت کو ڤێ فەترێت چوویی من سەردان کری ئەز چوومەڤە هەمیا، ئەز چوومە حەلەبچە، چونکی ب ڕاستا شەهیدێت حەلەبچە بوو مە بووینە کلیلا ڤەکرنا گرێیا بەختێ مە وەکو کورد، هەمی مللەتێ کورد، مە هەمیا شەهید و ئەنفالێت داین، هەمی شەهیدێت مە قەهرەمانن، ئەما هەر وەکی من گوتی شەهیدێت حەلەبچە گرێیا بەختێ مە ڤەکر.

خوشك و برایێت بەرکەفتی، بۆ هەڵبژاردنا پەرلەمانێ عیراقێ چ زۆر نەمایە، ئەڤ هەلبژاردنە تەمام ببی( إن شاء الله) هەلبژاردنا پارێزگەها ل کوردستانێ دێ بی وە پڕۆژێ دستووری هەرێمێش دێ کەڤیتە بەردەستێ مللەتێ کورد و پشتی وێ، دویماهیا سالێ دێ پەرلەمانێ عیراقێ هێتەهەلبژاردن. ئەز هیڤیدارم ل هەمی حزب و ل هەمی تاکەکێ کوردستانێ بلا ئەم د ناڤخۆدا ئەگەر مە بۆچوونێت جوداش هەبن زۆر زۆر تشتەکێ تەبیعییە و هەر کەسەکیش ئازادیا خۆ یا هەی، ڕەئیا خۆ دەربڕی، بەس بۆ پەرلەمانێ عیراقێ داوایێ ل هەمیا دکەم، ئەم وەکو کورد د یەك لیستدا دابەزین، ئەم یەکێتیا خۆ بەرامبەر دەرڤەی خۆ بپارێزین ئەگەر مە د ناڤخۆدا خیلافاتیش هەبن. جارەکا دی من دڤێ ئەز ئەهەمییەتا هەڤپەیمانییا پارتی و یەکێتی دووبارە بکەمەڤە و چەندبارە بکەمەڤە، زۆر جارا زۆر دبێژن پارتی غەدر ل خۆ کر و تەسلیمی یەکێتی بوی یان زۆر دێ بێژن مام جەلالی یەکێتییا تەسلیمی پارتی کری، ئەڤە ئاخڤتنێت بێمەعنانە ئاخڤتنێت نە مەسئولانەنە، زەمانێ هندێ یێ چووی ب زۆری کەس کەس قوتدەت، حزبەکا بچویك ناهێتەقوتدان، ڤێجا چ بگەهتە حزبێت هندە یێت مەزن، ئەز و مام جەلال و یەکێتی و پارتی و ئەم هەمی تڤیا تەسلیمی بەرژەوەندا نەتەوەییا خۆ ببین، پارتی و یەکێتی وەکو جووتە برانە د خزمەتا دۆزا نەتەوەییا گەلێ کوردستانێدا وە بۆ خاترا کوردستانێ ڤە هەڤپەیمانی یا هاتییەکرن، شەڕ هاتەکرن مە چ ئیستیفادە ژێکر؟ ل غەیری زەرەر و زیانێ، ل بەر هندێ نە ل بەینا پارتی و یەکێتی، نە ل بەینا چ حزبا نە ل بەینا چ پارچا و چ پارچا جارەکا دی، دێ بێژم نابی خوینا کوردا ب دەستێ کوردا بێتەڕێتن.

خوشك و برايێت خۆشتڤی، ڕۆژا 20ی 5 یَ سالا 1962یَ یەکەم ڕۆژ بی، کو من ئلتیحاق کری و تڤەنگا پێشمەرگاتییێ من هەلگرتی، هەتا ئەڤرۆ و هەتا دمرم ( إن شاء الله)، مەزنترین و بلندترین ناڤ و شەرەف ل نك من پێشمەرگایەتییە و خزمەتا هنگۆیە، ڕۆژا من تڤەنگ هەلگرتی خودێ ل سەر شاهدە د خەیالا منیشدا نەبوی ڕۆژەکێ نە بۆ سەرۆکایەتییا پارتی دیموکراتی کوردستان، کو شەرەفەکا مەزنە، نە سەرۆکایەتییا هەرێمێ، سەرۆکایەتییێ ئەز ب خزمەتکاری دزانم، چ سەرۆکایەتییا پارتی بیت چ سەرۆکایەتیا هەرێمێ بیت، بۆیەش من دەعوا کر هەلبژاردنا سەرۆکێ هەرێمێ ڕاستەڤخۆ بیت، بۆ هندێ زۆر قەسە و قەسالوك دهاتنەکرن بۆ هندێ نەمینن کا مللەت دێ چ بڕیارێ دەت، بلا مللەت بڕیارا خۆ بدەت، ئەڤە مە دەرفەت بۆ مللەتی ڕەخساند و هەر کەسێ ڤیایش خۆ بهەلبژێریت خۆ هەلبژارد و کاندید کر و بۆ مەعلوماتێت وەش، خۆدێ ل سەر شاهدە نە من دەعوا ل ئێکی کریە، خۆ کاندید کە، نە من دەعوا ل ئێکی کریە، خۆ کاندید نەکە، ئەز یێ بێمننەت بیم هەر کەسێ خۆ کاندیدکربا بلا بکەت، ئەز دزانم هەر ئینسانەکی نوقسانی یێت هەی و منیش نوقسانی یێت هەی، هەمی کەسەکی نوقسانییێت هەی، بەس وەللاهی یەك ڕۆژیش من شك ل ئیخلاسا خۆ ل دلسۆزییا خۆ بۆ هنگۆ نەکریە، ئەڤرۆش ئەز خۆ زۆر ب بەختەوەر دزانم زۆر خۆ ب خودان شەرەف دزانم وەختێ بگەهمە کورە شەهیدەکی هند حەق من یێ هەی بێمێ ئەز هەڤالێ بابێ تە بویم.

خالا دویماهیێ خوشك و برايێت خۆشتڤی هیڤیدکەم باش گوچکێ خۆ بدەنێ، هیڤیدکەم باش گوچێ خۆ بدەنێ، د ژیانا خۆدا بۆ من یەك حەقیقەت دەرکەڤت، ئەگەر مللەتەك بڕیارێ بدەت وە مرۆڤی باوەری ب دۆزا مللەتێ خۆ هەبیت، تشتەك نییە موستەحیل بیت ل بەر ئیرادا مللەتەکی، ئەگەر مرۆڤ ل هیڤیا هندێش بیت ڕوینیت و خەلکێ دی بێت تشتی بۆ مە بکە وەللاهی تشتەك ب دەست مە ناکەڤیت. ل بەر هندێ پشت ب خودێ تەوەککول ل سەر خودێ و باوەری ب ئیرادا وە و ب دلسۆزییا وە، مە بڕیارا هەی مە ئیرادەشا هەی، دێ سەری ل سەر دۆزا مللەتێ خۆ دانین و تڤیا ڤە مللەتە ب ڕزگاری و ب سەربەرزی بژیت. ل دویماهییێ جارەکا دی پڕ ب دل سوپاسییا وە دکەم، چاڤ و دەستێت وە هەمیا ماچی دکەم، هەر بژین بۆ کورد و کوردستانێ و سەد سلاڤ ل گیانێ شەهیدێت قەهرەمان.

## 20–(گوتارا ژمارە 20) [1]

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشك و برایانی خۆشەویست**

**هەڤالانی خەباتگێری دلێر**

جەژنی هەڵبژاردنتان پیرۆز بێ، هیوادارم هەمووتان ئەم جەژنە بە گیانی برایەتی و تەبایی و خۆشی بە گیانی لێکبوردن و گەردەنی یەکتر ئازادکردن وە جۆشدانەوەی گیانی هاولاتیبوون و هاوخەباتیکردن ئەم جەژنە بگێڕن، هەڵمەتی بەربلاوی هەڵبژاردنی ئەمجارە دەبێ بۆ دیاریکردنی ویست و خواستی کۆمەلانی خەلك بێت لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەسندکراوی خۆیان، پێویستە ئەم هەڵمەتە بە خۆشی و بە ئاشتی و بە برایەتی و گیانی سپۆرت و خۆشەویستی بەرینە سەر، بێگۆمان هەمووشتان دەزانن کە من لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەشدا هەر

---

[1] ڕادیۆیا دهۆك، 2009/7/22.

هەڵگری دروشمی چەپکە گوڵەکەم، هەرچەندە هیوام هیوادارم بەشی زۆر بە لیستی کوردستانی و جەنابی کاک مەسعود بارزانی دەنگبدەن، چونکە بەمە دەستەبەری سیاسەتی چەپکە گوڵی دەکەین. سەبارەت بەوەی ئەم لیستی کوردستانی نایەوێت ئیحتیکاری پەرلەمان و حکومەت بکات، بەڵکو دەیەوێ هەر لیستە بەشی هەبێ، بەپێی خەباتی خۆی، بەپێی ژمارەی شەهیدەکانی لە پێناوی هێنانەدی ئەم ڕۆژی ڕزگاری و ئازادی و دیموکراسییە و بەختەوەرییەدا، بەپێی ڕاست و ڕەوایی سیاسەت و دروشمەکانی، بەپێی خزمەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵك بەپێی توانای لە پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی نەهاتوونەتە دی، بەپێی سەروەریەکانی وە بیر و باوەڕی ڕاست و ڕەوای خۆی. بۆیە داواکارم هیوادارم کە هەموو هاوڵاتیانی خاوەن دەنگدان بڕژێنە سەر سندوقەکانی دەنگدان وە لە ڕۆژی خۆیدا ئامادە بن.

هەڤاڵانی خەباتگێری دلێر و نەبەزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە سڵاوێکی شۆڕشگێرانەی گەرمەوە پیرۆزبایی و سوپاسی ئەم هەموو هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانەتان لێدەکەم لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، پێموایە ئەمەیان یەکەمین جارە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سکرتێری گشتی و جێگرەکانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتیەوە هەتا سەر هەڤاڵانی مەڵبەند و کۆمیتە و کەرت و هەموو ئەندامەکانی وە بەم گیانی ماندوونەناسییەوە وە بەم جۆش و خرۆشەوە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەن، بەمەش جارێکی تر توانا و جەماهیریەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و خۆشەویستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەناو خەڵکدا سەلماندەوە، خەیاڵی خاوی ئەو سەر لێ شێوانەش، ئەو ناحەزانەش کە پێیان وابوو، کە یەکێتی لاواز بووە و دابڕاوە لە کۆمەڵانی خەڵك، لە کۆبوونەوە دە هەزار کەسی و هەزاران کەسی لە هەموو لایەکی کوردستاندا بەرپاتاندا، جارێکی تریش بۆ هەمووانتان دەرخستەوە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چ هێزێکی گەورەی بەتوانای توند ڕەگ و ڕیشە لەناو خەڵکدا داکوتراوە. هیوادارم ئەم گوڕ و تەوژمەی ئێستاتان، ئەم جۆش و خرۆشەی ئیمڕۆتان بەردەوام بێ بەرەو کۆنگرێسی داهاتوو بۆ نوێکردنەوەی سەرکردایەتی و پێشخستنی خوشکان و لاوان بۆ سەرکردایەتی و پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان، پاراستنی ئەم ڕۆژەی بە خوێنی گەشی شەهیدەکانتان و هیمەتی دلێرانەی خۆتان و هاوکاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی و کاك مەسعود دەپارێزرێت وە ئاواتەکانی خەڵکەکەمان دێتە دی، بۆیە داواتان لێدەکەم بچنە سەر سندوق و دەنگیان بۆ بدەن. وەك دەڵێن (و ختامها مسك) واتە دواییەکەی دەبێ گوڵاوی مسك بێت، بۆیە ڕوو دەکەمە ئێوەی سەربەرز و سەروەر، کەس و کاری شەهیدەکان، پاشماوەی ئەنفالەکان، کەس و کاری زیندانی سیاسییەکان، بە دەنگدانتان بۆ لیستی کوردستانی و سەرۆك مەسعود بارزانی، گیانی پاکی شەهیدانتان لە بەهەشتی نەمریدا شادتر دەکەن، ئیتر هاوڵاتیانی خۆشەویست بۆ پێشەوە بەرەو ڕۆژی جەژنی هەڵبژاردن.

## 21-(گوتارا ژمارە 21) [1]

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشك و برایانی خۆشەویست**

---

[1] ڕادیۆیا دهۆك، 2011/9/20.

زۆر زۆر خۆشحالم، كە ئەم دەرفەتەم بۆم ڕەخسا و خزمەتی ئێوە بكەم وە زۆر زۆر سوپاستان دەكەم بۆ ئەم پێشوازیە گەرمە. تەبعەن ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم ناوچەیە زۆری پێشكەشكردووە بە كوردستان، دە ساڵ من خۆم پێشمەرگە بووم لەم دەڤەرە، مەڵبەندی سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بوو، كە وای لێهاتبوو ناوی گەلاڵە لە بەغدا مەشهورتر لێهاتبوو ئەو سەردەمە، چونكە بارەگای شۆڕشی لێبوو، سەركردایەتی لێبوو، وە ئێمە پێمان خۆشە چەندی بكرێ خزمەتی ئەم ناوچەیە و هەموو ناوچەكانی كوردستان بكرێ، بەڵام ئیمڕۆ كە من هاتووم بۆ ئێرە، ڕاستی من هاتووم بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەیەنم، كە بڕیاری ئەوەمان داوە، كە ئەم ناوچەیە ببی بە ئیدارەیەكی، یەعنی بە ئیدارەكردنی ئەم ناوچەیە بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی ئەم ناوچەیە بكرێت، هەر چەندە ئەوەی من ئەیبینم، ئێرە قەزای سۆران یەكێكە لەو شارانەی كە لە كوردستان، زۆر بە سورعەت گەورە بووە وە بووتە شارێكی گەورە وە منیش لە بیرمە وەختی خۆی ئەم دەشتە یەك خانووی لێنەبوو هیچ، هەر تەنها دیانا بوو، سەیتەرەی حكومەتی عێراقیش لە دوریانی ڕەواندز بوو تەواوی تر، بەڵام (الحمد لله إن شاء الله) هەمیشە كوردستان هەر وا ئاوەدان دەبی و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاوەدانی زیاتر دەبی لە هەموو شوێنەكانی تر. ئیتر ئومێدەوارم دوای ئەوەی كە ئەم بڕیارە جێبەجێدەكرێ و حكومەتی هەرێم ئیشی لەسەر دەكات بۆ ئەوەی تەرتیباتی پێویست بكات، ئیتر ئێوە پێویستیتان بەوە نەمێنی، ئەم جۆرە داواكاریانە پێشكەشبكەن، خۆتان بتوانن ئەمە جێبەجێبكەن، بەڵام ئەو داواكاریانە بە ئەهەمییەت وەردەگرین و من لەگەڵ حكومەتی هەرێم باسیان دەكەین و ئەوەی مومكین ببی (إن شاء الله) ئەكەین بە تەئكید، ئەبی بە جددی لەسەر ئەو گرفتانە بوەستین و هەوڵبدەین چارەسەریان بكەین. من ئومێدەوارم كە ئەو مەسەلەی بۆمبارانی سنوورەی ناوچەكەتان ئەوەش كۆتایی هاتبی، چونكە لەوە دەچی ئەو جهودەی لەگەڵ جەنابی مام جەلال سەرفمان كرد، تا حەددێك ئەنجامی بۆ بی، ئومێدەوارم بەردەوام بی ئەو ئەنجامە و ئەو بۆمبارانە و ئەو تۆپبارانەش نەمێنی، هەرچەندە هێشتا لایەنێكی ماوە، بەڵام لایەكی تر وابزانم تا حەددێك نەتیجەی بووە، كە تۆپبارانەكە بوەستی. ئێستاش بە نیسبەتی ئێمە وەكو خەڵكی كوردستان گرنگترین شت بۆ ئێمە ئەوەیە، یەك هەڵوێستی، هێشتا تەحەددیاتێكی زۆرمان لە پێشە وە پێویستە ئێمە یەك هەڵوێستی خۆمان بپارێزین وە خۆشبەختانەش لەوە دەچی هەر كاتی كە پێویست بە یەك هەڵوێستی بی، هەموو لایەنەكان ئەو ئەهەمییەتی یەك هەڵوێستی ئەزانن و بە كردەوەش ئیسباتی ئەكەن. وە حەز ئەكەم ئێوەش دڵنیا بن كە (إن شاء الله) جارێكی تر كێشەی ئێمە، كێشەی كوردستان بەرەو پاش ناهێتەوە، ئیللا ئەبی بەرەو پێش بچی. ئێمە خوێنێكی زۆرمان دا، قوربانیەكی یەكجار زۆرمان دا، ئەوەی كە بەدەستهاتووە زۆر كەمترە لەو قوربانیانەی كە داومانە، بەڵام ئێستا ئەمە مومكینە، ئێمە ئەبی ئەوەی بەدەستهاتووە بیپارێزین وە كاربكەین بۆ ئەوەی فراوانتر و باشتر بكەین. شت بە عاتیفە نابی، شت ئەبی بە دیراسەت بی وە فەرقێكی زۆریش هەیە، بەینی ئەوەی حەقی خۆتە وە ئەوەی كە دەستهەڵاتی تۆیە، چەند دەتوانی بەدەستبێنی لەو حەقە، ئەوەی كە بەدەستهاتووە، بە هیچ شێوەیەك نابی كەم بكرێتەوە، هەر چەندە بەداخەوە ئێستا هەندێك موحاوەلەتی وا هەیە كە پاشەكشە بكرێ لە دەستوور، لە فیدراڵی، لە زۆر شتی تر، بەڵام ئەمە مەحاڵە، نە گەلی عێراق بەمە ڕازیدەبی، نە ئێمە وەكو خەڵكی كوردستان بەوە ڕازیدەبین. وە ئێستاش ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین، بزانین هەڵوێستی بەغدا چۆن دەبی، بۆ ئەوەی ئایا وەفدی ئێمە بچیت یان نەچیت؟ بەڵام زیاتر ئیحتیمالی ئەوەیە كە وەفدی ئێمە بچیت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو

گرفتانە بکەن کە هەن. بە نیسبەتی ئێمە زۆر زۆر گرنگە ئەوانەی کە ئیمرۆ شەریکی ئێمەن لە حوکم، چونکە ئەم حکومەتە زۆری لەسەر شانی خەڵکی کوردستان دروستبووە، کەس منەتێك لە ئێمە ناکات وە لە کاتی سیاغەی دەستووریش زۆر بە وازحی باسی ئەم مەسائیلانە کراوە، یەعنی هێزی عێراقی، پارچەیی عێراق خۆی لە ئیلتیزامکردن بەم دەستوورە دەبینێتەوە، ئەم دەستوورە وای کردووە هەموومان کۆببینەوە و لە چوارچێوەی عێراقدا بین پێکەوە. ئیمرۆ بە هیچ شێوەیەك بۆ هیچ لایەنێك نە دەکرێ و نە پێیدەکرێ و نە مومکینیشە بە تەنیا و بە کەیفی خۆی تەفسیری دەستوور بکاتن و چۆن بیەوێ و ئەوها دەستوور تەفسیربکات. ئێمە شەریکین وە شەراکەتی حەقیقی ئەبێ لە عێراق قیادە بکرێ، ئەمە مەرجی سەرەکییە وە مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی عێراق ئیستیقرار بکات، تەبیعی هەندێ کەس قسەی زۆر زل دەکەن، بەڵام بپرسن چەند سەعات کەهرەبا هەیە لە بەغدا، مەسەلەی ئێمە هەر ئەوە نییە ئێمە دیفاع لە مافی گەلی کورد دەکەین، حەقێکی تەبیعی ئێمەیە و ئەرکی ئێمەیە دیفاع لێبکەین، بەڵام حەقیقەت ئێمە دیفاع لە حەقی خەڵکی عێراقیش دەکەین، ئێمە بەرگری لە دیموکراسی دەکەین، بەرگری لە شەراکەی حەقیقی دەکەین، ئێمە بەرگری لە دەستوور دەکەین، لە فیدراڵی دەکەین، ئەمە هەمووی کە تەنها ئەوە نییە ئەوەندە پەیوەست بی بە کوردستان پەیوەستە بە هەموو گەلی عێراقەوە. فەرموون ئێمە بەو ئیمکانیاتی ئێمە موقایەسە ناکرێ لەگەڵ ئەو ئیمکانیاتەی کە لە بەغدا هەبوو، لەبەر دەستی حکومەتی مەرکەزی یا حکومەتی فیدراڵی ئیتیحادی، فەرموون چیان کردووە، خەدەمات بۆ خەڵکی عێراق هەر لە بەسرا بگرە تا دێیە کەرکوك، هەندێ شوێن دوو سەعات کەهرەبایان هەیە لەم 24 سەعاتدا، لە هەندێ شوێن چوار سەعات هەیە، خۆ ئەمە ئەبی وەڵامی خەڵکی عێراق بدەنەوە، قەیدی ناکا مەسەلەی کوردستان بڵێ ئەو مەشاکلەی کە هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەیخەینە لایەك، بەڵام وەڵامی ئەمە چی ئەدەنەوە؟ بۆ تا ئێستا هیچ خەدەماتێکتان پێشکەش بە گەلی عێراق نەکردووە؟ بۆ خەڵکی عێراق لەم مەینەتەدا بژی؟ وەختی باسی ئەم مەسائیلانە دەکرێ ئەیبەنە لایەنەکی تر، مەحاڵە ئێمە بیهێڵین بیکەنە خیلافی بەینی کورد و عەرەب موستەحیلە، ئەنفال و کیمیاباران نەیتوانی ئێمە ڕاکێشیت بۆ ئەو هەڵوێستە، یاخود کەسێك بتوانی کەلێنێك دروستبکا لە هاوپەیمانی کورد و شیعە، بەڵام ئەوەی کە کار بەدەستە کە حکومەت بەڕێوە دەبات، ئەبی ئیلتیزام بە دەستوور بکات، کەس ئیمرۆ حاکمی موتڵەق نییە لە عێراق، دەستوورێك هەیە تەحەککوم لە هەموو مەرافقی ئەم وڵاتە دەکات وە ئیلتیزام بەم دەستوورە مەرجە بۆ ئەوەی وەزعی عێراق ئیستیقرار بکات، بۆ ئەوەی ئێمە هەموو لەو مەشاکلانەی لە پێشمانە دەربازبین. ئێمە ئەمە ئەڵێین، خەڵکەك پێیناخۆشە کە باسی تەکرەوی دەکرێ، بەڵێ تەکرەوی هەیە، بۆیە ئێمە باسی ئەکەین، بەڵام لە عەینی وەختیشدا چارەسەریش هەیە، چارەسەر چییە؟ گەڕانەوەیە بۆ دەستوور، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئیتیفاقاتی کە کردوومانە. فەرموون ئەتوانین زۆر بەڕاشکاوی بە دۆستانە باسی هەموو شتێك بکەین، چەندی هەرێم موقەسسەرە تێیدا ئێمە حازرین، ئەگەر وا بی تەقسیر لە ئێمە بی لە شوێنێك ئێمە حازرین، بڵێن بەڵێ وایە و چاکی دەکەینەوە، بەڵام باوەڕبکەن یەك هەنگاومان نەهاویشتووە خیلافی دەستوور، هەرچی کردوومانە بە پێی دەستوور کردوومانە.

مەسەلەی نەوت و غاز، مەسەلەی نەوت و غاز موشکیلەیەکە لە مەشاکل، وا نییە بڵێت تەنها موشکیلە بی، لە کاتی خۆی کە دەستووری عێراق دانرا، ئەڵێت نەوت و غاز موڵکی هەموو میللەتی عێراقە و واریداتیشی بۆ هەموو خەڵکی عێراقە، ئەسڵەن ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نییە لەسەر ئەمە، وە ئەڵێ ئەو کێڵگانەی کە لەمەو

دوا دەردەهێنرێن هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیدارەی دەکات. وەختی خۆی ئیتیفاقمان کرد، ئەگەر قانوون نەچوو بۆ پەرلەمان، چ هەرێم، چ حکومەتی فیدراڵ، ئەتوانی عقودی نەوت ئیمزا بکات، ئیتیفاق کراوە، نەك بڵێی ئێمە خیلافی دەستوور شتێکمان کردبی، تەبیعی ئێستا هەندێ کەس پەیدابوون، بە کەیفی خۆیان ئەڵێن خەرقی دەستوور دەکەن، کوردەکان وا دەکەن و وا دەکەن...حەقیقەت ئەمە هیچ ئەسڵ و ئەساسی بۆ نییە، ئێمە خیلافی دەستووریشمان نەکردووە، بەڵام یەك زەررەش ئێمە ڕازینابین، کەس بە کەیفی خۆی تەفسیری دەستوور بکات، بەپێی میزاجی خۆی. هەروەها گوتم ئێمە پێمانخۆشە، هەموو گرفتەکان بە دیالۆگ چارەسەربێن، هەرێم شەریکە لە حوکم لە بەغدا، زۆر جاری وا هەیە هەندێك کەس ئەڵێن کوردەکان ئەوەی خۆیان بۆ خۆیانە و ئەڵێن ئەوەی بەغداش بۆ ئێمە، نەخێر. ئەوەڵەن عێراق کە دروستبوو، لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، لە عەرەب و لە کورد، ئەمە نییە بڵێی پەرلەمانتەری ئێمە لە بەغدا سی کەسە، چلە پەنجایە، سەدا چەندی هەبی، ئەمانە کوتلەیەکی حزبین یان کوتلەیەکی سیاسین، ئەمانە نوێنەری نەتەوەن، نوێنەری نەتەوەی دووهەمن لە عێراق، بۆیە هێش لە دەستووریش زۆر ئەوە بە ڕوونی هاتووە، کە ئەو لە مەسائیلی سیادی دەربەدەر، هەر قانوونێك ئەگەر نەگونجا لەگەڵ قانوونی هەرێم، قانوونی هەرێم دەخۆن، ئەگینا ئەگەر هەندێك بە تەمای ئەوە بن، هەموو شتەکان ببەنەوە بۆ پەرلەمان، بە تەئکید ئەگەر بوو بە دەنگدان بەو شێوە تەعامول لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێ، ئێمە هیچ شتێك نابەینەوە، بەڵام ئێمە نەتەوەی دووهەمین، عێراق بە ئیتیحادی ئیختیاری، دەوڵەتێکی ئیتیحادی ئیختیارییە، ئێمە بە ئیختیاری خۆمان وتمان، بەڵێ ئێمە لەگەڵ عێراقین، بەڵام بە مەرجێك عێراق خاوەنی ئەم دەستوورەی کە ئێستا هەیە، عێراق عێراقێکی فیدراڵی بی، دیموکراتی بی. لە مەسەلەی واریداتی نەوت ئێمە لەگەڵ ئەوەین، قەیدی ناکا، هەرچەندە غەدریشی تێدایە، سەدا هەڤدە تاکو ئیحساو دەکرێ هەرچەندە ڕائەکەن لە ئیحساو سەدا هەڤدەی، بەڵام حسەی کوردستان ئەبی بچی بۆ هەرێم بێ، بەبێ ئەوەی وەزیرێك لە بەغدا بتوانی بە کەیفی خۆی تەحەککومی تێدا بکات، بیەوێتن وەکو کارتی فشار بەکاربێنێ، دژی هەرێم ئێمە ئەمە قبوڵناکەین، عەلا کوللین من نامەوێ درێژە بدەمە ئەم هینە، بەڵام ئێستا، بەڵێ هەندێك گرفت هەیە بەینی هەرێم و بەغدا، ئەو ڕۆژە من لەگەڵ هەموو برادەرانی خۆم دانیشتم، ئەوانەی لە بەغدان، چ ئەوانی لە حکومەتدان چ ئەوانی لە پەرلەمان وە بە دوور و درێژی باسی ئەم مەسائیلانە کراوە وە خەبەریشمان ناردووە بۆ بەغدا، کە وەفدی ئێمە دێ ئەگەر ئیلتیزام بە دەستوور وە بەو ئیتیفاقاتەی، کە کراوە ئیلتیزام پێبکرێ، ئێمە وەفد دەنێرین ئەگەر ئیلتیزامیش بەو دەستوور و بەو ئیتیفاقاتە نەکرێ، هاتنی وەفد هیچ مەعنایەکی نابی، وەڵامەکانی کە هاتوون ئەوەنە، کە نەخێر ئیلتیزام بە دەستوور بەردەوامە، وە ئیلتیزام بە ئیتیفاقات بەردەوام دەبێتن و لەبەر ئەوە ئێمەش دیراسەتی ئەکەین، حەقیقەت هێشتا بڕیاری نیهائیمان نەداوە، بەڵام ئەگەر وابی و بە هەر حاڵێش دیالۆگ باشترە لەوە، بەڵام ئەمجارە مەسەلەکە زۆر زۆر جدیە، ئەم وەزعەی کە ئێستا... ئەم حکومەتەی ئێستا لە بەغدا لەسەر شانی کورد گەیشتە ئەم شوێنە، ئێستا ئینکاری ئەوە بکرێتن شتێکی ناخۆشە، ئەگەر کورد نەبووبانە ئەم حکومەتە دروستنەدەبوو. تەبیعی ئێمە پێمانخۆشە، چۆن کوردستان پێشکەوی، ئەوەندە ناوەڕاست و جنوب و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عێراقیش هەمووی پێشبکەوی، ئێمە حەزئەکەین شەریك بین لەم وڵاتەدا، حەز ئەکەین پێکەوە بژین، یارمەتی یەکتری بدەین، یەکتری ئیلغاو نەکەین، بەڵام ئەگەر ئەو فەرهەنگە حاکم بی یان لە مێشکی هەندێ کەسدا مابی هێشتا، بەڕاستی زەمانی ئەوە نەماوە، زەمانی ئەوە

نەماوە کەس کەس ئیلغاو بکات وە ئێمە شەریکین، ئێمە تابعی کەس نین. بە نیسبەتی وەزعی هەرێمیش( الحمدلله) ئێستا وەزعی هەرێم و پەیوەندی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن و حیزبەکان بەرەو کەش و هەوایەکی باشتر دەڕوات، وە من هەندێ چاوپێکەوتنم دەستپێکردووە وە بەردەوامیش دەبم، باوەڕ بکەن کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانم قبوڵکرد من بۆ ئەوە نەبوو، بڵێن سەرۆکی هەرێم، من زۆر جار گوتوومە و ئێستا و لە هەموو موناسەبەتێکیشدا دووپاتی ئەکەمەوە، دائیمەن پێشمەرگایەتی لە هەموو شتێك گەورەترە، من مەبەستم ئەوە بوو، چونکە لەم واقعە ڕەنگە ئینسان بتوانی باشتر ئەو ئامانجانە بەجێبگەیەنی:

**یەك**: ماڵی کوردی تەرتیب بکرێتەوە و جارێکی تر خوێنی کورد بە دەستی کورد نەڕژێتەوە، ئەمە یەکێك لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی من بووە، کە من ئەم مەسئولییەتە وەربگرم و کاری بۆ بکەم وە سەربەرزیشم (الحمد لله) وابزانم هەنگاوی زۆر باشمان هاویشت، نەك بلێی لەناو هەرێمی کوردستان بەڵکو لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان سەرتاسەری. خیلافات دەبی، بۆچوونی جیاواز دەبی ئەمە هەمووی تشتەکی زۆر زۆر تەبیعییە بەلاّم کورد شەڕی کورد بکات، کورد خوێنی کورد برژی، نابی جارێکی تر ئەمە دووبارە ببیتەوە.

**دووهەم**: ئەم ولاّتە ببی بە ولاّتی موئەسسەسات. سێهەم پێگەیەکی وا لە بۆ کوردستان دروستبکرێ لەدەرەوە کە شایانی خەبات و قوربانیدانی ئەم میللەتە بی، ئیمڕۆش زیاتر لە وابزانم لە بیست قۆنسولگەری و نوێنەرایەتی حکومەتەکان لەوانە تەقریبەن چوار ئەندامی هەمیشەیی مەجلسی ئەمنن، ئێستا لە هەولێر ئۆفیسیان هەیە وە بارەگایان هەیە، ئەمە هەروا بە خۆڕایی نەهاتووە و ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ میللەتی کورد، جاران باوەڕ بکەن ئێمە مەمنوون بووین بچینە دەرەوە سیناتۆرێك، پەرلەمانتارێك، موەزفێکی دەرەجە چوار و پێنج و شەشی وەزارەتی دەرەوەی ئەم ولاّتی ئەوە دانیشی سەعەتێك، نیو سەعەتێك وەختمان بداتێ بەس گوێ بگری، گوێ لە ئێمە بگری بۆ ئەوەی موعانات و مەئساتی میللەتی خۆمانیان بۆ شەرحبکەین، یەعنی وامانئەزانی دونیا هەموی ئێمەیە ئەگەر یەکێك دانیشی سەعاتێك، نیو سەعات وەختمان بداتێ گوێ بگری پێیبلێین ئەوەندەیان لە ئێمە شەهیدکردووە، ئەوەندە گوندی ئێمەیان وێرانکردووە، ئەوەندە کەسی ئێمەیان ئەنفالکردووە، ئەوەندە قونبەلەی کیمیاوی لە ئێمە داوە بەس گوێ بگری لە ئێمە بۆ ئەوەی باسبکەین، ئێمە پێمان وابوو دەستکەوتێکی گەورەیە. ئیمڕۆ ئێمە گەییشتینە کوێ؟ ئەبێ شوکری خوا بکەین وە شوکری دەست و بازۆی پێشمەرگە و خۆڕاگری جەماوەری کوردستان بکەین.

هی چوارەم هی ناوچە دابڕاوەکانە ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان، زەمەن حەللی ناکات، ئەمە ئەبی بەپێی دەستوور ئەبی چارەسەربکرێ، ئەگەر نە ئەمە موشکیلەیەکە، ئەبی حەلبکرێ، ئەوی بەرژەوەندی عێراقی مەبەست بی، ئەبی ئەم مەسەلەیە چارەسەربکات، ئەوی نەشیا بێ عێراق جێگیر بی و عێراق ئیستیقرار بکات و عێراق بەرەو پێش بچی با لەو مەسەلەیە ڕابکات، بەلاّم ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە وە بە هیچ شێوەیەك موساوەمە لەسەر ئەم مەوزووعە ناکرێ، پاشان زۆریش وازحە بڕیاری نیهائی خەڵکی ئەم ناوچانە ئەیدەن، نە ئێمە ئەیدەین نە حکومەتی فیدراڵ دەیدات، بەلاّم لە دەستووردا هاتووە ئەبی ئەمە جێبەجێبکرێ.

خاڵی پێنجەم کە بە نیسبەتی من ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، ئەمەیە کارێکی جددی ئەیکەین بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی زمانی خوێندن و نووسین، هەموو مللەتێك لەهجاتی جۆراوجۆریان هەیە، ئێمەش وەکو هەر

مللەتێکی تر، بەڵام خەڵکی تر توانیویانە، مللەتانی تر توانیویانە بۆ خۆیان ڕێکبکەون زمانی خوێندن و نووسین دروستبکەن، ئێمەش پێویستیمان بەو زمانە هەیە، بۆیە ئەمە کارێکە مومکینە لە تەمەنی ئێمە ماناندا نەبی بەڵام ئەبی ئیشی بۆ بکەین بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو ئیتر وەختی قسەئەکەن لە قوتابخانەکان یەك زمانی نووسین و خوێندن هەبی، ئەوی تر لەهجە خۆ زۆر جاری وا هەیە ناوچە بۆ ناوچە گوند بۆ گوندیش وەللاهی من زۆریان خۆم، کە قسەیان لەگەڵ ئەکەم، ئەزانم خەڵکی چ ناوچەیەکە یان هی چ گوندێکیشە هەندێ جار لەهجەکان ئەو فەرقە هەیە و دەشمینیتن بەڵام زمانی خوێندن و نووسین ئەمەش کارێکی زۆر زۆر گرنگە وە زۆر زۆریش پێویستە، بەڵام ئەمە ئیشێکی جددی دەوێ خەڵکێکی ئەکادیمی و شارەزا و بسپۆر ئەبی ئەم شتەمان بۆ ئامادەبکەن و جارێکی تریش ئەڵێم مومکینە ئەمە نەوەکانی داهاتوو بەری ئەمە بخۆن ڕەنگە ئێمە مانان پێڕا نەگەین. بە هەر حاڵ من جارێکی تریش خۆشحاڵی خۆم دەربئەبڕم بەم چاوپێکەوتنە، هەمیشە کە دێم بۆ ئەم ناوچەیە بەڕاستی ئینسان زۆر جار بیری سەری زوزك و هەندرێن و ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە، وە دڵنیاش بن هەرچی لە توانا و دەستهەڵاتی ئێمەدا بی ئەیکەین بۆ بەختەوەری ئێوە، بۆ پێشکەوتنی ناوچەکەتان وە( إن شاء الله) هەر سەرکەوتوو و بەختەوەر دەبن و زۆر زۆر سوپاس و زۆر مەمنوون.

**2-گوتارێن نڤیسی:**

**22-(گوتارا ژمارە 22) [1]**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە، هاووڵاتیانی ئازیز، پێشمەرگە دلێرەکان، ئەندام و لایەنگران و جەماوەری پارتی حزب و هێزە نیشتمانپەروەرەکان.

سەرکەوتنی هەموو راستی و شەرعییەت بەسەر دەسەڵاتی دکتاتۆریەت و تیرۆر و فیتنەگێڕاندا، پیرۆز بێت و پێرۆزبایی گەرم بەبۆنەی هاتنەوەی بیرەوەریی 35 ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول.

هەورا پیرۆزبایی گەرم بۆ کەسوکاری شەهیدانی نەمر و گشت قوربانییەکانی شەڕی شوومی ناوخۆ کە... لە ئایاری 1994 دا، بە ناهەق و بەبێ (مبرر) هەڵیگیرساند، کە تەنیا تەفسیرێکی ململانی لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسی بوو، ئەویش دەتوانرا لە ڕێگەی شەرعیەت و هەڵبژاردن و ڕێگەی چارەی سیاسییەوە ببڕێتەوە.

بەڵام... ڕێگەی شەڕ و ستەم و دکتاتۆریەتیان گرتەبەر و، لە ئەنجامدا بەخۆیان تیاچوون و خواست و ئیرادەی میللەت و شەرعییەت و خەبات و رەنجی پارتی سەرکەوت و ریزی گەل لە فیتنەی تێکدەرانی ریزی نیشتمانی خاوێن کرایەوە.

ئەم سەرکەوتنە لوتفی خوای مەزنە، رەحمەتی ئیلاهیە کە بەر کورد و کوردستان کەوتووە و ئەنجامی هیمەتی پێشمەرگەی ئازا و، تێکوشان و خۆڕاگریی لایەنگران و جەماوەری پارتییە. ئەم سەرکەوتنە حەقانیەت و عەدالەتی هەڵوێستی پارتیی سەلماند، کە خوا شایەدە، لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ و نیوی کێشەکە، هەمیشە لە هەڵوێستی دیفاعی و پارستنی مانەوەی خۆی و ماف و دەسکەوتەکانی گەل بووە، لە کاتێکدا کە تاقمی... هەر لە شەڕنانەوە و پیلانگێڕان و زەبروزەنگ و قووڵ کردنەوەی برینی ناوخۆی کوردەواری بووە.

---

(1) گۆڤاری گولان، ژ(86)، 13/9/ 1996.

دەبێ قەدری ئەم سەرکەوتنە بزانین کە لوتفی پەروەردگار و مەرحەمەتی ئەوە. خوای مەزن پشتیوانمان بوو لە خۆڕاگری و لە سەرکەوتندا، چونکە لە سەر هەموو راستی و شەرعیەت بووین.

بەڵام ئەگەر ئێمەش بکەوینە هەڵەکانی... و رەفتاری زۆرداری و نادروستەوە ئەوە خوای گەورە لە ئێمەش قبووڵ ناکات.

جا بۆ ئەوەی تووشی ئەو ئەنجامە نەبین کە تووشی یەکێتی و سەرانی بووە، دەبێ هەموو وزە و توانایەکمان بخەینە کار تا زوڵم و ناعەدالەتی و بێدادی نەمێنێ.

زوڵم و زۆر لە ئەنجامدا هەر نامێنێ.

مانەوە و سەرکەوتن بۆ راستی و عەدالەت و پەیڕەوکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی و شەرعیەتە.

**خوشك و برایانی خۆشەویست:**

ئەمڕۆ (11)ی ئەیلوولە، یادی پڕ شانازیی 35 ساڵەی شۆڕشی نیشتمانیی مەزنی هاوچاخی کوردە.

شۆڕشی ئەیلول بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی نەمر بارزانی گرنگترین شۆڕشی ئەم سەدەیەی کورد بوو، کە کورد و مەسەلەکەی بە دونیا ناساند و هۆشیاری لە نێو نەتەوەی کورددا بڵاوکردەوە و چەندین دەستکەوتی مەزنی دیکەی بۆ کورد هێنا.

بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆزەوە، یادی 35 ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول، سڵاو دەنێرم بۆ گشت ئەو پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانەی کە لە سەرەتای شۆڕشەوە لە ساڵی 1961 دا بەشداری بوون و رەنجیان دا و، فیداکارییان نواند. سڵاو بۆ یادی شەهیدانی نەمری ئەیلوول، بۆ یادی بارزانیی نەمر، بۆ یادی هەموو ئەو رۆڵە وەفادارانەی کە بوونە قوربانیی سەرکەوتنی گەلەکەیان.

35 ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پاش چەند هەفتەیەك لە یۆبیلی زێرینی پارتی دێتەوە، کە بە شانازی و فراوانی لە لایەن ئەندام و لایەنگرانی پارتی و جەماوەری میللەت و دۆستانیەوە کرایەوە.

50 ساڵەی لە دایك بوونی پارتی رۆژێکی میللی و نەتەوەیی مەزن بوو، رۆژێکی گەش بوو لە مێژووی کورد و کوردستان، رەسەنایەتیی پارتی و رێبازی بارزانیی سەلماند، کە لە دڵی گەل و نیشتماندا ریشەی پتەوی داکوتاوە و بە رەشەبای دوژمنان و ناحەزان لەبن نایەت.

بیرەوەریی 35 ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن هەورا لە رۆژێکدا هاتەوە، کە یەکێك لە ئامانجە گەورەکانی بەجێ هێنا، ئەویش لە ناوبردنی هۆی سەرەکییی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیە.

32 ساڵە شۆڕشی ئەیلوول و پارتی تووشی تاقمێکی خیانەتکار بووە، کە پیشەی دووبەرەکی نانەوە و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆبووە، دەیان کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە رێگەی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان، دەیان هەزار رۆڵەی بەکوشت داوە، ئەمجارەش دەیویست دەستکەوتی مێژوویی راپەڕین کە پەرلمانە و فیدراڵییەتە، لە ناو ببات، ئەمڕۆ لە یادی 35 ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولدا کوردستان لە شەڕ و فیتنەی ئەو تاقمە رزگاری بووە، ئەمڕۆ هەلومەرجی یەك بوون و یەکخستنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخواز رەخساوە، چونکە بە تێچوونی تاقمی...و تێکشکانی سیاسەت و رێباز و هێزە عەسکەرییەکانی، هۆی سەرەکیی شەڕی ناوخۆ نەماوە. هەر بۆیەش ئەمڕۆ خەباتی کورد یەك دەگرێتەوە و دەسەڵاتی بڕیاردان دەبێت بەیەك و ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەبێتە یەك دەست، کە ئومێدەوارین بە رێکوپێکی بەڕێوە بچێت.

ئەمڕۆ جاریکی تر، پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو حزبێکی نیشتمانیی گەورە و سەرەکیی کورد لە ساحەی خەباتدا خۆی دەنوێنێ، کە بەڵێن دەدا پابەندی ئازادی و دیموکراتی و فرەحزبی بێت و دەسکەوتەکانی راپەڕین و پەرلەمان بپارێزێت و وەك هەمیشە بێت لە سەر مافە رەواکانی گەلی کوردستان و تۆزقاڵێك موساوەمەی لە سەر نەکات.

پارتی، بە پەیڕەو لە رێبازی بارزانی، ئاڵاهەڵگری ئاوات و مافەڕەواکانی گەلی کوردستانە و، بە وزەیەکی بەرز و ئومێدێکی گەشەوە قۆناغێکی تازە لە مێژووی کورد و کوردستان دەکاتەوە و تێدەکۆشی بۆ چەسپاندنی یەکێتیی ریزی گەل و بزووتنەوەکەی.

لێرەدا سوپاسی بێ پایان بۆ لەشکری کوردستان، بۆ گشت پێشمەرگە و فەرماندەکانی لەشکر، بۆ کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی، بۆ جەماوەری دڵسوز و کۆڵنەدەری کورد، کە پیشتیوانی پارتی بوون لەم ململانێیە سەختەی کە سەرانی یەکێتی بەسەر پارتی و گەلدا سەپاندیان.

... ئەم شەڕەی بە ناهەق بەسەر گەلی کورددا سەپاند. هیچ (مبرر) ێکی نەبوو ئەو دەیویست بە شەڕو ئینقلابی عەسکەری تەواوی دەسەڵاتی هەرێم بگرێتە دەست.

ئێمە ساڵی 1992 لە ئەنجامی هەڵبژاردن تەنازولمان کرد هەر لەبەر ئەوەی شەڕ نەبێ، چونکە هەر لەو سەردەمەدا، یەکێتی خۆی بۆ شەڕ ئامادە کردبوو.

پاشان کە حکوومەتی هەرێم و ئیدارات دامەزرا، سەرۆکایەتی وەزیران و وەزارەتە گرنگەکان بەوان دارن، لە دامەزراندنی ئیدارات بەشێکی هەرە گرنگیان بەرکەوت.

بەڵام بە هیچ لەو ئەنجامانە رازی نەبوون، لە سەرەتای ئایاری 1994 ەوە ئینقلابە عەسکەرییەکەیان دەست پێ کرد، تا بە چەك و زۆرداری و شەڕ و کوشتن دەسەڵاتی تەواوی کوردستان زەوت بکەن.

باری کوردستانیان دووا خست و ژیانی خەڵکیان تووشی دژواری و سەختی کرد، دەیان هەزاران هاووڵاتییان ماڵوێران و بە کوشت دا، لە ئەنجامیشدا دەستی بێگانەیان راکێشایە ناو وڵات، تا ئەو ڕادەیە کە شەری 17/16ی ئاب پیلانێکی گەورەی خەتەرناکیان دەست پێ کرد و، بەپشتیوانی و هاوکاریی هێزی عەسکەری بێگانە جەولەی سێهەمی شەڕیان دژی شەرعیەت و پارتی و گەل و دەسکەوتەکانی هەڵگیرساند.

ئەم پیلانە تازەیان زۆر گەورەتر بوو لە جاران، هەڕەشەی تەواو بوو لە مان و نەمانی گەلی کورد و ئایندەی مەسەلەکەی خستە مەترسییەکی جیدییەوە. هەر بۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوو، بە هەر شێوەیەك بێ، ئەو پیلانە دژی کوردە پووچەڵ بکاتەوە، ئەوە بوو پارتیی تێدا سەرکەوت، نەبەس وجود و مانەوەی کوردی پاراست بەڵکو دەسکەوت و مافەکانیشی لە فەوتان رزگار کرد، بە تایبەتی پەرلەمان، کە لە رۆژانی دژواری موقاوەمەتدا پارتی توانای خۆی بەکارهێنا و هەلی کۆبوونەوەی پەرلەمانی رەخساند و لە 3ی ئەیلوولدا بڕیاری درێژ کردنەوەی ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تا 4 ی حوزەیرانی ساڵی 1998 وەرگرت، بەڵام جەلال تەلەبانی رایگەیاندبوو و سوێندیشی خواردبوو کە ناهێڵێ ماوەی پەرلەمان درێژەی پێ بدرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بە درێژایی نزیکەی دوو ساڵ و نیو بە نادڵی و بە پێچەوانەی خواستی خۆی ناچار بوو شەڕ بکات، شەڕێك کە ناهەق تووشی بوو بوو.

ئەو شەڕە شەڕی ئیمان و بێ ئیمانی، شەڕی نیشتمانپەروەری و خیانەت بە نیشتمان، شەڕی ئەخلاق و بێ ئەخلاقی و شەڕی کوردایەتی و جاشایەتی بوو.

لە ئەنجامێشدا، بە لوتفی خوای مەزن، هەق و عەدالەت سەرکەوت.

پارتی سەرکەوت. ڕێبازی بارزانی نەمر سەرکەوت، پێشمەرگەی پارتی و بارزانی، پێشمەرگەی لەشکەری کوردستان سەرکەوت. میللەت و مەسەلەکەی سەرکەوت.

ئەوە سەرکەوتنی ئاوات و بەرژەوەندی و ئایندەی میللەت و مەسەلە ڕەواکەیەتی.

جێگەی شانازیە، کە پیشتیوانی میللەت و لایەنگریی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی، هێزی مەعنەوی و مادیی ئەم سەرکەوتنەیە. بڕوا و متمانەی میللەت بە پارتی بەڵگەی زیندووی ڕاستی و دروستیی ڕێبازی پارتییە.

لەم نەبەردەدا میللەتی هۆشیاری کوردستان جارێکی تر ئیسپاتی ئەو حەقیقەتەی کردەوە، کە مللەت قەت بە هەڵەدا ناچێ لە ئاستی ناساندن و ناسینەوە و دەسنیشانی بەرەی نیشتمانیی دڵسۆزی ڕۆڵەکانی لەلایەك و بەرەی خیانەتکار و جینایەتکاران لە لایەکی دیکەوە.

... وای دەزانی، بەسیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن، دڵی میللەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام وەختێك ڕۆژی کەوتنی ئەو هات هیچ کەرتێکی گەل بە دەنگیەوە نەچوو، تەنیا مایەوە و، بە بەرچاوی خەڵکەوە لەبەر هێرشی مەردانەی پێشمەرگەی پارتی هەڵدەهات. لە هیچ جێگەیەك میللەت بە هانایەوە نەچوو. نە لە هەولێر، نە لە کۆیە و ڕانیە، نەش لە سلێمانی، جەماوەری گەل بە هیچ شێوەیەك پشتیوانی خۆی لە... و تاقمەکەی پیشان نەدا، تەنانەت هەستی بەزەیی و ئەفسووسیشی بەهەرەسهێنان و کەوتنیان دەرنەبڕی. دەرکەوت کە لە مێژە لە میللەت دابڕاون و لە نیشتمان پچڕاون.

... وای پیشان دەدا کە شاری سلێمانی پایگای پتەوی ئەوە. هەر چەندە بە زۆر دەسەڵاتی خۆی بە زەبر و زەنگ بە سەر سلێمانیدا داسەپاند بوو، بەڵام ئێمە دەمانزانی کە هاوولاتییانی ئازیزی سلێمانی ئازادیخواز و هەقپەروەر و سەر بەرزن، لە گەڵ ڕەفتاری ستەمکارانە و فاشستییانەدا نین، دەمانزانی کە شاری سلێمانی، شاری شێخ مەحموودی نەمر، شاری ئازادی و ئاشتی و برایەتییە، لایەنگری هەمیشەیی ڕێبازی میللی و نەتەوەیی خاوێن و نەگۆڕە، هەر بۆیەش دڵنیا بووین کە خەڵکی شەرەفمەندی سلێمانی پشتیوانی ڕێبازی بارزانی نەمر و هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی پارتی دیموکراتی کوردستانن، هەر ئەوانیش بوون کە بەهەستی نەتەوەیی بەرز و هەڵوێستی نیشتمانیی بێ گەردەوە، لە پاییزی ساڵی 1993 دا ئەو پێشوازییە میللییە فراوانەیان لە تەرمی پیرۆزی بارزانی نەمرو ئیدریس بارزانیی جاویدان کرد.

ئێمە دەمانزانی و بڕوای پتەومان بوو بەوەی کە شاری سلێمانی هەر لە ساڵی 1946 و ساڵەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە، مەڵبەند و پایگای پارتی دیموکراتی کوردستانە.

ئەمڕۆ خەڵکی سەربەرزی سلێمانی ئەو حەقیقەتەیان سەلماند و هەر بە خۆیان... و تاقمەکەیان لە شار دەرپەڕاند، بەوەش سلێمانی لاپەڕەیەکی گەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ شانازیی بزووتنەوەی ڕزگاریزی کورد و شان بەشانی خەڵکی هەولێر و کۆیە و ڕانیە و دوکان و شارەکانی دیکە خۆیان لە ڕەفتار و دەسەڵاتی... و تاقمەکەی ڕزگار کرد.

هەرێمی کوردستانی عێراق ئەمڕۆ بۆتە بە یەکپارچە، بۆتە بە یەك دڵ و یەك دەست و یەك دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی.

بەم بۆنەیەوە لە لێپرسراوان و کادیر و ئەندام و دۆستانی پارتی و پێشمەرگە و فەرماندەکانی لەشکەری کوردستان و بەڕێوەبەرانی ئیداریی هەرێم و دەزگاکانی دەخوازم دڵسوزانە کار بکەن، لە خزمەتی هاووڵاتییانا بن، ئەرکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ئەنجام بدەن، رووی راستەقینەی پارتی و جەوهەری ئینسانی و نیشتمانیی رێبازی بارزانی نەمر نیشان بدەن، کە رێبازی دادپەروەری و رێزنان لە ماف و کەرامەتی هاووڵاتییانە.

ئەرکی لێپرسراو و لایەنگر و فەرماندە و ئیدارییەکانی پارتی ئەوەیە کە ئیسپاتی بکەن کە دەسەڵاتی پارتی دەسەڵاتی گەلە و بۆ خزمەتی گەلە و بیسەلمێنن کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتیدا ئاسایش و ئازادی و ماف و شەرەفی خەڵکی پارێزراوە و، هاووڵاتییان بە دڵنیاییەوە بڕوا و متمانەی خۆیان بە پارتی بدەن.

پاراستنی ژیان و ماف و کەرامەتی هاووڵاتییان بەرزترین ئاوات و ئامانجی تێکۆشانی پارتی بێت. هەوڵ بدەین ژیانێکی بەختەوەر بۆ گەلەکەمان دابین بکەین.

بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ ئاستێك و هیچ کەسێك رەفتاری پێچەوانەی ئەو ئامانجانە قبووڵ ناکرێت. دەبێ هەر کاربەدەست و هەر کادیر و لێپرسراوێکی پارتی لە هەر پلەیەکدا بێت، ئەگەر رەفتارێکی ناڕەوا و نایاسایی و ناگونجاوی بەرامبەر هاووڵاتیان کرد، یەکسەر سزا بدرێت، بە لابردنی یا هەر (اجراءات) ێکی دیکە.

هەروا لێپرساو و ئەندامانی پارتی و فەرماندەکانی لەشکر و ئیدارەکان داوا دەکەم، لە گەڵ لایەنگرانی یەکێتی بە گیانی لێبوردن و (تسامح) و کوردەواری و رەوشتی بەرزەوە رەفتار بکرێت و وەکو رەفتاری سەرانی یەکێتی بەرامبەر بە لایەنگرانی پارتی نەبێت.

دەخوازم لە دامو دەزگاکانی پارتی بە گیانی تۆڵە و رق و کینە بەرامبەر بە لایەنگرانی یەکێتی رەفتار نەکەن، بەڵکو پەیڕەوی رێبازی بارزانیی نەمر بن، کە لەسەر بناغەی لێبوردن و سنگ فراوانی و (تسامح) و یەکخستنی ریزی گەل و پارستنی گیان وماڵی کوردە.

گەل، ئەمڕۆ پێویستی بە یەکبوونی ریزەکانی هەیە، باشترین شێوەی یەکخستنی گەل رێزنان لە ماف و ئازادییە سیاسیەکانیەتی.

پارتی حورمەتی ئازادی و سەربەستیی چالاکی سیاسیی حزب و هێز و کۆمەڵە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێت، تەنانەت بەرامبەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەگەر کەسانێك لە سەران و بەڕێوەبەرانی هەبن، دان بە واقعی تازەدا بنێن، ئەوە ماوەی تەواویان پێ دەدرێ بۆ دەسپێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی یەکێتی لە چوار چێوەی شەرعیەت لە سەر بناغەی یاساکانی پەرلەمان.

پارتی زامنی ئازادی سیاسی و فرە حزبی (تعددیەت) و جێ بەجێ کردنی یاساکانی پەرلەمانە کە چاکترین بناغەن بۆ داڕشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی هەرێم، ئێمە یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان، لە سەرووی هەمووی فیدرالیەت و خودی پەرلەمان، بە گشت توانایەك دەپارێزین.

کاروباری ئیداریش رێك دەخەینەوە کار دەبێت بە کاردان بدرێت و دەزگاکان لە سەر بناغەی زانست و شارەزایی و پسپۆڕی دابمەزرێنەوە.

دەسەڵات دەبێت لە خزمەتی گەلدا بێت، بۆ پێشکەوتن و کامەرانی بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ئاشتی و ئارامی و چاککردنەوەی باری ژیان و گوزەرانی خەڵك.

بە کورتی ئێمە وەزعی هەرێم بەرەو هەڵبژاردنێکی ئازاد دەبەین، قاعیدەی حوکمڕانی فراوانتر دەکەینەوە، حزب و هێزی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵەی کوردەواری لە حوکمدا بەشدار دەکەین، ئەمن و ئاسایشی هەرێم دابین ئەکەین، ڕێز لە فرەحزبی و ئازادی سیاسی هەموو لایەکی نیشتمانپەروەر دەگرین، بە گشتی دەبێت یاسا دەسەڵاتداری ئەساسی بێت و میلیشیاکان و بەرەڵڵایی و دەسدرێژی نەمێنێ، تەنیا یەك لەشکر دەبێت کە لەشکری کوردستانە. بە هەموو ڕێکخراوێکی ئینسانیی نێو دەوڵەتی و کارمەندانیان رادەگەیەنین کە لە کار و هاتوچۆدا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانا ئازادن و ژیانیان پارێزراوە و جێگەی حورمەت و ڕێزی پارتی و حکومەتی هەرێم دەمێنن و هاوکاری و پشتیوانییان لێ دەکەین بۆ ئەنجامدانی ئەرکە مرۆڤایەتییەکانیان. هەوڵیش دەدەین پەیوەندی هەرێم بە وڵاتانی دراوسێوە تەبیعی و ئارام بێت لە سەر بناغەی وێزنان لەیەکتر و کەس دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆی ئەویتر بەڵام پەیوەندیی ئیقلیمیمان لە سەر حیسابی مافی گەلی کورد لە گەڵ هیچ لایەك نابێت.

بەم بۆنەیەوە وە بیری دەخەینەوە کە هەوڵمان داوە و هەوڵ دەدەین، بە هاوکاری کۆڕ و کۆمەڵەی نێو نەتەوەیی، تا زوورترین کات بڕیاری 986ی مەجلیسی ئەمن جێ بەجێ بکرێت، بە فرۆشتنی مقدارێکی نەوتی عێراق بۆ دابین کردنی ئازووقە و دەرمان و پێداویستیی دیکەی هاووڵاتییان.

هاووڵاتییانی گشت شارەکانی کوردستان دڵنیا دەکەین کە پابەندی ماف و ئایندەیان دەبین، تۆزقاڵێك لە مافی ڕەوای نەتەوەیی گەلەکەمان لا نادەین، ئێمە سەربەخۆیی بڕیاری خۆمان کە لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە، دەپارێزین. بە پێچەوانەی موزایەداتی...، ئێمە بەهەمان ئەندازە گرنگی و بایەخ بە ژیان و ئایندەی خەڵکی هەولێر و سلێمانی دەدەین، بەهەمان ئەندازە و رادەش گرنگی و بایەخ بە ژیان و ئایندەی خەڵکی کەرکوك و دهۆك و شار و شارۆچکەکانی دیکە دەدەین، بەلای ئێمەوە مافی کورد یەکپارچەیە و جیا ناکرێتەوە، مەسەلەی کورد یەکە و جیا ناکرێتەوە، ئەوە سیاسەتی چەواشەی... بوو کە دووبەرەکی و جیاوازیی دەخستەوە و ناوچەگەرێتی و فیتنەی ڕەشی بڵاو دەکردەوە و هەوڵی دەدا ڕێبازی پارتی و بارزانی بە چەواشەیی نیشان بدات و لایەنگرانی خۆی گومڕا دەکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان واقیعبینانە بۆ مەسەلەکان دەڕوات و بڕوای بە گومڕایی و چەواشەکاری نییە، بەڵکو پێویستی بەمجۆرە دیماگۆگییەتە نییە، چونکە ڕێباز و ئامانجەکانی روون و ئاشکران.

پارتی تا بۆی بلوێ، ناهێڵێ میللەتی کوردستان جارێکی دیکە تووشی کارەسات و ئاوارەی و ماڵوێرانی بێت، لە هەمان کاتیشدا پابەندی مافە ڕەوکانی گەل دەمێنیت.

ئیتر سوپاسی بێ پایان بۆ لوتفی پەروەردگار.

شوكر بۆ ڕەحمەتی خوای مەزن و سوپاس بۆ هەڵوویستی نیشتمانیی بەرزی میللەت و فیداکاری و هەڵمەتی پێشمەرگە و خۆڕاگریی گشت هەڤاڵان، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە جارێکی تر گەل و نیشتمان تووشی دەرد و بەڵای دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ نەبێت. هەر شادو سەرکەوتوو بن.

### 23-(گوتارا ژمارە 23) [1]

**لە سەدەی داهاتوودا لە هەموو شتێك دەچینە ریزی گەلانەوە :**

**بە ناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

**خوشك و برایانی خۆشەویست**

**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان**

ئەمڕۆ دوا ڕۆژی سەدەی بیستەم بەجێ دەهێڵێن و، بەیانی پێ دەخەینە ناو سەدەیەکی تازەوە، لەم بۆنە مێژووییەدا مایەی خۆشحاڵیمە، کە دەرفەتم هەیە پیرۆزبایی لە تیکڕای خەڵکی کوردستان بە کورد و کەمە نەتەوایەتییەکان و، هەروەها تەواوی مرۆڤایەتی بکەم و، هیوا بخوازم، کە سەدەی نوێ سەدەی دیموکراتی و ئاشتی و مافی مرۆڤ و، ئازادیی گەلانی بن دەست بێ و، ئەو جەور و ستەمەی لە سەدەی بیستەمدا لە مرۆڤایەتی کرا و، ئەو شەڕ و ماڵوێرانییەی بەسەری هات جارێکی دی دووبارە نەبێتەوە و، هەموو گەلانی دنیا لە داهاتوودا بە ئاشتی و، تەبابی و، سەرفرازی بژین.

میللەتی کورد خۆشحاڵە، کەوا ئەمڕۆ دنیا گەیشتۆتە ڕۆژگارێك ئیتر گەلان لە نێو ناچن و، مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە چارە نییە پێویستە مافی (تدخل)ی مرۆڤایەتی هەبێت، لە کاتێکدا میللەتێك هەڕەشەی لە ناوبردنی لێ دەکرێت و، کوردیش ڕۆژی خۆی گەیاندووەتە ئێستا و لە سەر ئاخی خۆی و بە زمان و کەلتووری خۆیەوە ماوەتەوە، گەلی کورد سەرەڕای ئەو زوڵم و ستەمەی بە درێژایی چەندان سەدە لێی کرا هەر بە خۆراگری مایەوە و، لە ناو نەچوو، ئەگەر یەکێك سەیری دواوە بکات و لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبداتەوە بۆی دەردەکەوێ، کە نرخ و باجی ئەم مانەوەیە بۆ چەند گەورە بوو، چ قوربانییەکمان لەم پێناوەدا داوە. ئەگەر تەنیا باسی کارەساتەکانی سەدەی بیستەم و خەباتی قوربانییەکانی کورد لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە بکەین، کاتێکی زۆرمان دەوێ. هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا زوڵمێکی مێژوویی گەورە لە نەتەوەکەمان کرا و، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانمان یەك لە دوای یەك سەرکوت کران و سەردارەکانی میللەتی کورد چوونە بەر پەتی هەڵواسین و لە داردران، وەکو شێخ عەبدولسلامی بارزان و شێخ پیران و قازی محەمەد.

لە پەیمانی لۆزانی ساڵی (1923) و، ڕێککەوتنی شوومی جەزایری ساڵی (1975) پیلانی نێو دەوڵەتی گەورەمان لێ کران، چەکی کیمیایی و ئەنفال و شوێن بزرکردنی بە کۆمەڵ و، هەڵواسینی بە کۆمەڵ و، سووتاندنی خاك و قەدەغەکردنی زمان و کلتوور، زۆر بە فراوانی بەرامبەری کورد بەکار هاتن و، هێشتاش لە گەلێك شوێنی

---

(1) گۆڤاری گولان، ژ(260)، یەك شەممە 2000/1/6.

ولأتەکەماندا دەرگای بچووکترین مافی نەتەوەیی بۆ کورد پێوە دراوە، بەلأم وێڕای ئەمانەش کورد هەر بە زیندوویی مایەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەخاکی خۆیەوە نووساو لێی جیانەبووەوە.

شۆڕش و ڕاپەرینەکانمان لە بیست و سییەکاندا بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید و شێخ ئەحمەدی بارزان هەر درێژەیان کێشا، لە سەرەتای سالأنی چلەوە تا دەگاتە ناوەڕاستی حەفتەکان، شۆڕشی نوێی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی گەیشتە ئەو پەڕی بەرزی و پێشکەوتن.

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپەڕینی کوردی لە ناوچەییەوە گۆڕی بۆ سەرتاسەری و بیری نەتەوایەتی بردە سەرەوەی بیری خێلأیەتی. شۆڕشی ئەیلوول وای کرد، کە کورد ئیتر متمانەی بە خۆی و پاشەڕۆژ بەهێز بێ و دڵنیابێ لەوەی، کە دەتوانێ بە چەکێکی سادە و بە هەژاریشەوە بەرەو ڕووی سوپای گەورە ببێتەوە، چونکە خاوەنی دۆز و داوایەکی ڕەوایە و، خاوەنی سەرکردایەتییەکی بەرچاو و ڕوونە و هەر دەبێ سەرکەوێ. ئەگەر بە وردی بیری لێ بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێ، شۆڕشی ئەیلوول یەکێك بوو لە شۆڕشە گەورەکانی جیهان، یەکێك لە شانازی و ناسنامەکانی کورد لەم سەدەیەدا، کە بەجێیێ دەهێڵین، شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە.

میللەتی کورد لەم شۆڕشەدا و لە سایەی ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە سەرۆکایەتی بارزانی بە دنیای ناساند و، کێشەکەی چووە ناو کێشە گرنگەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست. ئێمە لە کوردستانی عێراق لە ئاداری (1975) گەورەترین زوڵمی مێژووییمان لێ کرا و بە پیلانێکی گەورەی نێودەوڵەتی شۆڕشەکەمان دووچاری نسکۆیەکی گەورە کرا و، ئێمەش لە مەسئولیەتی خۆمان ڕامان نەکرد و ڕاناکەین، لە سالأنی هەشتاشدا چەندان هێرش و هەلمەت بۆ سڕینەوەی کورد بەکار هاتن و، ولأتەکەمان مالۆێران کرا و، بە هەزاران گوند و دەیان شار و شارۆچکە لە گەڵ زەوی دا تەخت کران، شوێن بزرکردن و ئەنفال کردنی دەیان هەزار هاوولأتی گوندنشینی کورد لە سالأنی (1983 , 1988 , 1987) و، لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لوتکەی قوربانییەکانمانن، بەلأم لە دواجاردا بەشێك لە نرخی ئەم قوربانی دا نەمان بەدەست هێنا و، ئێستا خۆمان لەم بەشەی کوردستاندا دەسەلأتداری خۆمانین.

مایەی شانازییە بۆمان، کە شۆڕشەکەمان لە سەدەی بیستەمدا لە ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسلامی بارزانەوە تا ئەمڕۆ نزیکەی یەك سەدەی تەواو خەباتی بەر پەتی سێدارە و خوێن بەخت کردن بووە، بەلأم لەبەر ئەوەی خاوەنی دۆز و ئامانجێکی ڕەوا بووین بە پاکی هێناومانە و، یەك ڕۆژیش پەنامان بۆ کاری تیرۆریستی و شێوەکانی نامەشروع نەبردووە و، زوڵمان لە خەڵکی بێ خەتا نەکردووە، هەر چەندە گەورەترین زوڵم لە خەڵکی بێ گوناهی میللەتەکەشمان کرابێ، ئەوەی ئەمڕۆش لە سایەیدا دەژین بەرهەمی ئەو پرنسیپە بێ گەردەیە و، هەر دەبێ بەم شێوەیەش بمێنین و بە شانازی و ڕوو سپییەتییەوە ڕوو لە سەدەی بیست و یەك بکەین.

**خوشك و برایانی خۆشەویست:**

کوردستانی عێراق ئەمڕۆ ئازادە و لە چوارچێوەی ئیدارەی خۆماڵی بە ئازادی و سەرفرازی دەژین. وەك دەبینن ئێمە لە نیمچە سەربەخۆییەکدا دەژین، بەلأم لە هەموو کاتێکیش زیاتر بڕوامان بە گفتوگۆ و چارەسەری کێشەکەمان بە شێوەی ئاشتیخوازی و عێراقی یەکگرتووی دیموکراتی هەیە و، هەرگیز پەنا بۆ مجازفە و کاری

سەرپیێ نابەین و، لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی میللەتێك و مێژوویەکمان لە ئەستۆدایە، ئێمە بەهۆی ناسیکی ئەو بەرپرسیاریەتییەی، کە هەمانە ناچارین حیساب بۆ هەموو هەنگاوێك بکەین، ئەمەش بەرهەمی تاقی کردنەوە و کلتوری یەك سەدەی ئێمە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، تاقی کراوەتەوە کە زۆر جار هەڵەی بچووك، زیانی گەورەی دەبێ. ڕاستە ئاوات و خواستەکانمان زۆرن و ئێمەش وەك تەواوی گەلانی دنیا هەموو مافێکمان هەیە، بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ زۆر جار لە نێوان ڤیان و ژیاندا دیوارێکی بەرز هەیە، دەبێ مرۆڤ پێ بەقەدەر بەڕی خۆی ڕاکێشی. پاراستنی ئەم دەستکەوتەی، کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا بەدی هاتووە لە ئەستۆی هەموو کوردێکە بەبێ جیاوازی، هەر کوردێك لە هەر شوێنێکی کوردستان، یان لە دەرەوەی کوردستان بێ دەتوانێ بەشداری لە پاراستنی ئەم شانازییە بکات و، بەگوێرەی توانای خۆی هەوڵی بەرەو پێش بردنی بدات و، بەهی خۆی بزانێ. بە ڕاستیش ئەم دەسکەوت و تاقی کردنەوەیە هی هەموو کوردێکە. هەر کەسێك و لایەنێکیش دەست درێژیی بکاتە سەر ئەم دەسکەوتە یان بیەوێ تێکی بدات، یا لەکەداری بکات، ئەوا دەست درێژی کردۆتە سەر هەموو میللەتی کورد. ئێمە ئامادەین لە پێناوی پاراستنی بەرهەمی خوێنی شەهیدان و، ماندووبوونی دەیان ساڵەی میللەتەکەمان و تێکۆشانی بارزانیی نەمر، هەموو شتێك بەخت کەین، بۆ ئەوەی ئەم سەرفرازییە بمێنی و جارێکی تر ماڵی کورد نەشێوێ و، میحوەری بنەڕەتی خەباتی ئەمڕۆمان پارستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییەیە، پاراستنی تاقی کردنەوەی فیدرالیزم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەروەها بەرەو پێش بردن و، چەسپاندنی دەسکەوتەکانە ئەویش لەسەر ئەم بناغانە دەبێت:

**یەکەم** : پاراستنی تاقیکردنەوەکەمان لە شەڕ و دەست تێوەردانی ناحەزان، ئەم تاقیکردنەوەیەی، کە ئەمڕۆ هەیە و، لە کوردستانی عێراق بەڕێوە دەچێ، شەرعیەتی خۆی لە خوێنی هەزارەها شەهید و، ڕەنج و ماندووبوون و فرمێسك ڕشتن وەرگرتووە، شەرعیەتی خۆی لە دەنگدانێکی سەرتاسەریی خەڵك وەرگرتووە و، هەر کەسێ ڕێز لەم ویست و ستەمان نەگرێ و پێشێلی بکات، دەکەوێتە بەردەم مەسئولیەتێکی مێژووییەوە.

**دووەم** : بەرەو پێش بردنی پرۆسەی ئاشتیی ناوەخۆ بەهەنگاوی باش، تا بە تەواوی لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆنەوە خواست و ویستی میللەتەکەمان سەر دەکەوێ. هیوادارین ئاشتی باڵ بکێشێ بەسەر تەواوی هەرێمی کوردستان و، جارێکی تر شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ یەکەمان نەگرێتەوە، ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە، ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوو شەڕی ناوخۆ و گێچەڵ و دەست درێژییەکانی پەکەکە نەبووایە، دەمانتوانی هەنگاوی باشتر بنێین و تاقیکردنەوەکەمان باشتر بچەسپێنین و، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر کاری باشتر ئەنجام بدات.

**سێیەم** : پاراستنی سیستەمی دیموکراتی و فرە حزبی و پەرلەمانی لە کوردستان عێراقدا و، بەشدارکردنی زۆرترین خەڵکی کوردستان لە بەڕێوەبردندا، هەڵبەتە ئەمەش لە ڕێگەی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ و، کاری ئازادانەی ئەحزاب و سەندیکاکان و، ئازادیی ئابووری و بازرگانی دێتە دی، هەروەها ئێمە ئامادەین و سووریشین لەسەر ئەوەی، کە هەڵبژاردنی گشتی لە زووترین کاتدا بکرێتەوە و، پەرلمانێکی نوێ بێتەکایەوە، هەڵبژاردن چاکترین چارەسەرە بۆ کێشەی ناوخۆمان، لە بارەی پێکەوە ژیانی ئاشتی لەگەڵ

دراوسێیان و، پارستنی مافی سیاسی و کلتووری کەمە نەتەوەکانی ناو کوردستانیشەوە دەڵێین : ئێمە وەکو میللەتی کورد، سالأنی سالْ چەوساوەی دەستی زولْم و ستەم بووین، غەدری ڕۆژگارمان چەشتووە، بۆیە بڕوای تەواومان بەهاوژیانی ئاشتییانە هەیە لەگەڵ کەلانی دراوسێ، بە تایبەتی عەرەبی برامان لە عێراقدا. هەروەها ئێمە ڕێز لە مافی کەمە نەتەوەکانی ناو کوردستان دەگرین و بڕوامان بە مافی تەواوی تورکمان و ئاشووری و کلدان هەیە و، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێگە نادەین بچووکترین مافیان بخورێ. من خۆم وەکو شەخسیش، خۆم بە پارێزەری مافی ئەوان دەزانم و، کەس لەدەرەوە ناتوانێ لە ئێمە دڵسۆزتربێ بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەڵام هەموو مافێکیش لە چوارچێوەی یاسادا دەبێ و دەبێ هەموو لایەك هەوڵ بدەین یاسا سەروەر بێ و لەسەرووی هەموانەوە بێت و، هەموومان پابەندی یاسابین، بەمەش ئێمە دەتوانین مافی هەموو کەسێ لە کوردستان بپارێزین، نە کەس زۆرداربێ و، نەکەس زۆر لێکراو، نەکەسیش لە سنووری خۆی تێپەڕێنێ.

**چوارەم**: ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق و خۆش کردنی ژیانی خەڵکەکەی. ئەمەش لە ڕێگەی پیشتیوانی و هاوکاریکردنی کابینەی چوارەمی حکوومەتی کوردستان و، ئەو ئەرکانەوە دێتە دی، کە بەر لە چەند ڕۆژێ لەگەڵ دەست بەکاربوونی خۆی ڕایگەیاند. هەڵبەتە بەدیهاتن و جێبەجێ بوونی ئەم ئەرکانە بەدەست لەناو دەستی تەواوی خەڵکی کوردستان و، لایەنە سیاسییەکان و پشتیوانییان لەم پرۆسەیە دەبێ.

**پێنجەم**: بەرپاکردنی باشترین پەیوەندییە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتی و ئاژانسەکانی (**UN**) بۆ بەردەوامی ئەزموونی دیموکراتی بە پیێ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و، گەلانی ناوچەکە و، پەیوەندیی باشی جیران خۆشی و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری، پێویستە هەمیشە لە بیرمان بێ، کەوا پاراستن و بەرەو پێش بردن و چەسپاندنی ئەم دەسکەوتەی ئەمڕۆ هەمانە، تەنیا ئەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، ئەمە ئۆباڵ و بەرپرسیاریەتییەکە لە ئەستۆی هەموولایەك دایە و، ئەرکی هەموو کەسێکە بەشداری لە دروست کردنی ولأتی خۆی دا بکات.

**هاوولأتیانی خۆشەویستی کوردستان:**

هاوزمانانی ئازیز لە هەر کوێیەك هەن، لە کوردستان، یان لە دوورە ولأتی: جارێکی تریش جەژنە پیرۆزەی ساڵی تازە و سەدەی تازە و هەزارەی تازەتان لێ دەکەمەوە. هیوادارم هەنگاوەکانی میللەتی کورد بۆ نزیك بوونەوە لە دەرگەی ئازادی زۆریان نەمابێ و، دەبێ بزانین وردە وردە و، هەنگاو بە هەنگاو، هەموو ئامانجەکانمان دێنە دی و، ئێمە لە سەدەی داهاتوودا لە هەموو شتێك دەچینە ڕیزی گەلانەوە، بەلأم دەبێ

یەکگرتوو بین و، دەست لەناوی دەست خەبات بکەین، هیچ کارێ بە پەرش و بلاوی ناگاتە ئەنجام و سەرناکەوێ. دەبێ واقیع بینیش بین و بزانین ڕەوشی دەوروبەرمان چییە و، هەموو شتێك وەکو خۆی بخوێنینەوە.

منیش وەکو ئێوە، وەکو هەموو کوردێك حەز دەکەم و، خەباتیش دەکەم، کوردستان بە ئازادی و سەرفرازی و گەشاوەیی ببینم. هیوادارم دایکی ڕەشپۆش و ڕۆڵەی کوژراو زیاتر نەبن لەوەی کە هەمانە و، یەکجار زۆریشمان هەیە، هیوادارم خوێنی شەهیدانمان بگاتە بەرهەمی خۆی و ولاتەکەمان لەسەدەی تازەدا ئازاد ببێ و، یەك بگرێتەوە، ڕۆژانی بن دەستی و کۆیلەیی بڕۆن و چیتر نەگەڕێنەوە، هیوادارم کورد ئیتر ئاوارە نەبێ، چ لە ناو ولاتی خۆی، یان لە دەرەوە و لە هەندەران. هیوادارم زمانە شرینەکەمان یەك بگرێتەوە و ببینەوە بەخاوەنی یەك ناسنامە.

ئیتر خوای گەورە پشت و پەنامان بێت و، سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و، هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی.

**والسلام علیکم و رحمە اللە و برکاتە.**

## 24-(گوتارا ژمارە 24) (1)

ئەم دەستکەوتەی ئەمڕۆی ئێمە لە سایەیدا خۆمان و ولاتی خۆمان بەڕێوەدەبەین شایانی ئەوپەڕی قوربانیدانە :

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

میوانانی خۆشەویست

سلاوتان لێ بێ.

مایەی خۆشحاڵیمانە ئەمڕۆ لە گەڵ ڕاگەیاندنی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لێرە کۆبووینەتەوە، ئەم کابینەیە کە درێژەپێدان و بەردەوامبوونی تاقیکردنەوەیەکی خۆماڵیە لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا و ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵە سەرەڕای گیروگرفت و کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی ناوخۆ و دەستتێوەردانی ناحەزان و گێرەشێوێنان توانیومانە درێژ بە مانەوە و پێشکەوتن بدەین و متمانەی میللەتەکەمان بە داهاتووی خۆی زیاتر بچەسپێت.

هیوادارین و سووریشن لەسەر ئەوەی کە لە پاشەڕۆژدا ئەم متمانە بەخۆ بوونە زیاتر و زیاتر بچەسپێت و گەلی کوردستان بە هەموو مافێکی رەوای خۆی شاد ببێت، ئەم دەسکەوتەی ئەمڕۆی ئێمە لە سایەیدا خۆمان و ولاتی خۆمان بەڕێوەدەبەین شایانی ئەوپەڕی قوربانیدانە لەبەر ئەوەی دەستکەوتێکە بە خوێن و بە قوربانیدان هاتۆتە دی، ئەمە بەرهەمی خوێنی هەزاران هەزار رۆڵەی ئەم ولاتەیە، بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەی کوردستانە کە بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لەم تاقیکردنەوەیە کردووە و پاراستوویانە، بەرهەمی خەباتی نیوسەدەی سەرکردەی نەتەوەی کورد بارزانی نەمرە.

---

(1) گۆڤاری هەرێم، ژ(247)، 2000/5/1.

بەڵێنی ئێمەش لەم دەسپێکەدا هەر بەڵێنی قوربانیدانە و بەردەوامبوونە بۆ چەسپاندنی ئەم دەستکەوتە بە پشتیوانی خوای مەزن و بەهاوکاری میللەتی کورد، هیوادارین ئەم بەڵێنەمان بێتەدی و لەگەڵ چوونە ناو سەدەی بیست و یەك و هەزارەی سێیەمدا هیوا و ئاواتەکانمان ببن بە واقعێکی چەسپاو و هەتا هەتایی.

بەڕێزان کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە کۆمەڵێك ئەرکی تازە دێتە پێشی هەروەها بەرەو رووی هەمان ئەو ئەرکانەش دەبێتەوە کە کابینەی سێیەم لە پێناویدا لە دایك بوو، ئەویش پاراستنی تاقیکردنەوە پەرپێدانی ژیانی دیموکراسییە لە چوارچێوەی یاسا و نەریتەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چەسپاندنی هێمنی و تەناهییە بۆ هاووڵاتیان، باشکردنی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکە، پەرپێدانی خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە لە هەموو روویەکەوە. ئەوەی راستییەی کە هەموومان دەیزانین و لە کەس شاراوە نیە ئەوەیە ئێمە هاتینە سەر ولاتیکی وێران، ولاتێك کە ژێرخانی ئابووری نەمابوو، بە هەزاران گوند و بەدەیان شار و شارۆچکە بە هەموو سەرچاوەکانی داهاتیانەوە وێرانکرابوون، ئەم ولاتە کە دەیان ساڵە شەڕ و بەرگری و بەرخودانی بەخۆوە بینیووە خەڵکەکەی فریای ئەوە نەکەوتوون پەرەی پێبدەن، وێڕای ئەمە کارەساتی شەڕی ناوخۆ و شەڕی داسەپاوی تێکدەرانەی پەکەکەشی هاتووەتە سەر، بۆیە ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی ولاتێکی وا کارێکی ئاسان نیە و لە نێوان ئێوارە و بەیانییەکدا نایەتەدی.

ئێمە لەم هەرێمەدا داهات و ئابووریەکی جێگیر و نەگۆڕمان نیە کە بەردەوام پشتی پێ ببەستین، جگە لەمە چەند گەمارۆیەکی ئابووریشمان لە سەرە بۆیە دەتوانین بڵێین، پشتیوانی ئێمە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەر شانمان تەنها یەك شتە ئەویش دڵسوزی و بڕوای نەگۆڕمانە بەسەرکەوتن و گەیشتن بە داهاتووی گەشاوە، هەر بەهۆی ئەو بڕوا و دڵسوزییەشە کە میللەتەکەمان گەیشتۆتە ئەمڕۆ و بە ئامانجیش دەگات خۆتان دەزانن کابینەی سێیەم کابینەیەکی مێژوویی بوو بۆ میللەتی کورد، ئەو نازناوەی کە لە رۆژی یەکەمەوە وەری گرت (نازناوی کابینەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری) بە حەقیقەت نازناوێکی پڕ بە پێستی کابینەکە بوو.

لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵی تەمەنی کابینەی سێیەمدا توانرا هەنگاوی زۆر گەورە لە بوارەکانی پاراستنی هێمنی و ئاسایشی هاووڵاتیان و پەرەپێدانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان و باری بژێوی خەڵك و رێکخستنەوەی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتدا جێبەجێ بکرێت. دەتوانین بڵێین لە سایەی کابینەی سێیەمدا بۆ یەکەمین جار بوو خەڵکی کوردستان بە متمانە و دڵنیاییەوە نەخشە بۆ ژیانی خۆیان دابڕێژن و هەست بەوە بکەن کە دەسەڵاتدارێك هەیە دەتوانێ بەرپرسیار بێ لەبەرامبەریاندا.لە ماوەی تەمەنی کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستاندا ئەگەر بارودۆخی شەڕ و گرژی ناوخۆ و شەڕی داسەپاوی پەکەکە نەبووایە دەمانتوانی زۆر هەنگاوی تریش بنێین و زۆر کەلەبەر و کەموکوڕی تریش لە ولاتەکەماندا پڕ بکەینەوە.

ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە کابینەی چوارەمی حکومەتی کوردستان لە دایك دەبێت جەماوەری کوردستان مافی خۆیانە چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئەو هیوا و ئاواتانە بکەن کە ساڵەهای ساڵە بۆیان تێکوشاون و قوربیان لە پێناوی داوە.ئێمەش بەدیهاتنی ئەم هیوا و ئاواتانە بە ئەرکی راستەقینەی سەرشانی خۆمانی دەزانین و رووبەڕووی جێبەجێکردنیان دەبینەوە.بۆ نموونە و بە کورتیش هەندێ لە ئەرکەکانی داهاتوومان ئەمانەی خوارەوە دەبن:

1. بەرەوپێشبردن و زیاتر چەسپاندنی ئەم تاقیکردنەوە دیموکراسییە و جێگیرکردنی تەواوی قەوارەی فیدرالیزم، ئەم تاقیکردنەوەیە دەستکەوتێکی مێژوویی میللەتی کوردە و ئێمە ئامادەین هەموو شتێك بەخت بکەین بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوەی ببەین و زیاتر جێگیری بکەین. بڕوای ئێمە وایە کە چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق هەر لە ڕێگەی گفتوگۆ و لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دێتەدی و لە پێناویشی خەبات دەکەین.

2. پەرەپێدانی ژیانی سیاسی و دیموکراسی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمە مۆرکی ئەم سەردەمەیە و بەبێ دابینکردنی ژیانێکی ئازادی سیاسییانە و ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ خەڵك و ڕێگەخۆشکردن بۆ کاری سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ئازادی ڕۆژنامەوانی و رادەربڕین ناتوانرێ بەبێ چەسپاندن و دابینکردنی ئەم پرەنسیپانە بەشداری تەواوی خەڵك لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر بکرێت، ئەمەش هەڵبەت لە چوارچێوەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا دەبێت، هەر ئازادییەك خۆی لە سەرووی یاسا دابنێت ئازادی نییە، بەڵکو ئاژاوەگێڕییە.

3. پاراستنی سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی نیزام و ڕێنوێنییەکان لە هەموو بوارەکانی کاری حکومەتدا دەبێت دڵنیابین کەوا بەبێ پەیڕەوکردنی یاسا و پاراستنی سەروەری یاسا ناتوانین لە هیچ بوارێکدا یەك هەنگاو بچینە پێش، کوردستان تەنها لە یاسایەی یاسادا بەرەوپێش دەچێت، ئێمە پێویستیمان بەیاسایە بۆ ئەوەی دیاردەی گەندەڵی نەمێنێ بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ سەرپێچی بکات و خۆی لە ژیانی خەڵك تێکەڵ بکات و ئازادییان لێ بشێوێنیت، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بەلاوە شتێکی تر بەسەر میللەتەکەمان ساغ بکاتەوە، ئێمە پێویستیمان بەجێبەجێکردنی یاسایە بۆ ئەوەی دیاردەی چەك هەڵگرتن بنەبڕ بکەین و میللەتەکەمان بەرەو ژیانی شارستانی ببەین، هەروەها پێویستیمان بەیاسا و ڕێکوپێکی و پەیڕەوکردنی نیزام و ڕێنوێنی هەیە بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوخۆ بەرەو باشتر ببەین و کوردستان بکەین بە نمونەی ئەو هەرێمانەی کە ژیانی ئازادانەی خەڵکی تێدا مسۆگەر کراوە.

4. پتەوکردنی پرۆسەی ئاشتی ناوخۆ یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی ئێمە و ئەمەش بەجێبەجێکردنی تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن دێتە دی، هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانین بەرەو یەکگرتنەوەی تەواوی دامودەزگەکانی هەرێم و هەڵبژاردنی گشتی و یەکپارچەی تاقیکردنەوەکەمان هەنگاو بنێین هیوادارین کەوا لاپەڕەی ڕەشی شەڕی ناوخۆ بۆ یەکجاری و هەتا هەتایە بپێچینەوە و ئاشتی و تەبایی باڵ بەسەر هەرێمەکەماندا بکێشێت.

5.پتەوکردنی پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ لە سەر بنچینەی ڕێز لە یەکگرتن و دەست نەخستنە ناو کاروباری یەکتر هاوکاری کردنی یەکتر لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریدا.

6.بایەخدان بە بواری گوزەران و بژێوی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکی هەژار و نەدار و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و تەندروستی و پەروەردە بە هەموو شوێنێك بەیەکسانی و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، دەبێت هەمیشە لە بیرمان بێت کە شۆرشی کورد لە کوردستانی عێراق هێز و وزەی لە ناو جەرگەی لادێ و گەڕەکە هەژارەکان و ماڵە فەقیرەکانەوە وەرگرتووە، هەر ئەوان دەستەچیلەی ئاگری شۆرشەکانمان بوون، بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو شتێك پێویستترە کە دەستی

حکومەتی کوردستان پشتیوانی لە مافی ئەوان بکات و ژیانێکی گەشاوەیان بۆ بێنێتەدی، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە دەبێت کە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی رێکوپێك بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بکەین، هەروا دەبێ بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و لێقەوماوانی شەڕی ناوخۆ و پەککەوتووەکان باری ژیانیان باشتر بکرێت.

7. بایەخدانی تەواو بە پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان. پێویستە هیچ شوێنێك لە کوردستان نەمێنێ قوتابخانەی لێ نەکرێتەوە هەروەها پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بەگشتی نوێ بکرێنەوە و بەجۆرێك لە گەڵ گیانی سەردەم و مێژووی بزاڤی رزگاریزی کورد و بیری کوردیەتیدا یەکبگرنەوە. ئەگەر ئێمە منداڵانمان بەبیرێکی پاك و هاوسەردەم و مرۆڤایەتیانە پەروەردە بکەین ئەوا دەتوانین داهاتوویەکی گەشتر بۆ کورد و کوردستان مسۆگەر بکەین، هەروەها پێویستە بایەخ بدرێت بە گوزەران و ژیانی مامۆستایانی کوردستان چ لە لە پۆلەکانی فێرگە و قوتابخانە و زانکۆکاندا و چ لەسەر دەمانی شۆڕش یا لەدوای راپەڕین ئەوپەڕی قوربانیان داوە، مامۆستایان یەکێك بوونە لەو کۆمەڵانەی تاقیکردنەوەکەمانیان راگرتووە. ئێمە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا زۆر قەرزای مامۆستایانی کوردستانین و ئەم تاقیکردنەوەیە تاقیکردنەوەی ئەوانە، بۆیە دەبێ زیاتر بایەخ بەژیان و گوزەرانی ئەوان و قوتابخانەکان و زانکۆ و پەیمانگەکان بدەین، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی مامۆستا واتە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان، هەروەها دەبێ زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان فراوانتر بکەین ئاستی خوێندنیان بەرزتربکەینەوە، نابێ زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستانی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی وڵاتان کەمتر بێت یان لە دواوەبن، دەبێ زانکۆ و پەیمانگەکان بەشێوەیەکی راستەقینە بن بە بنکەی زانست و بڵاوکردنەوەی بیری شارستانیەتی و دیموکراسی پێشکەوتن لە کوردستاندا، زانکۆکانی کوردستان دەبێ کەناڵی زیندووی پێوەندیی میللەتی کورد بن بۆ پێشکەوتن و شارستانیەت لە دنیا.

8. بایەخدانی زیاتر بەژیانی تەندروستی خەڵك، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بنکەی تەندروستی لە هەموو ئاوەدانیەکی کوردستان بکەینەوە و ئەمە ئەرکێکی گەورەی کابینەی چوارەمە و دەبێ گرنگی تەواو بە پەرپێدانی نەخۆشخانەکان و هەوڵی دابینکردنی هەموو جۆرە پسپۆڕی و شارەزاییەك بدەین و نەخۆشخانەکانی کوردستان بە ئامێری پێشکەوتوو دەوڵەمەند بکەین.

9. بایەخدان بە ئابووری هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەسازییەکانی ناوخۆ و هاندانی سەر مایەدارانی کوردستان بۆ کردنەوە و دامەزراندنی کارگە و فابریکە و وەگەڕخستنی سەروەت و سامانیان لە پێناو بووژاندنەوەی وڵاتەکەماندا، هەروەها بایەخدان بەسەرجەم ئەو بوارانەی کە داهات و دەرامەتی کوردستان زیاد دەکەن پەرەپێدانی گشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی و هاندانی سەرمایەداران و بازرگانانی کوردستان و پیشتیوانی کردنیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشدارییەکی گەورەتر لە پەرپێدانی ئابووری کوردستاندا بکەن.

10. سوودوەرگرتنی زیاتر لە بڕیاری (986)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەم بڕیارە لە هەموو رووەکانی سیاسی و ئابوورییەوە بە پشتیوانییەکی گەورە دەژمێریت بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشبردنی تاقیکردنەوەکەمان لە ماوەی قۆناغەکانی رابردووی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا هەرێمی کوردستان زۆر

سوودی وەرگرتووە و لە داهاتووشدا زیاتر سوودی لێوەردەگرێت، پێویستە لە قۆناغەکانی داهاتوودا دامودەزگاکانمان بەشیوەیەکی باشتر مامەڵە لە گەڵ ئەم بڕیارەدا بکەن و ئەو داهاتەی کە بۆ هەریمی کوردستان تەرخانکراو پتر سوودی لێوەربگریت.

11. یەکێك لە ئەرکەکانی ترمان هەوڵدانە بۆ وەستاندنی سیاسەتی تەعریبی ناوچە کوردییەکانی بندەستی حکومەتی مەرکەزی عێراق و وەستاندنی راگواستن و دەرکردنی خەڵکی کورد و تورکمانی ئەو ناوچانە و گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی ئەو ناوچانە و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکانیان، کارێکە خزمەتی برایەتی مێژوویی کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتیەکان ناکات و پێویستە چەندی زووترە ئەم کارە بێ ئەنجامە بوەستێت و خەڵکە راگوازراوەکە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، راگرتنی ئەم کارە پاشەڕۆژی گەلەکەمان روناکتر دەکات و برایەتی و تەبابی گەلی عێراقیش باشتر دەچەسپێنێت.

12. سوودوەرگرتنی تەواو لەو شۆڕشە تەکنیکیەی کە ئەمڕۆ سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، خێرای گەیاندن و پەیوەندی لە نێوان ئەمسەر و ئەو سەری جیهاندا لە سایەی تەکنۆلۆژیای نۆی و زۆر پێشکەوتنی نوێی هێناوەتە دی و دنیای کردووە بە گوندێك، بۆیە فرەوانکردنی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرنێتی کوردستان، کوردستان دەکات بە بەشێکی زیندوو لەم دنیایە پێشکەوتووە، هەروەها پێویستە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بگرێتەوە و بە گوێری ئەو سیستەمە مۆدێرن و جیهانییە دامودەزگانمان رێکبخەین، هەروەها پشتیوانی لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و تەلەڤزیۆنی سەتەلایت لەلایەن خەڵکی کوردستان دەکەین و هیوادارین لە رێگەی ئازادی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە پێشکەوتووانە بەشێك لەو گۆشەگیری و زۆلمە مێژووییەی کورد دووچاری بووە، کەمبکەینەوە و کەلتووری میللەتی کوردیش بەرەو ریزی گەلانی دنیا مل بنێت.

13. دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەوپێش ببرێن لە ڕووی سیستەمی کارکردن و چ لە ڕووی شارەزایی و لێهاتوویی کارمەندانەوە، پێویستمان بە بایەخدان و گرنگی زیاتر هەیە، دەبێ خولی مەشق و راهێنان بۆ کارمەندان و فەرمانبەرانی حکومەت بکرێنەوە بۆ ئەوەی شارەزایی و پسپۆرییان زیاتر بکرێت و دامودەزگاکانمان لە شێوازی روڵەت و رۆتین رزگار بکرێن، هەر ئەمەش پێوەندی تێکەولاوی نێوان دامودەزگاکانی میری و خەڵك پتەوتر و زیندووتر دەکات و ئاستەنگەکان کەمتر دەکاتەوە. هەروەها پێویستە دەزگاکانی چاودێری دارایی و ئیداری و ئیداری، نەخشەکێشان و بەدواچوون کارەکانیان باشتر بکرێن گەندەڵی ئیداری و هەندێ جار بێ سەروبەری بەڕێوەچوونی کارەکان زیانی گەورە دروست دەکەن بۆیە چارەسەرکردن ئەم کەموکوڕییانە یەکێکە لە ئەرکەکانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

14. جێبە جێکردنی سەرژمێری گشتی دانیشتوان یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەتوانین بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە زۆر ئەنجامی باش لە بواری جیاجیاکانی بەڕێوەچوونی کارەکانمان بەدی بهێنین هەروەها جێبە جێکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارەوانی، لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا ئەرکێکی گرنگە و پێویستە لە داهاتووەکی نزیکدا جێبەجێی بکەین.

15. ئەرکێکی تری کابینەکەمان کە رووبەڕووی دەبینەوە دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ گرفتی کەم ئاوی و نەبوونی وزەی کارەبا بەهۆی باران نەبارین، هەڵبەتە ئەم گیرو گرفتە بووەتە مایەی ئێشو ئازارێکی زۆر بۆ خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان.هەروەها تەئسیری لە بەڕێوەچوونی زۆر لە خزمەتگوزاریەکان ونەخۆشخانەکان و خوێندنگە و کاری دامودەزگاکانی میری کردووە و زیانی داوە لەژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵك، هەروەها وشکە ساڵی و باران نەبارین بوونە هۆی کەمی ئاوی کردنەوە لە شارەکان و زۆر لەبیرو کانیاوی گوندەکانیش ساڵی پار وشکیان کرد، هەڵبەت ئەمە زیانی گەورەی لە کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵییش داوە، هەروەها زۆر نەخۆشی کوشندەش بەهۆی باران نەبارین یان کەم ئاویەوە بلاّوبوونەوە هەر چەندە رووبەڕ و وبوونەوەی ئەم گرفتە سەختیش بێت، بەڵام یەکێکە لە ئەرکەکانمان. لە ساڵانی رابردوو لە تەمەنی کابینەی سێیەم و بە سوودوەرگرتن لە بڕیاری (986) هەندێك چارەسەر بۆ ئەم گرفتانە کرا و دروست دەکەن، هیواداریین بتوانین ئەم ئەرکانە تەواوتر بکەین و لەدەرد و ئازادی میللەتەکەمان کەم بکەینەوە.

ئەوانەی لەسەرە ئاماژەمان پێدان بەشێکن لەو ئەرك و راسپاردانەی کەوتوونەتە سەر شانمان و دەمانەوێ رووبەڕوویان ببینەوە، هەڵبەتە سەرکەوتن بەیەکدەستی حکومەت و جەماوەر و پشتیوانی لایەنەکان دێتەدی، هیوادارم بتوانین ئەم ئەرکانەمان پێرابپەڕێ و ببینە جێی باوەڕ و متمانەی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و لێقەوماوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان و لەشکری پێشمەرگەی کوردستان کە ئەم دەستکەوتە بە خوێن و ماندوبوونی ئەوان هاتۆتە بەرهەم، هەروەها هیواداریین بتوانین هەمیشە جێگەی متمانە و شایەنی ئەو ئەرکانە بین سەرۆك( مەسعود بارزانی ) خستوویەتیە سەر شانمان.

## 25-(گوتارا ژمارە 25) [1]

**بسم الله الرحمن الرحيم**

سوپاسی گوێگر و بینەرانی بەڕێز و خۆشەویست دەکەین. سوپاس بۆ خوا دوای سەفەرێکی چەند ڕۆژی کە موەفەق بووین دیداری چەند ولاّتێکی عەرەبی بکەین، کە لە راستیدا ئێمە وائەزانین، ولاّتانی عەرەبی و گەلی عەرەبی بەگشتی، لایەنێك و پارچەیەکی گرنگە لە مەسەلەی رەوای ئێمە، چ بۆ پشتگیری و لێ حالیبوونی زیاتر و روونکردنەوەی پرسیار و ئاشنابوونی زیاتر لە ئەمڕۆی گەلی ئێمە و ئەمڕۆی ئەزموونی ئێمە.

سوپاس بۆ خوا رابردووی گەلی ئێمە لە لای گەلانی دنیای ئیسلام، بەڵکو دنیا بە گشتی، رابردووی کورد زانراوە، کورد گەلی(صلاح الدين)ە، کە شەرق و غەرەب ئەیناسێ، گەلی زانایانی گەورەی ئیسلامە، بۆیە رابردووی کورد پڕ لە شانازییە. ئەمڕۆش ئەزموونێکی سیاسی هەیە، کێشەیەکی نەتەوایەتی حەقی هەیە، وە بەو شێوەش کە ئەیبینین کەوتووەتە ناو هاوکێشەیەکی گەورەی نێو دەوڵەتی و ناوچەیی و ئێستەش ئیدارە و حاڵێتێکی خۆ ئیدارەکردن هەیە، جێگای سەرنجی هەموو لایەکە، دۆست و دوژمن سەیری ئەکات، بۆی ئەڕوانێ بزانێ چی ئەکات و بەرەو کوێ ئەچی و، ئایا کورد ئەتوانێ ئیدارەی خۆی بکات؟ وە چی ئەوێ و تموح و ئاوات و ئامانجەکانی چییە؟. دیارە تا وەکو زۆرتر لەوە بزانرێ چاکترە، ئێمەش وەك لایەنێکی ئیسلامی و خەمخۆر بۆ کێشە و ئەزموونی خۆمان، چەندمان پێ بکرێت حەق وایە ببین لە کۆمەك کردن بە راستکردنەوە، وە حالێکردن، وە

---

(1) ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ(290)، 2000/6/2.

ئاشناکردنی مەسەلەکانی ئەزموونی خۆمان، گەلی خۆمان بە گەلانی دۆست بە تایبەتی گەلانی عەرەبی، کە دیارە تەئریخێکی هاوبەش(14) قەڕنیمان هەیە. بۆیە سەرەدانی چەند ولاتێکی عەرەبیمان کرد، تیایدا دیداری کەسایەتی سیاسی و ئیسلامی گەورە و لایەن و دەزگای پەیوەندیدار، وە کەس و لایەنی خەمخۆری عێراق و کوردستان کرا، ئەوەندەی کە مەجال بوو ئەنجام دراوە، سوپاس بۆ خوا بە ئیجابیانە حاڵەتی ئەمڕۆی کوردستانی ئێمە، ئەزموونی ئێمە، ئیدارەی ناوچەی خۆمان نرخێنرا، وە ئەو پرسیار و تەسائولاتەش، کە لەوانەیە بۆ خوێنەرێکی عەرەبی، یان کەسێك کە موتابع و خەمخۆر بێ، ئەوەندەی توانرا ئەو پرسیارانەش وەڵامی خۆی درایەوە.

ئەوەندەی کە فریاکەوتین لەم ماوەیەدا بۆ وڵاتی عەرەبی سعودی، وە قەتەر و ئیمارات رۆیشتین، دیارە جگە لە تورکیا و، برایانیشمان چوونە سوریا، وە پێمان خۆش بوو وڵاتانی دەوروبەر و دەردراوسینی عەرەبیمان دیدار بکەین، ئەوەندەی کە فریاکەوتین.

بەگشتی ئێمە نەهج و رەوشتمان لەو دیدارانە پتەوکردن، وە جوانترکردنی سومعە و کەسایەتی و شەخسیەتی ئەزمون و ئیدارە و خەڵکی خۆمانە، ئێمە عەیبپۆشیی مەنهەجمانە، نەوەك عەیبدارکردن، ئەگەر مولاحەزاتێکیشمان هەبێ لەسەر مەسەلەی نێوخۆی خۆمان، وەکو ماڵی کوردی و کوردستانی خۆمان، لێرە لای خۆمان قسەی تیا ئەکەین، نەلای خەڵکی، وە وا ئەزانم ئەو لایەنەی کە بتوانی خیتاب و وتارێکی زۆر بیستراو، وە مەفهومی ببێ لە ولاتە عەرەبیەکان و لایەنەکانی ولاتانی عەرەبی، ئێمە وەکو یەگکرتووی ئیسلامی یەکێکین لە پێشەوەی ئەو لایەنانە، وە مەفروزە وەکو ئەرکی خۆمان ئەو ئەرکە ببینین، وەکو دەورێکی(تەکامولی)، ئەو رەنج و خەبات و کاروبارانەی ئەکرێت لە کاروباری پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەم هەرێمە، وە برادەرانی کار بەدەست، چ لە ئیدارەی هەرێم، چ لە سەرکردایەتی حزبەکان ئەو ئەرکەیان ئەنجامداوە و ئەنجامی ئەدەن، ئێمەش ئەوەی پێمان بکرێت پێویستە ئەنجامی بدەین و بیکەین. وە پێمان خۆش بوو، وە زەروریشە وابێ کە نەخشەیەکی هاوبەشی دارێژراو لەلایەن هەموو لایەکەوە بۆ ئەو جۆرە کارانە ئەنجام بدرێ، هەر چەند ئێمە سوپاس بۆ خوا لەسەر حیسابی بەرژەوەندی هەرێم و کێشەی خۆمان هیچ هەنگاوێك نانێین و وە نەمان ناوە، وە هەمیشە دەورمان وەکو عەرزمان کرد تەکامولی و رووخۆشکەر و رووسورکەر ئەبێت، تەنانەت شەڕی ناوخۆمان لای دۆستانمان واخستووەتە روو کە تەنافوسی حزبییە، کە لە هەموو ولاتان و هەموو شوێنێکدا هەیە، بەلاّم ولاتی ئێمە چونکە میلشیا و چەکی تیابوو پەنا برایە بەر چەك بۆ ناکۆکی هەڵگرتن یان داکۆکی لە مافی حزبی، وە ئەوەش کە سوپاس بۆ خوا بەرەو تەواو بوون چووە، وە انشاءالله ئاشتی سەراسەری ئەبێ، وە ئیدارەی هەرێم ئەبێتەوە یەك، وە هەموو ئەو ئاواتانەی کە هەن ئەنجام دەدرێن، وە رێکەوتنی واشنتۆن ئەبێتە حەقیقەتێکی بەرچاو، وە جێ بەجێ کراو.

سوپاس بۆ خوا ئەوەی کە دڵخۆشکەرە لا گەلانی عەرەبی لە خیلالی ئەو خەڵکانەی کە ئێمە بینیمانن، وەکو کەسایەتی، وەکو لایەنی خێرخوازی و لایەنی خەمخۆر، بەرێزەوە ئەڕواننە رابردووی گەلی کورد، وە بەرێزەوە ئەڕواننە خەباتی نەتەوەیی، وە مافی نەتەوەیی گەلی ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشن بەوەی کە قادەی سیاسی کوردستان، مەسئولانە مامەڵە ئەکەن لەگەڵ مەسەلەی کوردستانی عێراق، وە مەسئولانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکانی عێراق ئەکەن، وە ئەوەش جێی دڵخۆشییە، وە پێویستە چاکتر کاری لە سەربکەین وە چاکتر دۆست

له خۆمان زۆركەین، وه لەگەڵ دەرودراوسێ ی خۆمان دۆستایەتی به ئەهەمیەت بگرین، وه ئەوەش لەسەر حسابی دۆستایەتی خەڵكانی تر نییە.

ئومیدەوارین خوای پەروەردگاری هەموو لایەكمان موەفەق بكات، هەر یەك و چەندی پێ ئەكرێ بۆ خزمەتی ئەم گەله لێقەوماوه و ئەم گەله چەوساوه و خەباتگێره چەند ساڵەیە، وه هەریەكەمان له سەنگەری خۆیەوە، لەوەی كه پێی ئەكرێ، لەو ئەركەی كەوا ئەزانێ ئەركی خۆیەتی، بتوانین موەفەق بین، وه پێكمانەوە، هەموو لایەنه سیاسیەكان. هەموو خەڵكی خەمخۆری ئەم گەل و وڵاتە، خەمی جدی بخۆین بۆ یەك قسەیی، یەك وتاری، یەك هەڵوێستی. كاری هاوبەش وه بەرەوپێش بردنی زیاتری كێشه و ئەزموونەكە. ئومێدەوارین خوای پەروەردگار هەموو لایەك موەفەق بكات بۆ هەموو چاكەو خێرێك. زۆر سوپاس.

## 26-(گوتارا ژمارە 26) [1]

**بسم الله الرحمن الرحیم**

بەریزان جەماوەری خوراگر و شەهید پەروەری هەڵەبجەی شەهید !

بەرێزان نوینەرانی لایەنه سیاسییەكان !

ئامادەبووانی ساڵیادی كیمیابارانی شاری هەڵەبجە !

سەرەتا سڵاو و رەحمەت بۆ گیانی شەهیدانی كیمیاباران دەنێرم، زۆر تامەزۆری ئامادەبوونی ئەو ڤیستیڤاڵە بووم و هیوادارم نوینەرایەتی مامۆستایان جێی ئێمە پڕ بكاتەوە و، زیندوو راگرتنی ئەم یادە پڕ له كارەساتە هاندەرێك بێت بۆ زیاتر بەهاناوە چوونی ئەم شارە خۆشەویستەی كه بە شەهید بوونی رۆڵەكانی قۆناغێكی نوێی بۆ میژووی خەباتی سیاسی گەلەكەمان هێنایە ئاراوە و، دەنگی ئەم میللەتەیان گەیاندە جیهان و، بووە فاكتەریكی كاریگەر بۆ زیاتر بوونەوە و زیاتر یەكخستنەوەی هەوڵە ناوخۆكان بۆ بەدەمەوە چوونی زیاتری كێشەی رەوای ئەم میللەتە ستەم لێكراوە.

**ئامادەبووانی بەرێز!**

له هەڵومەرجێكدا ساڵیادی مەرگەساتی هەڵەبجە دەكەینەوە كه ناوچەكە و عێراق -- بە كوردستانیشەوە -- له قۆناغێكی سیاسی تایبەتدایە و، زیاتر له هەر كات پێوەستی بە یەكخستنەوەی هەلویست و بڕیارەكان و رێكخستنەوەی یەكجاری ناوماڵی كوردستانی هەیە، بۆ ئەوەی بەهێز و وزەیەكی خۆماڵی یەوە بچین بە دەم قۆناغی نوی و داخوازیەكانیەوە.

**بەریزان !**

---

(1) ڕۆژنامەی یەكگرتوو، ژ(380)، هەینی 2002/3/22.

ساڵانێکی زۆره ئێمه یادی تاوانی کیمیاباران دەکەینەوه و هەر ساڵه بەشی له راستییەکان بۆ دڵ بریندارانی ئەم شاره و، هەموو کوردستان –– که شایەتی دیتنی ناوانەکەن – دووباره دەکەینەوه.. راسته زیندوو راگرتنی یادەکه و وەبیرهێنانەوەی به بەردەوامی بەشێکه له ئەرك و، رێگەیەکه بۆ زیاده خەمخواردن ! بەڵام پێویستمان به بڕیاری تر و باس و وەبیرهێنانەوەی تریش هەیه :

* یەکێ لەو خاڵانەی دەبیت بڕیاری جدەی بۆ بدرێت ئاوڕدانەوەیەکی فراونتره له شاری هەڵەبجه و، دانیشتوانی شاری هەلەبجه، به تایبەتی ئەو کەس و خێزانه بیمار و دووچارانەی که تا ئێستاش به دەست ئاسەواری تاوانەکەوه دەتلێنەوه، چ بریندارانی کیمیایی چ کەسوکارانی قوربانیانی کیمیایی.
* ئێمه به پێویست دەبینین که له فەیسەکانی بڕیاری (986) ی نەوت بەرامبەر خۆراکدا رێژەی دیاریکراو بۆ هەڵەبجه تەرخان بکرێت، هەروەها دەکرێت له بوجەی هەردوو ئیداری هەریمدا بڕی تایبەت بۆ ئەم شاره و خەڵکی ئەم شاره دیاری بکرێت : له گەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرشانی رێکخراوه خێرخوازیەکانه که بایەخدان بەم مەسەلەیه لەم (ئەولەویات)ی ئەرکەکانی خۆیاندا ریزبەندی بکەن.

* له سەرێکی ترەوه پێوسته شان بەشانی ئەوه له مەحفەل و ناوەنده نێودەوڵەتیەکاندا باس له هەڵەبجه و کارەساتی کیمیابارن و رێگا چارەی بوژاندنەوەی ئەو شاره و بەدەمەوه هاتنی دانیشتوانی، له رێی راپۆرت و ریپۆرتاژ و ئاماری ورد و به پلان و، کشوفاتی عیلمی یەوه بەردەوام بێت.. له راستیدا هەڵەبجه و رۆژی (3/16) سونبولی بەرجەستەکردنی تاوانه و جیێ خۆی بوو ئەو رۆژه بکرایەته ( رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و مەحکوم کردنی)

له سەرێکی ترەوه هەڵەبجه لالێکردنەوەیەکی تری مەعنەوی و نەفسی دەوێت.دەبێ هەوڵ بدرێت ئەو شاره له رووی دەروونیەوه بحەوێتەوه.دەبیت به هەموو لایەکەوه شەر و ئاژاوه و پشیوی لێ دوور بخرێتەوه، گرفته کۆمەلایەتیەکانی خەڵکەکەی کەم بکرێتەوه.هەروەها کێشه و ململانی سیاسیەکان نەبنه کۆسپ لەبەردەم هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوه و کاره خزمەتگوزاریەکاندا !

**ئامادەبووانی بەرێز !**

* جیێ خۆیەتی لەم مینبەره و لەم بۆنەیدا ئەو راستیەش بڵێین که ئەو کارەساته ئاکامی دوور له خوایی و ناعەدالەتیی و ستەمکاری بوو. بۆیه دەبیت هەمووان هاودەنگ بین له رێگرتن له دووباره بوونەوەی هەر جۆره ستەمکاریەکدا، بەهەر جۆره و له ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت دەبیت هەموو لا، له بیری ریشەکەنکردنی هەموو دیاردەکانی نادادیی و فەوزا و پشێوی دا بین.زۆر پێویسته که (یەکسانیخوازی) و (یاسا سەروەری) و (خەمخۆریی) له دروشمەوه بگوازینەوه بۆ بواری کار و چالاکی عەمەلی، دەبێ له سەر کۆی ئەم ڤیستیڤاڵ و کۆڕ و ساڵیادانەوه مژدەی گەوره و فراوانتری واقیعی و کردەیی به خەڵکی هەڵبجه به تایبەتی و کوردستان به گشتی بدەین

* له سەرێکی ترەوە بۆ خەڵکی کوردستان راستیەك هەیە کە هەمیشە دووبارەی دەکەنەوە کە حەوانەوە و پشووی هەمیشەیی لەوەدا دەبینن کە (ئاشتی) و (ئارامیی) بگەرێتەوە بۆ کوردستان و، ململانی و صیراعی سیاسی لایەنەکان بۆ بردنە پێشی دۆز و کێشەی گەلەکەمان بێ و، نەبێتە مایەی دروست کردنی نارەحەتی تر بۆ جەماوەر. چونکە سوپاس بۆ خوا میللەتی ئێمە میللەتێکی ورە بەرز و بە هیممەت و بە ئومێدە، ئەگەر ئارامیی و ئاسایشی هەرێمەکە بپارێزرێ و،برایەتیی و هاوکاری لایەنەکان بەرقەرار بێ، زەمینەی گەشەکردن و ژیانەوە و هەستانەوە، لە ناخی ئەم میللەتەدا زۆر پتەو و چەسپاوە.

* برا و خوشکانی. بەرێز !

ئەی جەماوەری شاری هەڵەبجەی شەهید !

لەم بۆنەیەدا یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەڵێن تازە دەکاتەوە کە بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی شاری هەڵەبجە و خەڵکی هەڵبجەدا بێت. بۆیە داوا لە رێکخراوە ئیسلامیەکان و، سەرجەم ( منظمات )ی تر دەکات کە بایەخی زیاتر بەم شارە بدەن و، زۆرتر لەوەی کە کراوە هەوڵ بدەن و، هەنگاوی گەورەتر هەڵگرن.

هەروەك لەم مەحفەلەوە داوکارە، لە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگا و دامەزراوە سیاسی و ئینسانیەکان کە چوارچێوەی بایەخدان بەهەڵەبجە و خەڵکە قوربانیدەرەکەی فراوانتر بکەن و، لە هەموو ناوەندە ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانیەکاندا، لە هەوڵی بەردەوامیدا بن و لە خەمی دەستەبەر کردنی زەمانەتی دووبارە نەبوونەوەی لەو جۆرە تاوان و ستەم و کاولکاریەدا بن.

لە کۆتاییدا دووبارە سڵاو لە گیانی شەهیدانی هەڵەبجە.

سڵاو لە خەڵکی قارەمان و خۆڕاگرێ ورە بەرزی هەڵەبجە.

سڵاو لە هەموو ئەو دەستە بە خزمەتانەش کە دەگەنە هەڵەبجە...

و السلام علیکم و رحمە و الله

برا و دڵسوزتان

**27-(گوتارا ژمارە 27) (1)**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

---

(1) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(3624)، پێنچشەممە 2005/3/17.

خوشكان و برایانی ئازیز، بە ناوی برامان بەڕێز مەسعود بارزانی و هاوپەیمانی دیموكراتی كوردستان و بە ناوی خۆشمەوە سلاویكی برایانەوە كاری هاوبەشان لێ دەكەم لە پێناوی سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق لە سەر بنەماكانی دیموكراتی و فیدرالیزم و مافی هاوولاتیبوونی یەكسان بۆ هەمووان و سەربەخۆیی نیشتمانی، ئومێدی ئەوەتان بۆ دەخوازم سەركەوتووبن لە ئەركە جوامێرانەكەتان، لە ئەركی دیاریكردنی سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی كۆمار و سەرۆكایەتی وەزیران و پاشان هەلبژاردنی دەستەیەكی شایستە و بەتوانا بۆ داڕشتنی دەستوورێكی هەمیشەیی بۆ ولات و ئەنجامدانی هەموو ئەو ئەركانەی لێتان داوادەكرێت.

**برایان.**

ئەمڕۆ لە یادی كارەساتی هەلەبچە و یادەوەری ڕۆژانی ڕاپەڕینی شەعبانی شكۆدار كۆدەبینەوە یادی هەڵەبچە، یادی كارەساتێكی مرۆیی و ئەو تاوانەیە كە دیكتاتۆریەتی سەدامی ئەنجامی دا، یادی ڕاپەڕینی شەعبانیش، یادی ڕاپەڕینێكی جەماوەری شكۆدارە، بەلام ئەم ڕاپەڕینە بە شێوەیەكی وەحشیانەی كەم وێنە لەجیهاندا دامركێنرایەوە، بۆیە سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی هەڵەبچە و شەهیدانی ڕاپەڕین دادەنوێنین و تكا لە خوای پەروەردگار دەكەین كە بەبەهەشتی بەرینیان شادبكات.

**خوشك و برایان..**

كۆمەڵە نیشتمانییە هەڵبژێردراوەكەتان كۆبوونەوەی خۆی بەسەربەستییەك دەبەستێ كە لە ڕۆژهەلاتەكەماندا كەم وێنەیە، بۆ ئەوەی ویستی گەلی عیراقمان بە هەردوو نەتەوە سەرەكیەكەی، عەرەب و كورد و هەموو نەتەوەكانی تری توركمانی و كلدۆئاشووری لە بنیاتنانی عیراقێكی نوێدا بەرجەستەبكات، عیراقێكی دوور لە چەوساندنەوەی تایەفی و نەتەوەیی، عیراقێك ماف و ئازادییە دیموكراسییەكان بۆ هەمووان دابین بكات و ژیانێكی خۆشگوزەران بۆ جەماوەری گەلەكەمان مسۆگەر بكات كە مەینەتی بێ بەشبوون و هەژاری و زەلیلكردن بەڵكو جەنگێكی لە ناوبردنی بە بەرنامەشی لە دژی زۆرینەی عەرەبی شیعە و دژی گەلی كوردستان بەخۆوە دیوە، دیكتاتۆریەتی تاوانبار لەئەنجامدانی ڕەشترین تاوان و خراپترین خیانەتە نیشتمانی و نەتەوەییەكان و هێنانە ئارای مەینەتی و كارەسات بەسەر عیراق و عەرەب و ناوچەكەدا نەسڵەمیوەتەوە. دیكتاتۆریەتێك كەسوكایەتی بەهەموو بەهایەكی مرۆیی و ئیسلامی دەكرد، بەئاگر و ئاسن، ستەم و زۆرداریی خۆی بەسەر هەموو باكووری عیراق و ناوەڕاست و باشوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و بەسەر برا عەرەبە سوننە و توركمان و كلدۆئاشووریەكاندا سەپاند، بە جۆرێك كە هیچ توێژێكی عیراقی سەرەكی لە پێكهاتەی گەلی عیراق لە گوناه و زۆرداری و تاوانە نەفرەتلێكراوەكانی دەربازی نەبوو، ئەوە جگە لە خۆ دەرخستنی بە نەتەوە پەروەردەی و تایەفەگەرێتی و عیراقبوون هەندێ جاریش سۆشیالیست بوون.

ئێستاش بەهۆی تێكوشانی قارەمانەی گەلەكەمان كە چەندین ڕوباری خوێنی ڕۆڵە ئەمەكدارەكانی خۆی لەسەر لوتكەی چیاكانی كوردستان و ئەهوارەكانی عیراق و ناوەڕاست و باشوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیكتاتۆریەت و زۆرداریدا ڕشتووە، بەپشتوانی ویستی خوای گەورە كە پاڵی بە هاوپەیمانانەوە نا بێن عیراق ڕزگاربكەن لە پێشەوەیان ئەمریكی و بەریتانیەكان و هاوپەیمانانی تر كە پێویستە بەسوپاس و پێزانین و چاكەدانەوە ناویان بەرین كە ئەوانیش بریتین لە ئیتالیا و ئیسپانیا و ژاپون و ئوستralیا و

پۆلونیا و هۆڵەندیەکان و ئوکرانیەکان و کۆریای باشوور. ئێستاش کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق بەهەڵبژاردنێکی ئازاد هاتەکایەوە، بۆیە هەموومان ئەرکێکی نیشتمانی هەستیارمان لەئەستۆیە ئەویش بەدیهێنانی یەکێتەکی نیشتمانیی عیراقیی راستگۆیانەیە، بەپشت بەستن بەپرەنسیپەکانی هەلبژاردن و تەوافوق و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەنێوان ئەو عیراقێیە خێرخوازانەی کە دژی دیکتاتوریەت و تیرۆریزمن.

لێرەشەوە دەبێت غیابی نوێنەرانی برا عەرەبە سوننەکانمان بەشێوەیەکی دیار و پێویست لەبەرچاو بگیرێت و کار بۆ نەهێشتنی ئەم کەمو کورپیە گەورەیە بکەین ئەمەش بەبەشداری پێکردنی نوێنەرانیان لە لیژنەی دەستوور و پێکهاتەی وەزاری و رێبازی دیموکراسی و لەدامودەزگا حکومیەکاندا، بۆ ئەوەی یەکێتییەکی نیشتمانیی عیراقی راستگۆیانەی پەسەند کراو لەلایەن هەموانەوە بنیاتبنرێت.

ئێمە لەمێژووی عیراقدا پەندێکی رەوامان هەیە، کاتێك نوێنەرانی زۆرینەی عەرەبی شیعە و نوێنەرانی گەلی کوردستانی عیراق لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقیدا بێبەشکران لەبەشداریکردنی جدیانە لە ئەنجومەنی دامەزرندنی عیراقدا، دەستورێك دارێژرا کە پربوو لە لەنگی و کەموکورپیی، سەرجەم ناوچەکانی عیراقیش لەناو مەینەتی شەرە خوێناوی و راپەرینە چەکدارەکاندا مایەوە، ئەم وانەیەش هانماندەدات بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکورپەی لەبوونی نوێنەرانی برا عەرەبە سوننەکانماندا هەیە، ئەو کەموکورپەی کە لەئەنجامی باڵادەستبوونی تیرۆریستەکانەوە لەناوچەکانیاندا و موقاتەعەکردنیان بۆ هەڵبژاردن هات، عیراق سەقامیگرنابێت و بەیەکێتیەکی نیشتمانیی راستەقینەش شاد نابێت ئەگەر بەتەوافوق لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی گەلەکەیدا بنیات نەنرێت.

**خوشکان و برایان**

بەهوێ بەردەوامی کردەوە تیرۆریستی و تاوانکارییەکانەوە کەزیان لەمرۆڤ و دامەزراوە ئابووری و رۆشنبیرییەکان دەدات، عیراق بەقۆناغێکی سەختدا تێدەپەرێت، باندەکانی قاعیدی خاوەن ناوی جیاواز و جۆربەجۆر، جەنگێکی لەناوبەریان دژی شیعە و کورد لەعیراقدا بەرپا کردووە، لەتاوانەکانیشیاندا جیاوازی لەنێوان خەڵکانی ئاشتێخواز و جەنگاوەر، گەورە و بچووکدا ناکەن، بەڵکو هەوڵی کوشتنی گوێرانە و وێرانکردن و بڵاوکردنەوەی ئاژاوە دەدەن، ئەم تیرۆریزمە کوێرانەیە بووەتە دوژمنی سەرەکی گەلەکەمان بەتایبەتی کە پاشماوەیەك لەباندە سەدامییە دیکتاتۆرە تاوانبارەکان بەشداری لەو تاوان و گوناهانەدا دەکەن و لێرەوە سەدامیەت و زەرقاویەت تێکلاو بوون.

بۆیە هەموومان بەعەرەب و کوردەوە، بەتورکمان و ئاشووریەکانەوە، موسلمانان و سوننە و شیعە و مەسیحیەکانەوە، لەسەرمانە کە بەشێوەیەکی ئازایانە رووبەرووبیان ببینەوە و بەشداریی شێلگیرانە لەبەرپەرچدانەوەی تیرۆریزم و لەناوبردنی بکەین، ئەوەش بەدانانی پلانێکی هەمەلاینەی سیاسی و ئیعلامی و ئابووری و ئاشتەوایی و سەربازیی کە گەلی عیراق و هێزە وشیارەکان شانبەشانی حکومەت و هێزە چەکدارە عیراقییەکان بەشداری لە جێبەجێکردنیدا بکەن.

جێی داخە کە دەڵێم هەڵمەتێکی راگەیاندنی زاڵمانە لەوڵاتانی برا عەرەبەکانمانەوە سەریهەڵداوە کە بکوژ و تاوانبار و سەیاف و جەلادەکان بە مقاوەمە ناودەبات و بەشێوەیەکی وا وەسفیان دەکات کە تەواو ناکۆکە لە گەڵ سروشتی ئەم باندە تاوانبار و شەرخوازانەدا، کە بەکردەوە مانای هاندانی کاری ئەم باندە تیرۆریست و تاوانکار و قێزەونە دەگەیەنێت. پێشنیاریش دەکەم کە کۆمەڵە نیشتمانیەکەتان لە مەسەلەی تیرۆریزم بکۆڵێتەوە

و چارەسەری بکات بەدانانی پلانێکی هەمەلایەن بۆ ریشە کێشکردنی تیرۆر لەعیراقدا، پلانێك کە گومانم لەتوانای گەلەکەمان نییە لەوەی جێبەجێی بکات و لەماوەیەکی دیاریکراودا عیراق لە خراپەکاری تیرۆریزم و گوناه و تاوانەکانی پاکبکاتەوە.

**بەڕێزان**

عیراقێکی دیموکراتی، فیدرالی، یەکگرتووی سەربەخۆ کە یەکێتییە نیشتمانیەکەی لەسەر بنەمای ئیختیار و مافی هاوولاتیبوونی یەکسان و ئازادییە دیموکراسیەکان و دانتان بەڕاستییەکان و وەقائیعە مێژووییەکان و سروشتی عیراق و پێکهاتەکەی دامەزرابێت. ئەوەش ئەو ئامانجانەمان دێنێتە دی کەقوربانیان لەپێناویاندا بەخشی. کەئیستاکە لەژێر ویستی ئازادانەی خۆماندایە و مژدەی سەردەمێکی نوێمان دەداتی، هەر ئەمەش ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندن و دڵنیایی بۆ گەلی عیراقمان بەدیدەهێنیت و سەقامگیریش لەرۆژهەلاتماندا بلاودەکاتەوە واش لە گەلانی رۆژهەلات دەکات چاوی لێ بکەن لەوە دیهێنانی ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی و کۆمەلێ مەدەنی هاوچەرخ. هێزە شەرخواز و دوژمنکارەکانیش ناتواتن کۆسپ بخەنە بەردەم کاروانی دیموکراسیمان، وەك چۆن شکستیان هێنا لەوەی رێگە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بگرن، کەواتە یا کاروانی دیموکراسیمان بەهەموو پێداگریی و سووربوونێك درێژەپێبدەین رووە و ئایندەیەکی درەوشاوە لەسەردەمێکی نوێدا.

لێرەشەوە دەڵێم :

فبداري للعهد الجديد بداري

و حذار من عقب القنوط حذار

**و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته.**

## 28-(گوتارا ژمارە 28) (1)

**خوشك و برایانی خۆشەویست**

بەڕێزان نوێنەران حزبەکان و دەوڵەتەکان و لایەنە سیاسی و حکومییەکان :

بەفەخرەوە بەخێرهاتنتان دەکەم، شانازیی دەکەم بەوەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا پێکەوە کۆدەبینەوە، ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی گرنگە، لەڕۆژێکی گرنگی مێژووییدا دەبەسترێت کەڕۆژی کۆبوونەوەی یەکەم پەرلەمانی هەلبژێردراوی خەڵکی کوردستانە، لەکاتێکدا کە عیراق لەژێر حوکمی دیکتاتۆریەتێکی رەشی خوێناوی رای دەبوارد، بەڵام خەڵکی کوردستان توانی پاش راپەڕینە مەزنەکە و بەپیشتیوانیی هاوپەیمانان هەلبژاردنێکی ئازادبکات بۆ یەکەمجار لە میژووی عیراق و کوردستاندا و ئەنجومەنی نیشتمانی خۆی هەلبژێرێت، لەو ئەنجومەنەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتەکایەوە.

ئەم رۆژە رۆژێکی پیرۆزە لە میژووی گەلەکەماندا، ئەمرۆش کە کۆدەبینەوە ئەو پیرۆزییە دووپاتدەکەینەوە، پێم وایە ئەم ئەنجومەنەی ئێوە دەبێت ئەنجومەنێکی زیندووی کاریگەری خاوەن رەئی و بیروباوەڕ بێت، من

(1) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(3691)، سێشەممە 2005/6/7.

ئیجازە لە برای خۆشەویستمان جەنابی کاک مەسعود وەردەگرم کەبەناوی ئەویشەوە بەناوی خۆشمەوە پێتان بڵێم کە ئێمە هەر دووکمان هانتان دەدەین بۆ ئەوەی ببنە پەرلەمانێکی زیندوو، بەڵێ گۆلەبن، بەڵکو ناوبەناو ناگۆش بن و رەخنەش بگرن و پێشنیاریش پێشکەش بکەن و پەرلەمانێك بێت کە گەلەکەمان شانازییتان پێوەبکات.

دڵنیام هەمووتان ئەهمیەتی ئەم قۆناغە دەزانن، لەم قۆناغەدا کە کۆدەبینەوە دەستکەوتی گەورەمان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەو دەستکەوتانەمان هەمووی دەڵەمەیە، هێشتا مافەکانی گەلەکەمان لەدەستووری عیراقدا نەچەسپاوە، هێشتا ناوچە دابڕاوەکان لە هەرێمی کوردستان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هێشتا مەسەلەی فیدرالییەت و پێشمەرگە و چەندین شتی گرنگی ترمان بەتەواوی نەچەسپاوە، بۆیە پێویستە ئەم راستییە لەبەرچاوی هەموو ئینسانێکی دڵسۆزبێت، کەوا هەروەك بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە با بەشێوەی دەڵەمەییش بێت بەری یەکێتی ریزەکانی گەل و هاوپەیمانیی هەموو حزبەکانی کوردستانە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا ئەوهاش پارستنی ئەم دەستکەوتانە، چەسپاندنی ئەم دەستکەوتانە لەدەستوری داهاتووی عیرقدا و لەحکومەتی عیرقدا بەندن بەیەکێتی ریزەکانی گەلەکەمان، یەکێتی و هاوخەباتیمان، هاوهەلوێستمان، ئەم جۆرە یەکێتی و هاوخەباتی و هاوهەلوێستییە ئەوەندە پیرۆزە کە دەبێ وەك بیلبیلەی چاوەکانمان بیپارێزین، هیچ شتێك نابێ بخەینە هەوراز پارستنی ئەو یەکێتییە نەدەستکەوتی تایبەتی حزبی نەدەستکەوتی تایبەتی شەخسی، بەڵکو ئەمە لەهەوراز هەموو دەستکەوتەکانە، هەر بەمەش دەستکەوتەکانی حزبی و تایبەتی و ناوچەییش دێتەدی، بێ ئەوە نەك هەر ئامانجەکانمان نایەتەدی، بەڵکو ئەوەی هەشمانە لەخەتەری لەدستدان و لەناوچوونە، بۆیە من دڵنیام کە هەمووتان ئەم راستییە دەزانن و هەمووتان هاوکار دەبن لە بەدیهێنانی ئەم رۆژی کەوا هەمانە و لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان و ئاواتەکانمان، دیارە ئێمەی خەڵکی کوردستان جگە لە ئەرکی بەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆمان ئەرکێکی تریشمان لەسەرشانە، ئەرکی رۆڵی مێژووییمان لەعیراق، رۆلی ئەوەی کە ئێمە لە نێوان برا عەرەبە شیعەکان و برا عەرەبە سوننەکانمان هاوکار و هاوئاهەنگ و رێکخەربین، نەیەڵین کەس مافی بخورێ و کەمایەتی ئەوەی بەژمارە کەمتربێت لەوەکەی تر مافی وەکو ئەوبێت کەهەیەتی، ئەو ستەمی تایەفی و مەزهەبیەی کە جاران هەبوو بەهیچ شێوەیەك دووبارەنەبێتەوە، ئەرکی ئەوەمان لەسەرە کە عیراقێکی دیموکرات بێتەکایەوە، خەلکی کوردستان، هیزەکانی کوردستان، نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق دەستەبەری بەدیهێنانی ئەم دیموکراسییە بن لە عیراق لەڕووی هەموو جۆرە ئیحتیکار و دیکتاتۆریەت و دەستەباڵایی نارەوا.

ئەم ئەرکە پیرۆزەشمان وامان لێدەکات کە سەروەرییەك بۆ خۆمان لە مێژووی گەلەکەماندا، لە مێژووی عیراقدا جێبەجێ بکەین و هەروەك بەسەر بەرزیی دەتوانین لە سەر گۆڕی شەهیدەکانمان، شەهیدە نەمرەکانمان کە بەخوێنی گەشیان داری ئازادییەکەمان ئاودراوە و هاتووەتەبەر، لەسەر گۆڕەکانیان بوەستین، بڵێین: ئەی شەهیدانی نەمر خوێنتان بەفیرۆنەچووە ئەرك و ماندووبوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەفیرۆنەچوو، بەڵکو ئەم رۆژەی هاتوینەتەبەر، تا ئەوهاش بتوانین بەرامبەر بە شەهیدانی عیراقیش بوەستین، بڵێین : خەڵکی کوردستانی عیراق نەك هەر نەیانویستووە عیراق پارچە پارچە بکەن و گوێ نەدەنە دەستکەوتەکانی گەلی عیراق، بەڵکو پارێزەری یەکێتی نیشتمانیی عیراق بوونە، پارێزەری دەستکەوتەکانی گەلی عیراق بوونە، پارێزەری ئەم

راستییە بوونە کە کورد هەمیشە لە هەر وڵاتێك ژیابێت، ڕۆڵێکی ئیجابی و باشی هەبووە لە پێشخستنی ئەم وڵاتە لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کلتووری، فەرهەنگی و هەموو جۆرێکی تر.

من نامەوێ سەرتان زۆر بیەشێنم، ئاواتی سەرکەوتنتان جارێکی دیکە بۆ دەخوازم، هیوادارم ئەو ئەنجومەنە بەزووترین کات کۆببێتەوە بۆ هەڵبژارتنی برای خۆشەویست و هەڤاڵی هێژامان کاك مەسعود، کەیەکێکە لەو سەرکردانەی بە ڕاستی بە دڵسۆزیی خۆی توانیویەتی ئەو پایەیە وەربگرێت جگە لەوەی کەمیراتگەری سەروەییەکانی بارزانە کە ئەوەندەی بەسە شانزە جار سووتاوە لە پێناوی کوردستاندا.

**زۆر سوپاستان دەکەم و هەر بژین.**

## 29-(گوتارا ژمارە 29) (1)

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**برای بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی**

**ئامادەبووانی بەڕێز...**

سڵاوێکی پڕ لە پاڵەوانیەتی، کە ڕۆڵە مەرد و چەڵەنگەکانی لە مێژووی گەلەکەمان نەخشاندوویانە لە بەراییاندا بارزانییە پاڵەوانەکان، ئەمڕۆ ئێمە شاهێدی تاوانێکی چەپەڵین، کە دیکتاتۆریەتی بەعسی سەددامی تاوانەکار و خۆفرۆش بەرامبەر نیشتمان بە گەلەکەمانی کردووە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ شاهێدی پاڵەوانییەتییەکی تری بارزانییەکانیان کە هاووڵاتییانی موسلمان ئەنجامیاندا کە دیکتاتۆرییەت خێزانەکانیانی لە ناوچەی بارزان گواستەوە بۆ ئەو ناوچەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی بوو وەکو بەشێك لە هەڵمەتێکی تری دڕندانە دژی بارزانی پاڵەوان ئەو بارزانەی تا ئەمڕۆ 16 جار لە پێناوی گەل و نیشتمان سوتێندراوە، بارزان پێشەنگی ڕاپەڕینەکانی کوردە دژی زوڵم و زۆرداری، لە تۆماری مێژووی کورددا، بارزان لاپەڕەی فیداکاری و قوربانی جوانی نەخشاندووە، وەکو پێشەنگ دەرکەوتووە لە خۆڕاگری وهەڵسانەوە لەکاتی کارەسات و نەهامەتییدا، بەبێ ئەوەی گیانی شۆڕشگێڕی و نەریتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە دەست بدات، شاعیری خۆشەویستی عێراقی و شاعیری نەمری ئوممەی عارەبی جەواهیری نەمر باسی لە زۆر ڕاستی کردووە، بەتایبەت لە هۆنراوە بە پێزو بەناوبانگەکەیدا "کوردستان او موطن الابطال" ئەم بەیتانەی خوارەوەی دەربارەی بارزان گوتووە:

**"بارزان" یا قمما یشببها الدم**
**وتنوْ کاهلها الثلوج فتهـــــرم**
**وتعازل القمر المضیء فتزدهی**
**وتعـارك المـوت الـزؤام فتظلـم**
**"بارزان" یـا لعزا تعـاصی حله**
**عبر القـرون الغبر فـهو مـطلسم**
**اکما یغـوص الانبیـاء بـوحیـهم**

(1) گۆڤاری گوڵان، ژ(559)، 2005/10/20.

ام مثـلمـا يرعـى الطيوف النوم

ام بيـن تـلك و هــذه فـمـواكـب

تـخلـى الطـريق لـمـوكب يتـقدم

يـا مـوطـن الابـطـال و الدنيا بها

نصف،وان خيلت تجولر و تظلـم

تعطـى و تـاخـذ و المغفل عندما

مـن ظـن من عقبى حساب يسلم

مـن بعـد الـف، مـن سلاله ظالم

مـن قبـل الـف يـثار الـمتـظلـم

**بەڵێ ئامادەبووانی بەڕێز...**

نەوەکانی بارزانی خۆراگر ویستیان بە خوێنە پاکەنەکەیان لوتکە چیا سەرکەشەکان ڕەنگ بکەن، وەکو لوتکەی شیرین لە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکی کوردی عێراقی، هەربەوەش گەنجایەتی نوێ دەکەنەوە، گەنجایەتی خۆراگری و شەرف و شۆڕش، بارزان بنکەی تەریقەتی نەقشبەندی و شۆڕشگێڕی بوو کە هەڵقوڵاوی نێو جەماوەر و دژی کاری زۆرداری و بانگەوازخوازی یەکسانی بوو لە نێو بەندەکانی خوا، تەریقەتی بارزانی بە یەکسانی و قەدەغەکردنی مولکیەتی زەوی بۆ تاکەکەس چونکە دابین کرابوو بۆ ئەوانەی جوتیاری تیا دەکەن و یەکسانی ڕاستەقینە لە نێوان لە پیاو و ئافرەت و ڕێزگرتنی ڕای ئافرەت بۆ هەڵبژاردنی هاوبەش ژیان و دژایەتی هەموو شێوازەکانی دەربەگایەتی عەشایری ناو کوردستان ناسرابووە، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی یەکێتییەکی پتەو لە نێوان مورشید و مورید و هەماهەنگی لە نێوان هەمووان لەپێناوی خوشەویستی. نیشتمای پاڵەوانان بارزان دژایەتی زۆرداری کرد و درێژەی بە خەباتدا تا ڕۆژی سەرکەوتن هات، ڕۆژی ڕزگاربوون لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەریەکە کە بووە هۆی ڕزگاربوونی ناوچەیەکی گرنگ لە کوردستانی عێراق کە بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی ئازادی تیا ئەنجام درا بۆ ئەنجوومەنی نیشمانی کوردستان وبووە هۆی سەرهەڵدانی حکوومەت و یەکێتی نیشتمانی، لەبەرەنجامی هەوڵ و خەباتی ئازادیخوازان لە تەواوی کوردستان لە کەشوهەوای ڕاپەڕین و ئازادیدا بارزانییەکان هەڵسان بەنۆژەنکردنەوەی ناوچەکەیان بۆ ئەوەی ببێتە دواین نۆژەنکردنەوەی دواین وێرانکاری کە جارێکی تر پەنا بەخوا دووبارە نابێتەوە، پاش ئازادی و دوای ئەوەی هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکانی کورد هەوڵەکانیان یەکخست، چەمکە نوێیەکانی تۆڵەبوونە باو، کە ئەمە ئەمڕۆ مانای خەبات دژی دیکتاتۆرییەت و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی و پەرەپێدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتوو دەگەیەنێت، دواتر بە دی هێنانی ئەو خولیا و هیوایانەی بارزانییە ئازادیخوازەکان خەباتیان لە پێناوی کرد لە پاڵ هەزارەها پاڵەوانی تری کورد لە هەموو کوردستانی عێراق، بەڵێ دوژمنی فاشی درۆی کرد لەسەر بارزانییە بێتاوانەکان و لەسەر گەلی کوردستان، کە هەزارەها کەسی بێتاوانی بە زیندوویەتی لە گۆڕی بە کۆمەڵ ناشتن و بوە ڕەمزی حوکمڕانیەتی زۆرداری ڕەش، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی لەناوبردنی شۆڕشگێڕانی کوردستان و بارزانییە ئازادیخوازەکان، توانیان ئەو وتەیەی شێخی پاڵەوان

شەهیدی نەمر شێخ عەبدولسەلام بارزانی بەرجەستە بکەن کە عوسمانییەکان لە مۆسڵ لە سێدارەیان دا، فەرمووی "خۆڵ بە سەری دوژمنان، بە کوشتنی مە بارزان و کورد تەمام نابن" ئا ئەوەتا گەلی کورد خاوەنی ئازادی و دیموکراسی و فیدرالییە و ئەوە هەڵبژێردراوەکانیان حوکمیان دەکەن، ئا ئەوەیە بارزان ئازادی لێ دەشەکێیتەوە، پێشکەوتن و گەشەسەندن لە عێراقێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو، فیدراڵی و دیموکراسی بە خۆ دەبینی، هەڵەبجەی شەهید و قەڵادزێ بریندار و گەرمیانی پاڵەوان و بادینانی خۆڕاگر لە ئامێز دەکرێت، بۆ ئەوەی یەکێتی نیشمانی، یەکێتی شەهیدان و ناوچە وەکو بنەمایەکی پتەو بەرجەستە بکات بۆ گەلەکەمان وەکو چاوگەی هەڵقوڵانی سەرکەوتنەکانی ئێستا و ئایندەمان، ئێمە ئێستا کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی ڕێزی شەهیدانی بارزان و تەواوی شەهیدانی کوردستان و عێراق بگرین و یادیان بەرز ڕابگرین و پەند و وانەی فیداکارییان لێوەربگرین و سڵاو لە چیای سەرکەش بکەین.

**شعب دعائمة الجماجم و الدم**

**تتحطم الدنيا ولا يتحطـــــم**

**والسلام عليكم و رحمة الله و بركاته**

## 30-(گوتارا ژمارە 30) (1):

بارزان لە ئەنفالکردنیشی دا پشکی شێری بەرکەوت

بەڕێز جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ، بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، خانەوادە و کەسوکاری ئەنفالکراوی بارزانی.

**ئامادەبووانی هێژا**

ئەوە بە دۆزینەوەی گۆڕی ژمارەیەك لە ئەنفالکراوی بارزانی و هێنانەوەی تەرمی پیرۆزیان بۆ کوردستان جارێکی تریش زامەکانمان کولایەوە تاوانە دڕندەکانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەدامی دیکتاتۆر و تراژیدیای گەلەکەمان هاتەوە بەرچاو.

وەك ئاشکرایە ئەو ژمارە شەهیدی کە ئەمڕۆ دوای ساڵانێکی زۆر لە گۆڕ غەریبی خاکی کوردستان تەرمی پیرۆزیان لەباوەش دەگرێ بەشێك بوون لەو هەشت هەزار بارزانییە بێدیفاعەی کە ڕژێمی گۆڕکراوی سەدام لە ساڵی1983 تەنیا بەهۆی کوردبوون و هەڵوێستی کوردپەروەرییانەوە نامرۆڤانە شوێن بزر و دواتر ئەنفالی کردن. ئێمە نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکان کە ئەمڕۆ بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە زوڵم لێکراوانە ئامادەبووین و بەشداری لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی پیرۆزیان دەکەین لە کاتێکدا جارێکی تریش هاوخەمی و هاودەردی خۆمان بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانە و بۆ گەلەکەمان و بۆ خانەوادە و عەشیرەتی بەڕێز و خۆڕاگری بارزانی دەردەبڕین" ئەو عەشیرەتە تێکۆشەرەی کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە خەبات و تێکوشانی

(1) گۆڤاری گوڵان، ژ(559)، 2005/10/20.

گەلەکەمان لە قوربانیدان لە دەربەدەری و ئاوارەبوون و دوا جاریش ئەنفالکردن پشکی شێریان بەرکەوتووە، کە ئەمەش بۆ هەمیشە جێگەی شانازییە بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان. لە هەمانکاتدا ئەو تاوانە چەپەڵەی ڕژێمی گۆڕبەگۆی بەغدا، کە دەچێتە خانەی تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەوە دژ بە گەلەکەمان جارێکی تریش بە توندی ڕیسوا و مەحکوم دەکەین.

ئامەدەبوونی هێژا: کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان لەگەڵ کولانەوەی ئەو کۆستە گەورەیەشماندا بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ لە خەمەکانمان سووک دەکات و ویژدانمان ئاسوودە دەکات هەر ئەوەیە کە خوێنی ئەو شەهیدە نەمرانە و سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە، هەروەها بە چاوی خۆمان بینیمان کە چۆن تۆڵەی شەهیدەکانمان لە سەرانسەری ڕژێمی گۆڕکراو کرایەوە، تەنانەت بە ڕووخانی ڕژێمەکەیان و زەلیلبوونیان لە کونجی زیندانەکاندا ئەوە هەر لەم چەند ڕۆژەشدا سەدامی دیکتاتۆر و دارودەستە ئەنفالچیەکەی بە بەرچاوی خەڵکەوە دادگایی دەکرێن و بەسزای تاوانەکانیان دەگەن.

سلاو بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە نەمرانە و سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان، لە سەرووشیانەوە بارزانیی نەمر و کاک ئیدریس و تەواوی سەرکردەکانی تری گەلەکەمان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ سەرانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی ئەنفالچی و بۆ تیرۆریستان.

### 31-(گوتارا ژمارە 31) (1):

(بسم الرحمن الرحيم ) الحمد الله رب العالمين و صلوة الله وسلامه و بركاته على المبعوث رحمة للعالمين حبيبنا و شفيعنا محمد وله اجمعين من الصحب والا زواج و القرا بة و التابعين لهم بإحسان الى يوم الدين.

پاش بەخێرهێنانی کەرمی هەموو لایەک، سوپاس و ستایشی بۆ خوای پەروەردگار، لە لوتف و کەرەمی بێسینووری خوا بەزیادبێت، کە بەهەوڵ و هیممەتی هەموو لایەک توانیمان کەناڵی ئاسمانی ( پەیام) بنیاد بنێین بیخەینە سەر سکە و رەوڕەوەی خۆی ، لێرەدا من بە پێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم لەئەندامان و لایەنگران و دوستانی کۆمەڵی ئیسلامی ، کە زۆر ماندوو بوون، بەتایبەت بەڕێوەبەر و ستاف بەڕێوبردنی کەناڵەکە، هەروەها هەموو ئەو دوست و دلسۆزانەی کە هاوکاریان کردوین ، هاوکاری مادی و مەعنەوی، بە تایبەت هەر دوو بەرێزان جەنابی سەرۆك کۆمار مام جەلال و جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاك نێچیرفان کە هاوکارییان کردین، سەرجەم دام ودەزگا حکومییەکان کە کار ئاسانییان بۆ کردوین، دەست خۆشییان لێدەکەین، زۆر سوپاسیان دەکەین.

بەڕێزان، بەتەئکید وەرێخستنی کەناڵێکی دیکەی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، کە دەنگ و رەنگەکەی بگاتە هەموو کوردێك لە هەر شوێنێکی دونیادا بێت، دەستکەوتە بۆ هەموو لایەك، ئێمەی میللەتی مسوڵمانی کورد کوشتەی ئەوبووین کە زۆر جار دەنگی مەزلوومیەت و رەوای نەتەوەیی و کێشەکانمان نەگەیشتۆتە خەڵك، ئێمە زۆر بەڵا و موسیبەتی گەورەمان بەسەر هاتوون ، کە لە ئەنجامی ئەوەدا دەنگمان نەگەیشتوتە خەڵك ، دیزەبەدەرخۆنە کراون زۆر جار هەر چەند هەوڵدەدەین بە خەڵکی بسەلمێنین کە ئێمە میللەتێکی مەزلوومین، فلان زولم و ستەممان لێکراوە، زۆرجار لێشمان ناسەلمێنن، بێگومان لە مرۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا، بە

---

(1) ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ( 351)، شەممە 12/6/ 2008.

تایبەت لە بواری ڕاگەیاندن، ئێمەش وەکو میللەتی مسولمانی هەرێمی کوردستان دیارە پشکێکی باشمان هەبووە لەوەدا کەتوانیومانە ڕاگەیاندنی خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین.

من حەز دەکەم هەموو لایەك لەوە دڵنیان بن کە ئەم کەناڵە بەڵێ کەناڵی لایەنێکی ئیسلامییە، بەڵام لایەنێکی ئیسلامییەکە لە خزمەت خەڵك و وڵاتی خۆیدایە، لایەنێکی ئیسلامییە کە ئیسلام پێی دەڵێت:دلسۆزیی بۆ خەڵك خزمەتکردنی خەڵك و وڵاتت بەشێکە لە دینداریی و مسولمانەتیت، بەشێکە لەو تاعەت و بەندایەتییەی کە بۆ خوا ئەنجامی دەدەیت، خوا (سبحانە و تعالی) لە ئایەتی پێش کۆتایی سورەتی (الحج:77)دا فەرمویت:(**یا ایها الذین امنوا ارکعوا واسجدوا واعبدوا ربکم و افعلوا الخیر لعلکم تفلحون**) ئەی ئەوانەی بڕواتان هیناوە ڕکوع بەرن و سوجدە ببەن و بەندایەتی بۆ خوا بکەن و چاکە بکەن بۆ ئەوەی سەرفراز بن، خوابەرستی و خەڵکدۆستیی دوو ڕووی یەك حەقیقەتن، ئەگەر خوابەرست بیت، دەبێت خەڵکدۆست بیت، ئەگەر خوا بەرست بیت، دەبێت لە گەڵ خەڵك باش بیت، بۆ خەڵك دلسۆز و بەبەزەیی بیت، لە گەڵ خەڵکدا بیت، چی لە دەستت دێت لە چاکە بۆیان ئەنجام بدەیت، پێغەمبەری ئێمە سەلات و سەلامی خوای لەسەر بیت، خوا نازناوی (رحمة للعامین)ی پێداوە، (**وما ارسلناك الا رحمة للعامین**)، تۆمان نەناردووە مەگەر بەزەیی بیت بۆ تیکرای جیهانیان. پێغەمبەری ئێمە تەنیا ڕەحمە ت و بەزەیی خوا نەبووە بۆ ئوممەتەکەی و مسولمانان، بەلکو بۆ هەموو جیهانیان و بەشەر، لە دوای هاتنی پێغەمبەرەوە (علیە الصلاة والسلام) تام و بۆنی ژیان گۆڕا، زۆر قیەم و بەهای بەرز کە فەوتابوون و لەبەین چووبوون، لەسەر دەستی پێغەمبەری کۆتایی(علیە الصلاة والسلام) زیندوو کرانەوە، زۆر بەهای بەرز کە ئیستا بەشەرییەت شانازییان پێوە دەکات، وەکو:(ئازادیی بیروڕا، مافی مرۆڤ، دادگەریی، یەکسانیی)، لەسەر دەستی پێغەمبەر کۆتایی بووژێنرانەوە، ئێمەش وەکو شوێنکەوتوانی ئەو پێغەمبەرە (علیە الصلاة والسلام) چ لە هەرێمی کوردستاندا بین، چ لە هەر شوێنێکی دونیادا بین، بێجکە لە دلسۆزیی و خێرخوازیی و وچاکە کاریی بۆ خەڵك شتیکی دیکەمان پێ نییە.

بە پێویستی دەزانم ئاماژەش بە ئەوە بدەم کە کەناڵی ئاسمانیی (پەیام) و هەر کەناڵێکی دیکەی ئیسلامیی پێموایە دەبێت چەند حەقیقەتێك بکاتە هێلی گشتیی کاری خۆی:

یەکەم :پابەندیی لە گەڵ نوێبوونەوە، پابەندیی بە شەریعەتەوە، تازەگەریی و نوێبوونەوە لە میکانیزم و شێوازەکانی کاردا، ئێمە بەبێ پابەندی بە شەریعەتەوە، مانایەك بۆ مسولمانەتیمان نامینێتەوە، بەڵام بە بێ ئیجتیهات و داهینانی تازە و بەکارهینانی شێوازی تازەش، لە ژین بەجێ دەمینین، ئەم ئایین و بەرنامەیەی خوای پەروەردکار لە سەردەمی پێغەمبەر پێشەوامانمدا سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت، بە تازەترین و نویترین شێوازی سەردەمی خۆی خزمەتی کراوە لە هەموو بوارەکاندا، ئێمە ئیسلام بە حەقی ڕەها و موتلەق دەزانین، بەلام دەبێت بە شێوەیەکی حەقیش بیگەیەنین، خوا (سبحانە و تعالی) دەفەرمویت:(**وبالحق انزلناه وبالحق نزل**)(**الاسراء**:105)، قورئانمان بە شێوەیەکی حەق ناردوتە خوار و خۆیشی حەقە، ئەوەندە بەس نییە کە ئینسان حەقی پێبێت، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی حەقیش بیگەیەنیت، بە ڕاستیی پابەندیی بە شەریعەتەوە لە چوارچێوەی فراوانی شەریعەتدا، لە سەرووی مەزهەب و ئیجتیهاد و بیروبۆچوونی زانایانەوەیە (لە گەڵ ڕێز و حورمەتمان بۆ هەموو زانایان)، بەڵام بە تەئکید زانایان و پێشەوایان بۆ سەردەمی خۆیان تەماشای قورئان و سوننەتیان کردووە، ئێمەش دەبێت بەهرە وەرگرتن لە کەلەپوور و بەرهەم و ئیجتیهاداتی زانایان لە سەردەمی

خۆماندا دووباره تەماشای قورئان و سوننەت و شەریعەت بکەینەوە، شەریعەت لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا بەرجەستەیە، دەقەکانی قورئان و سوننەت واتا وەحیی خوا (سبحانه و تعالى )، ئەوە بەکەڵکی هەموو کات و شوێنێك دێت، بەڵام بۆچوونی زانا و سەرمەزهەبی و پێشەوایەك کە لە قورئان و سوننەت هەڵیهێنجاوە، بە تێگەیشتنی ئەو دادەنرێت دەربارەی دین، نەك بە خودی دین، بۆیە عەجائیب نییە کە چاوی پێدا بگێڕدرێتەوە، یا خود بگۆڕدرێت بە ئیجتیهادێکی دیکە و بۆچوونی و تەفسیرێکی دیکە، ئەوەش کە دین لە ژین بە جێ نامینێت، دینی حەق کە ئیسلامە لە ژینی ئینسان بە جێ نامینێت، ئەوەیە کە بۆ شتە نەگۆڕەکان نوختەی خستۆتە سەر پیت، مەسەلەکانی ئیمان و عەقیدە، جیهانبینیی، عیبادەت، باری کەسێتی، مەسەلەی ئەخلاقی و رەوشت، قورئان و سوننەت نوختەیان خستۆتە سەر پیت، چونکە ئەو لایەنانە نەگۆڕن لە ژیانی ئینساندا، بەڵام بۆ ئەو شتانەی دەگۆڕێن کە گۆڕانیان بە سەردا دێت، وەکو بوارەکانی حوکم و سیاسەت، لایەنی ئابووری، کومەڵایەتی، پەیوەندیی نیوان دەولەتان و ئەوانە، ئیسلام بە وەندە ئیکتیفای کردووە کە هێلی گشتیی دابنێت و چوارچێوەیەکی فراوان دابنێت، بەڵام بۆشاییەکی زۆری بەجێهێشتووە، بۆ ئەوەی کە ئینسان بە عەقڵ و ئەزموونی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە لە بەر رۆشنایی ئەو دەقە کە مانەی چواچێوەی فراوانیان دیاریی کردووە.

خاڵێکی دیی ئەوەیە کە لایەنێکی ئیسلامیی راگەیاندنەکەی دەبێت داکۆکیی بکات لە سەر لێبوردنی و تەبایی و یەکتر تەحەمولکردن، میللەتانی پێشکەوتوو ئەو میللەتانەن کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دەتوان بە یەکەوە لە یەك حالیی بن، گوێ بۆ یەك دەگرن و دەستبار بۆ یەك دەگرن، بە پێچەوانەوە میللەتانی دواکەتوو ئەو میللەتانەن کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی لێك تێناگەن، یا خود یەکتر قبول ناکەن، ئێمە وەکو ئیسلامی ئیسلام فێری کردووین، پێغەمبەران (سەلاْت و سەلامی خوایان لێبێت) لە پێش پێغەمبەری کۆتاییشدا هەموویان قەسەیان ئەوە بووە لەگەڵ میللەتی خۆیان کە وەرن با لێك تێبگەین، ئەوە پەیامی خوایە بۆمان هیناون و لێمان وەربگرن، لێمان تێبگەن، تەماشا بکەن شوعەیب سەلاْت و سەلامی خوای لە سەر بێت چ بە گەلەکەی (مەدیەن) دەڵێت:(**و ان كان طائفة منكم امنوا بالذى ارسلت به وطائفة لم يومنوا فاصبروا حتى يحكم الله بيننا و هو خير الحاكمين** ) (الاعراف:87)، دە فەرموێت ئەگەر کۆمەلێك لە ئێوە بروایان هینا بەو پەیام و بەرنامەیەی کە هیناومە، کۆمەلێکیش بروایان پێ نەهینا، سەبر بگرن، واتا یەکتر تەحەمولّ بکە ن، هەتا خوا حوکم دەکات، واتە دونیا مەکەنە مەیدانی لە یەکتر دەرکردن، بەڵکو بیکەنە مەیدانی یەکتر تەحەمولکردن، پێکەوە مەدارکردن، لە سەر ئەو خالاْنەی پێکەوە هاوبەشن پێکەوە هاوکاریی بکەن، لە خاڵە جیاوازەکانیشدا یەکتر تەحەمولّ بکەن.

خاڵێکی دیی ئەوەیە کە ئێمە پێویستە هەمیشە بگەڕێین بۆ خاڵە هاوبەشەکانمان، وەکو لە کتێبی (تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی، خاڵە هاوبەشە و جیاوازەکانی) باسم کردووە، ئێمە وەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان و وەکو خەڵکی کورد لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایە هەین، کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەیە کە ئەگەر هەتا دەیان ساڵی دیکە بێن پێکەوە هاوکارییان لە سەر بکەین، هیشتا جوهد و وزە و توانای هەموومانی دەوێت و تەواویش نابن، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، خۆپەروەردەکردنەوەی خۆمان لە رووەکانی فیکریی و عە قیدەیی و ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئیداریی، پاشان چەسپاندنی مافە رەواکانمان کە هەندێکیان بە نیوە ناچڵی و زۆریشیان

ماون دەستەبەر کراون، ئەوە کە خۆمان مەزڵومییەت و حەق و مافەکانی خۆمان وەکو شەریعەت بۆی بڕیار داوین بە خەڵکی بناسێنین، ببینە خاوەنی دامەزراوەکان، ئەوانە هەموو خاڵی هاوبەشن پێویستییان بە هەموومان هەیە.

خاڵێکی دیی ئەوەیە کە راستیی و دلسۆزیی، دوو خاڵی زۆر گرنگن لە هەر راگەیاندنێکدا کە بیەوێ بە راگەیاندنی ئیسلامیی لە قەلەم بدرێت، ئەسڵی ئیمان بریتییە لە خوابەراستزانین و لە گەڵ خوادا راستبوون، بۆیە شتی درۆ و خیلاف پێچەوانەی ئەسڵی ئیمان و عەقیدەیە، لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پرسراوە کە ئایا دەگونجێ مسوڵمان فلان گوناحە بکات و لەسەر فلان گوناحە بەردەوام بێت، گوتوویەتی بەڵێ، بەڵام دەربارەی درۆ فەرموویەتی ناگونجێ مسوڵمان لەسەر درۆ بەردەوام بێت، چونکە درۆ پێچەوانەی تەسدیق ئیمانە.

دڵسۆزییش، تەماشای هەموو پێغەمبەران بکەیت (عليهم الصلاة والسلام)، ئەوەیان تەئیکد کردۆتەوە بۆ خەڵك و بەرجەستەشیان کردووە لە ژیانی خۆیاندا (وانا لكم ناصح امين )، ناصح واتە دڵسۆز، واتە من هیچ ئیشم پێتان نییە (ئیشی خۆم)، ئیشی خۆتانم پێتانە، دەمەوێت بەختەوەر بن، چونکە ئەرك و وەزیفەی ئینسانی مسوڵمانە کە ئەو ئیمان و عەقیدەی خۆی پێی بەختەوەر بووە، خەڵکیشی لێ بەهرەمەند بکات.

خاڵێکی دیی ئەوەیە کە ئێمە جیاوازییەکانی یەکتر قبوڵ بکەین هەر کەسێك بیەوێت خەڵك و میللەت و کۆمەڵگا بێتە یەك کۆرس و هەمووی یەك قەسە بکات، ئەوە بە راستیی بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، خوا دەفەرموێت: (ولايزالون مختلفين* الا من رحم ربك ولذلك خلقهم)، خەڵك هەر جیاواز دەبن، رەنگیان جیایە، دەنگیان جیایە، سروشتیان جیایە، چ لە سەر ئاستی تاکەکان، چ لە سەر میللەتان، ئێمە ناتوانین جیاوازییەکان لە بەین بەرین، مەگەر هەڵی بپلیشێنینەوە. بە راستیی خۆڕاهێنان لە سەر ئەوە کە یەکترمان بە جیاوازییەکانەوە قبوڵ بێت زۆر گرنگە، هەندێك کەس رەنگە ئەو گومانە بە خەڵکی ئیسلامیی بەرن کە جا تۆ بڵێیت ئیسلامییەکان و خەڵکیکی ئیسلامیی، قبوڵ بکات کە خەڵکیکی دیکە لە رووی فیکریی و عە قیدەییەوە لە گەڵی نەیارە، لە گەڵی بژی بە یەکەوە بن و هاوکاریی بکات، پێش ئەوەی ئێمە بە نەزەریی جواب بدەینەوە، دەڵێین تەماشای دەولەتی ئیسلامیی بکەن، دەولەتی ئیسلامیی یەکەم کە پێغەمبە ر (صلى الله عليهم وسلم) دایمەزراند، دەولەتێکی موتەعەدید بوو، مسوڵمانان پێکهێنەرێکی بوون، جولەکەکان و هێندێك لە موشریکەکان و موناقیق بوون کە پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام) تەحەمولی دەکردن، بەڵام پێویستە دەستوورێك هەبێت، چەند بنەمایەك هەبێت ئەو پێکهاتانە لە سەری پێك بێن وەکو خاڵی هاوبەش.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئێمە وەکو خەڵکی مسوڵمان لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەشدا لە کەسمان شێردراوە نییە کە کۆمەڵێك هەرەشە تەحەدییاتمان لەسەرە، کۆمەڵێك گرفت و قەیرانی نیو خۆ و دەرەکیمان هەن، ئایا بێجگە لە تەبایی و دەستبار بۆ یەکتر گرتن.

پشتگیریی یەکترکردن و کارکردن لە سەر خاڵە هاوبەشەکان و ەحەمولکردنی جیاوازییەکانی یەکدیی، بەدیلمان چییە؟ عەرەب دەڵێن: (السعيد من اتعظ بغيره)، بەختەوەر کەسێکە پەند لە غە یری خۆی وەربگریت.

ئێمە ئەگەر پەند هەر لە خۆشمان وەربگرین، دەبێت بێجگە لە تەبایی و رێز لە یەك گرتن و پێکەوە هاوکارییکردن، بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکەینەوە، بۆیە من لێرەوە بە راستیی وەکو داوایەکی برایانە و دڵسۆزانە رایدەگەیەنم کە هەموو ئەوانەی لە کەناڵی ئاسمانیی ( پەیام)دا کار دەکەن، بە هەر شێوەیەك لە

شێوەکان بە شداریی دەکەن، ئەو خالآنە لە بەرچاو بگرن کە ئێمە دە مانەویٚ بە راستیی هەوینی تەبایی و برایەتی و دوستایەتی و قوولکردنەوەی پێکەوە هاوکارییکردن بن، ئەو چاوەڕوانییەشمان هەیە لە کەناڵەکانی دیی و دامودەزگا راگەیاندنەکان کە بەو شێوە و روحییەتە هەموان بە یەکەوە هاوکار بین، چاکەیەك لە هەر کەسێکەوە بێت پشتکیری بین، هەلە و کەموکوڕییەکیش لە هەر لایەکەوە بێت هەوڵ بدەین چارەسەری بکەین و نەیەیڵێن، میللەتان بەوە بەرەو پێشەوە دەچن کە لە سەر ئەو شتانەی سوودیان هەیە بۆ هەموو لایەکیان کۆك بن، تەبابن، پشتکیری یەکتربن، هەر شتێك کە زیانی هەیە بۆ هەموو لایەکیان لای بەرن.

لە کۆتاییدا ئەوەش دەڵێین کە شەریعەتی خوای پەروەردگار هەرچی خێر و سوودی بەشەری تێدایە بۆ دونیا و دوارۆژ، بە تەئیکید گرتوویەتییە نیو خۆی، دەمێنێتەوە ئێمە تا چ رادەیەك بە عەقلێکی کراوەوە وەکو خۆی لە شەریعەت تێدەگەین، هەزمی دەکەین، پاشان لە ژیانی تاکی و خیزانی و کۆمەلآیەتیماندا پراکتیزەی دەکەین.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتی هەموو لایەکمان بدات کە بەو شێوەیە لە میللەتێکی مسوڵمان دەوەشێتەوە، بەو شێوەیە رەفتاربکەین، بەو شێوەیە بژین بۆ ئەوەی هەم لە دونیا، هەم دوارۆژمان بەختەوەریی و سەرفرازیی بێت، دووبارە سوپاس بۆ هەموو لایەك.

وصلى الله على محمد و على اله وصحبه اجمعين، والحمد الله رب العالمين.

## 32-(گوتارا ژمارە 32) (1)

**ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان**

**گەلی خوشك و برایان، گەلێك بە خێرهاتن سەرچاڤا**

ئەز زۆری خەشحالم کە ئەڤرۆ ئەڤ دەرفەتە هاتیە پێش و دگەل هنگۆ ئامادەبم و بەشداربم ل ڤێ ئاهەنگێ، ئاهەنگا هەڵمەتا هەڵبژاردنێت 25ی هەیڤا حەفت بۆ پەرلەمان و پەسندکردنا دەستوور و سەرۆکایەتیا هەرێما کوردستانێ، وچەند من پێ خۆشە ئەمرۆ دەمەکی خۆش پێکڤە ببورینن، بەری هینگی ئەز حەز دکەم دەلیڤێ بدەنە من دەمەکی کورت ژی ژ وەختێ هەوە بگرم و چەند پەیڤەکا ل سەر هەلبژارتنێ دگەل هنگۆ بئاخڤم.

ل بەری هەمی تشتەکی پێم خۆشە سلاڤێت گەرمێت سەرۆك مام جەلال و سەرۆك بارزانی و پارتی و یەکێتی و هەمی هەڤالێن لیستا کوردستانی پێشکەشی هەوە بکەم.

وەکی هوین دزانن دێ سێ دەنگدان هێنەکرن بۆ پەرلەمانێ هەرێما کوردستانێ، لڤێرە ئەڤە جهێ دلخۆشیێ و سەرفرەزایێ یە کو دبینن ئەڤرۆ کوردستان یا گەیشتیە قۆناغەکا کو ئازادی و دیموکراسیەت هند ڤیا پێ گەین

---

(1) ڕۆژنامەی خەبات، ژ(3215)، هەینی 2009/7/3.

کو ئەڤرۆ هەمی خەلك، هەمی کەس ب بیروباوەرێت جوداڤە پێ پێبن بۆ ئازادی هەلمەتا هەلبژاردنێ، بکەن و پشتی چەند رۆژا بەرەف سندوقێت دەنگدانا بچن. ئەڤ کەش و هەوایە دەسکەفتەکێ مەزنە کو بەرهەمێ خەباتا پێشمەرگێت خوراگر و بەرهەمێ خەلکێ تێکەشەرێ دەڤەرا بەهدینان و هەمی دەڤەرێت دیێ کوردستانێ یە، ئەڤ بەرهەمە بەرهەمێ بەرخودانا کەسوکارێت شەهید و ئەنفالایە، بەرهەمی هشیاری و خۆراگریا گەلێ کوردستانێ یە، ئەم سەربلندین کو ئەڤرۆ هەمی کەس ئازادە، وئەڤە ئێکە ل مەزنترین دەسکەفتێت کو ڤێ کاڤێ هاتیە دەست، و ئەڤە ئەو بەلێن و ئەو وەعدەیە کو جەنابێ سەرۆکی ل راپەرینا سالا 1991 ل باژێرێ کۆیێ دایە هەموو گەلێ کوردستانێ، لازمە چارەنڤیسێ گەلێ کوردستانێ ل دەستێ خەلکێ کوردستانێ دابیت و دیموکراسی سەرکەڤی. ئەز ب پێدڤی دزانم ئاماژە بدەمە ڤێ خالێ کو ئەم هەمی بزانین ئەڤ هەلبژاردنە، هەلبژادنێت زۆرێ گرنگن بۆ مە هەمییان چونکە نە بتنێ ل کوردستانێ بەلکی ل هەمی دنیایێ بەرێ خۆ دەنەمە بزانن کا دێ ئاستێ پێگەهشتنا دیموکراسیەتێ ل کوردستانێ گەهشتیە کێرێ. ژ بەر وێ ئێکێ سەرکەفتنا ڤان هەلبژارتنان سەرکەفتنا هەموو گەلێ کوردستانێ یە. هێڤی یا مە ئەوە و باوەرپیامنیش ئەوە کو خەلکێ ب وەفایێ پارێزگەها دهۆکێ دێ پشیڤانیا ل لیستا کوردستانێ کەت، کو لیستا برایەتیێ و تەبایێ یە، لیستا فیداکاریێ و بەرخودانێ یە، لیستا پاراستنا دەسکەفتێت هەرێما کوردستانێ یە، لیستا پێشکەفتن و سەرفرازیێ یە، لیستا نویکرنەڤێ و ئاڤەدانێێ یە، لیستا خەباتەکا پڕ ئەزموون و رێبەرایەتیەکا ب هێزە، لیستا برایەتی و تەڤایا سەرۆك مام جەلال و سەرۆك بارزانی یە، لیستا پارتا دیموکراتا کوردستانێ و یەکێتی یا نیشتمانیا کوردستانێ یە. لیستا کوردستانێ، ئەو لیستا کو نە ب تنێ دێ پارێزگاریا ل دەسکەفتێت هاتیە دەست کەت، بەلکی دێ بزاڤێ کەین کو رۆژ ب رۆژ کوردستان ئاڤەدانتر لێ بهێت و ژیانا خەلکی باشتر لێ بێت و پێشکەفتنێ باشتر بێنە دەست. راستە کێماسی یێن هەی و گازندەش یێن هەی، بەس نیەتەکا ب هێز یا هەی. کو ئەڤ کێماسیە بهێنە چارەسەرکرن، و هەر وەکی هوینژی دزانن چەند پێنگاڤێت هاتینە هاڤێتن بۆ چارسەرکرنا زۆر ل وان کێماسیا و پرۆژێن بەردەوام یێن هەین بۆ هندێ زێدەتر داخوازێت هوین بێنە جێبەجێ کرن و ئینشائەللا دێ وەختەکێ زووش دا بینن کو دێ بەرهەم هەبیت، لازمە ویژدان بەهی بکەینێ کا دێ چەند کەموکاسی هەنە کا دێ چەن دەسکەفتیش هەبینە. ماوەیێ 18 سالێت رابری دا خۆراگری و بەرخودانا هەرێما کوردستانێ بەرانبەری پیلان و هێرشێت دوژمنا ناهێنە ڤەشاردن. ئاڤەدانی و پێشکەفتنا کوردستانێ ناهێتە ڤەشادن، چەسپاندنا فیدرالیەتێ ل دەستوورا ئێراقێ ناهێتە ل بیرکرن، پاراستنا ئاسایشا هەرێما کوردستانێ د ڤان دۆخێت دژواردا کارەکی ئاسان نەبووە و نییە. بەس ڤێ گاڤێ کوردستان ب پشتڤانیا خودێ و گەلی کوردستانێ و هەمی خەباتکەر و پێشمەرگە و کادر و ئەفسەر و لایەنی بەرپرسیار یا هێمن و ئارامە، ئەڤە جهێ دلخۆشیێ سەرفرازیا مەیە. داکۆکی کرن ل جێبەجێ کرنا مادا 140 و ڤەگەڕاندنا دەڤەرێن ڤەقەتیایی ل هەرێما کوردستانێ ئەرکەکێ سەرەکی یە یێ لیستا کوردستانی و دەسهەلاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانێ یە. ب ڤێ مناسبەتێ من پێ خۆشە سەرێ رێز و نەوازشێ بچەمینین بۆ قوربانییێت گەرەکا شۆریجە ل باژێرێ کەرکوکێ کو بەری چەند رۆژەکا بوینە قوربانی دەستێ تیرۆرێ، بەس لازمە هەمی بزانن کو ئەڤ کردەوێت ترسنۆکانەیا دوژمنا دێ هێز و قوەتا مە ب هێزتر کەن بۆ هندێ بەرگریێ ل دەسکەفتێت هەرێما کوردستانێ بکەین و بزاڤێ بکەین بۆ ڤەگەڕاندنا کەرکووك و هەمی دەڤەرێت دیێ ڤەقەتیایی بۆ سەر هەرێما کوردستانێ.

ئەو لایەن و کەسێت کو زەحمەت ب ڤان دەسکەفتاڤە نەکێشای ئۆ خۆ ب شەریك و دەرد و رەنج و زەحمەتا ڤی میللەتی نەزانییت، ئو وەختێ ژێر دەستی و دەربەدەرییێ دگەل دا نەبیت ئەڤرۆ قیمەتا ب دەستهێنا ڤان دەسکەفتا نزانیت و منەتا ل دەست دانا وانیش نییە.

ئەڤرۆ هەر ئەو لایەنە بزاڤێن دکەن سوکایەتیا ب هەمی دەسکەفتێت ڕابردوویێ مە بکەن، چونکی بەس ڤێ گاڤێ دێ ب دەرکەڤن کە کەس دی چ نەبیت، ئاخافتن و بەلێنێت وان دگەل کردار و رەفتارا وان ئێك نییە هەتا نووکە تەنها تشتێن کو مە لێ دیتیە بەلاڤکرنا کلتوورەکییە کو یێ دوورە ل دابونەریتێت گەلێ کوردستانێ، ب کارئینانا ئاخافتنێت سڤك و هێرش کرنا سەر خەلکی دی و بەلاڤەکرنا توڤێ دووبەرەکیێ و نەتفاقیێ تەنها بەرهەمی وان بویە. ل بەر وێ ئێکێ ل سەرمە و ل سەر هنگۆ هەمیا لازمە ڤان دەسکەفتێت خۆ بپارێزین و بەردەوام بین ل خزمەت کرنا گەل و ولأتی و بەردەوام بین لە ئاڤەدان کرنا زانکۆ و پرۆژێت خزمەتگوزاری و تەناهیا هەمی خەلکێ کوردستانێ و بەردەوام بین ل دامەزراندنا موئەسەساتێت دیموکراسی و پێشخستنا کۆمەلگەها مەدەنی. بۆ ب جێ هێنانا ڤان ئامانجا لیستا کوردستانێ هەمی گاڤا دێ د خزمەتا هنگۆ دابیت. دەستوورا هەرێما کوردستانێ باشترین و ب هێزترین بەلگەیە بۆ پاراستنا کوردستانێ و دەسکەفتێت وێ، ئەڤە دەسکەفتەکا نەتەوەیی و نیشتمانی یە و گەرەنتییا جێبەجێ کردنا یاسا و یەکسانیێ یە، بەلگەکا ب هێزە بۆ رێزگرتنێ ل مافێ ئایینی و نەتەوەیی یێت هەمی خەلکێ کوردستانێ ب موسلمان و مەسیحی و ئێزدیڤە ب کورد و تورکمان و کلدان و ئاشووری و سریان و ئەرمەن و عەرەباڤە. باشترین پشتیڤانە بۆ بەرگری کرنێ ل مافێت دەڤەرێت ڤەقەتیایی ئەڤ دەستوورە ئیرادا گەلێ کوردستانێ یە و گەرەنتیا یەکپارچەیی و تەبایا کوردستانێ یە، رێ خۆشکەرە بۆ پێشڤەچوون و سەرکەفتن و جێ هێنانا ئامانجێت گەلێ کوردستانێ، ل بەر وێ ئێکێ ئەرکێ مە هەمیایە کو پەسندا ب دەستووریێ بکەین و دەنگێ خۆ بدەینێ و رێکێ نەدەین نەیارێت ڤێ ئەزموونێ ل دەرڤە و لەناڤ ولاتی دا ئاستەنگا دروست بکەن. ئەڤە چەند سالە ل سەر ئەڤ دەستوورەی شول دێتەکردن ئۆ ب تایبەت ل ڤان دوو سالێت بوری دا یا کەفتیە سەر مالپەرێت ئێنتەرنێتێ و رۆژنامە و ب هزارەها تێبێنی ل سەر هاتیە دان و لیژنا یاسایی پەرلەمانێ دگەل پسپۆرێت بیانی و شارەزا ماوەیەکێ درێژ دیراسەتا ڤی دەستوورەی یا کری و یا هاتیە پەسندکرن ل پەرلەمانێ کو نوێنەرێت راستەقینەیێت میللەتی نە و کەسێ دی بژل وا تەمسیلا ئیرادا مللەتێ کورد ناکەت و نابیت رێك هەبیت رەئی و باوەڕێت خۆ ل سەر ئیرادا میللەتێ کورد فەرز بکەت.

ل بەر هەندێ هیڤیا من ئەوە هەمی دەنگێ بۆ بدەنێ بۆ پەسندکرنا دەستووریێ هەرێما کوردستانێ کو بۆ یەکەمجارە ئەمیش ببینە خاوەن دەستوور.

ئەڤرۆ بۆ هندێ کو ب ئاسوودەیی بژین، بۆ هندێ کوردستان پێشکەڤیت و کێماسی بێنە چارەسەرکرن و یاسا سەروەربیت و کوردستان هەریا ئازاد بیت و یا پاراستنی بیت ل پیلان و هێرشێت نەیارا مە پێدڤی یە ب سەرۆکەکێ ب ئەزموون و رابەرێ پاقژ و خودان باوەر و پێشمەرگەکێ سەنگەرا خەباتا کوردایەتیێ هەی، مە پدڤێ ب سەرۆکەکی یە کو بانگهێشتا ئاشتیێ و تەباییێ بکەت و یەکریزیا گەلێ مە بپارێزی و رێز و ئیحتراما هەمی ئاین و نەتەوەکێ و هەمی هاوولاتیا بگریت، وەفاداربیت بەرامبەر بنەمالێت شەهیدێن سەربەرزی یا راستگۆ و خودان بەلێن و باوەڕ بیت، مە پێویستیا ب سەرۆکەکی هەی کو کەسایەتیا خەلکێ کوردستانێ بۆ ڤەگەڕاندی، ئو نووکە چ کەسەك ل کوردستانێ خو ب کەمتر نزانی ل کەس گەل ولاتێن دەوروبەر، ئەڤ سەرۆکەی باوەڕی بۆ مە

دروست كرديەڤە، هەستا بەرخودانى ڤەژاندەڤە و ئەڤ سەرۆكەى كو تەبايى ڤەگەڕاندى ئەڤرۆ بۆ يەكەمجارە ل ديرۆكا سەردەما كوردستانێ شەر ل مەبەينا كوردان دا نەمايە، ئەڤە مەزنترين دەسكەفتە كو جەنابێ سەرۆكى پێشكەشى مەهەميا كريە، ئەڤرۆ نە ل بەينا پارت و رێكخراوێت سياسى، نە ل بەينا عەشايەر نە ل بەينا هيچ كەسەكى ل كوردستانێ شەڕ نەمايە، و ئەڤە مەزنترين دەسكەفتە لازمە ئەم هەمى شانازيێ پێ بكەين و پێ دلخۆش بين. ئەڤرۆ ئەم پێدڤى سەرۆك بارزانى نە، ئو هيڤيا منيش ئەوە هەمى خەلكێ دەڤەرا بەهدينان دەنگێ خۆ بدەنە جەنابێ سەرۆك بارزانى، ئو هيڤيا من ئەوە ئەڤ هەلبژارنە ب سەركەفتى برێڤە بچن و دوور بن ل توندوتيژيێ و دوور بن ل هەمى كێماسيەكێ.

ئەز چى دى وەختێ هنگۆ ناگرم و هيڤيدارم هنگۆ دەمەكێ خۆش هەبيت و زۆر سوپاس و هەر بمێنن ب خێر و بژى كوردستان.

## 33-(گوتارا ژمارە 33) (1)

**ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان**

**هەڤالێت خۆشتڤى**

زۆر سوپاسيا ئنگۆ دكەم بۆ ڤێ دەعوەتێ ئنگۆ قەبول كريە، ئەز زۆرى مەمنونم هەر چەندە هەوا ژى يێ نەخۆشە ئنگۆ زەحمەتا كێشاى ئەنگ هەمى هاتيە ئێرە، بۆ مە جێى سەربلندیەكا زۆرا مەزنە، هون گەلەك ب خێربێن سەر سەر و سەرچاڤێت من.

هەقيقەت من حەز دكر ئەم ئەڤرۆ ڤێكرا رونێين بۆ هندێ مەعلوم ببيتن كو ئەم منەتبارێ زەحمەت و خزمەتا هنگۆينە، بۆ هندێ داكو بۆ هەمى كەسەكێ دياربيت كو ئەڤ دەسكەفتێ ئەڤرۆ ل كوردستانێ هاتيە دەست بەرهەمێ خوينا شەهيدانە و بەرهەمێ زەحمەت و خەباتا پێشمەرگێت قەهرەمانە كو زۆر ل هەوە ئەڤرۆ لێرە دئامادەنە. ئەم زۆر دمەمنونين كو ئەڤرۆ ئەڤ ئازاديە هاتيە دەست ئو ل بن سێبەرا ڤێ ئازاديێ ديموكراسيەت و ئاڤەدانى ل كوردستانێ يا بەرڤ پێش دچيت، هەروەكى هنگ دزانن ئێك ل سەبەبێت سەرەكى بۆ پێشكەفتنا كوردستانێ و بۆ پێشكەفتنا ديموكراسيەتێ يەكرێزى و تەباهيا ميللەتێ كوردە، كەس هندى هنگۆ نزانيتن، ئەگەر ميللەتێ مە يەك دەست بيت و يەكريز بيت دێ چەندێ ب هێزبيت و، چ كەس و چ دوژمن و چ ناحەز پێ ناوەستن چ زەربا ل ڤى ميللەتەى بدەن يان چ زەربا ل وەلاتێ مە بدەن، كەس هندى هنگۆش نزانيتن كا بەرێ نەتفاقيێ چەندێ نەخۆشە و چەند زەحمەت و ئازار ڤى ميللەتەى بێت ديتى هەكە ئەم يەك نەبين. هنگ هەمى ئەو پێشمەرگەنە يەكو وەختێ خۆ ل چيا و چۆلآدا بەلكى هنگۆ حەسرەتا هندێ بويە رۆژەكێ نانەكێ ب رەحەت ب خۆن يان شەڤەكێ ب ئيسراحەت بنڤن يا رۆژەكێ بێنا خۆ بدەن. بەس ئەو زەحمەتا وێ رۆژێ هنگۆ كێشاى ئەڤرۆ بەرهەمێ وێ يێ هاتيە دەست.

ئەڤە بەرهەمەكە كو ب پارە و ب هيچ سەروەتەكا دنيايێ ناهێتە دەست، بەلكى قيمەتا زەحمەتا هنگۆ قيمەتەكا مەعنەويە، ئەويش ئازاديا كوردستانێ يە، سەربخۆييا ڤى ميللەتەيە كو ل بن دەستيێ هاتيە دەرێ، وئەلحەمدوليلا ئەڤرۆ مللەتەكێ ئازادە، وەلاتەكێ ئازادە و ئينشائەللآ رۆژ بۆ رۆژيش دێ بەرەڤ ئاڤەدانيێ چين.

---

(1) رۆژنامەى خەبات، ژ(3218)، سێشەمە 2009/7/7.

وەکی هنگ ژی دزانن لڤان رۆژێن داهاتی هەڵبژارتن دێ هێنەکرنێ ل هەرێما کوردستانێ ب مناسەبەتا هەڵبژاردنا نوێنەرێت پەرلەمانێ و هەڵبژادنا سەرۆکێ هەرێمێ و پەسەندکرنا دەستووری هەرێمێ، مە پێ خۆشە کو هنگ وەکی مامۆستاییێت مە شیرەت و نەسیحەتا ل مە و ل گەنجێت مە بکەن، کا ئەم چ بکەین و چیش یا باشە و چ پێنگاڤا باشە بەرەڤ پێش باڤێژین کو ئەڤ دەسکەفتێت هەی بێنە پاراستن ئو کوردستان بەرەڤ ئاڤەدانیێ و بەرەڤ ب دیهینانا هەمی ئامانجێت میللەتە مە بچیت.

مە ئحتیاجی و پێویستیا ب نەسیحەتێت هنگۆ هەی، مە پێویستیا ب هندێ هەی هنگ بێژنە مە کا ئەڤ دەسکەفتە کو تۆڤ هاتینە دەست، مە پێویستیا ب هندێ هەی مللەتێ مە و گەنجێت مە بزانن چەند خوین بۆ ڤان دەسکەفتیا هاتیە رێتن، مە پێویستیا ب هندێ هەی هنگۆ چەند زەحمەت کێشایە ل سەر ڤێ هندێ هەمی دۆست و دوژمن بزانن کو ئەڤە دەسکەفتەکە ب ساناهی ئەم ل دەست نادەین و ئینشائەللا خودێ هاریکار بیت ب پشتیڤانیا خودێ و پشتیڤانیا ڤی مللەتەی دێ دبەردەوام بین ل سەر پاراستنا ڤان دەسکەفتانە و هەر ئینشائەللا خودێش دێ هنگۆ پارێزیتن بۆ هندێ هنگ بەردەوام بن پشتەڤانیێ ل مە بکەین دا ئەمیش پێ بوەستین ل سەر ڤێ رێکێ د بەردەوام بین.

ئەڤرۆ پتر ل هەمی رۆژەکێ کوردستان یا تەبایە و ئەڤ تەباییە پێش هەمی کەسەکێ ئەم سوپاسگوزارین و منەتبارین ل تەبایی و یەکریزیا هەر دوو پارتێ دیموکراتا کوردستانێ و یەکەتیا نیشتمانی کوردستانێ و ل سەرێ هەر دووحزباش ل سەرکردایەتیا ئەڤ ولاتەی سەرۆك مام جەلال و سەرۆك بارزانی پێشڕەوێت ڤی دەستپێشخەریێ بووینە پێشڕەوێت ڤێ یەکەتیێ و تەباهیێ بووینە، هیڤیدارین ئەڤ تەباهییە هەر یا بەردەوام بیت، هنگیش هەر د سەلامەت و موەفەق بن و بەردەوام بن د خەباتا خۆدا و د نەسیحەتکرنا مەدا، ئەزی مەمنوونیشم هەر چەندە، ئەڤرۆ دیسان تیکرار کەمەڤە رۆژ زۆر یا نەخۆش بوو، ئاڤ و هەوا یێ نەخۆش بوو، بەس دیسان ئنگۆ هاتیە ئێرە، ئەڤە بۆ مە رێزەکا زۆر مەزنە، ئیحترام و تەقدیرەکا زۆر مە یا هەی بۆ هنگۆ، ئەم خۆ ب سەرفراز دزانین هیڤیدارم وەختەکێ خۆش هنگۆ هەبیت، ئینشائەللا دێ هەمی گاڤێ پێکڤە بین و هەمی گاڤێ پێکڤە ئاهەنگ و سەیرانا گێرین و ئینشائەللا ئاهەنگا سەرکەفتنیش پشتی چەند ڕوژێت دی پشتی هەلبژادنێ دێ گێرین، هنگ گەلەك ب خێرهاتن و سەرسەر و سەر چاڤێت من، زۆر مەمنوون.

### 34-(گوتارا ژمارە 34) (1):

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**مامۆستایانی بەرێز**

زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە خزمەتی ئێوە دامە وە سوپاستان دەکەم بۆ تەشریف هێنانتان زۆر خۆشحالم بەو پێشکەوتنەی برای خۆشەویستم جەنابی وەزیر ئاماژەی پێکرد ئەمە بنەمای سەرکەوتنی هەر میللەتێکە. پێشەکی دەمەوێت ئەمە ڕوون بکەمەوە کەوا مەبەست لەم دانیشتنانە بە مەبەستی ئەوە بوو کە زیاتر وەزارەتی خزمەتگۆزاری بە میللەت ڕابگەینن چییان کردووە. بەرنامەشمان وابوو کە وەزارەتی دیکەش ببینین مانای وا نییە، کە وەزارەتێکمان دیتبێت یان ئەوەی دیکەمان نەدیتبێت، ئەمە لەوەی دیکە گرنگترە، لەم

(1) ڕۆژنامەی خەبات، ژ(3224)، سێشەمە 2009/7/13.

خشتەیەی، کە دانرابوو لەوە دەچێت بەرنامەی من بگۆڕێت پێویست بێت سەرەدانی هەندێك شوێن بکەم، ئینجا ڕەنگە هەندێك لەو وەزارەتانە پێرا نەگەن هەر لە ئێستاوە داوای لێبۆردنیان لێدەکەین، مانای ئەوە نییە، کە وەزارەتێك لە یەکێکی دیکە گرنگترە، بەڵکو هەموو بۆ ئێمە گرنگن زیاتریش مەبەست ئەوە بوو، کە یەکتر ببینین، بەڵام بە زیاتر مەبەستی من ئەوە بوو، کە میللەت ئاگادار بێت چ کراوە بۆ ئەم خەڵکە، ئەم وەزارەتانە چییان کردووە، چونکە هەر گلەی دەکرێت، گلەیش لە جێی خۆی، بەڵام هەردووکی بە دیار بێت هەردووکیش واقعی بێت، ئەوەی کراوە و ئەوەی نەکراوە هەردوو لایەنی وێنەکە ببینین، لایەنە باشەکە و لایەنە خرابەکەش...

زۆر گرنگە، کە گەنجانی ئێمە جگە لەوەی، کــە پێویستە زۆر فێری زانست بن، بەڵام زۆریش گرنگە لە ڕابردووی خۆیاندا نەپچڕێن...کە بەداخـــەوە زۆرجاری وا دەبیستم، یان دەبینم، یا لە چاوپێکەوتنانەی تەلەفزیۆنی لەکاتی ڕاپەرین، کە ئەمە نزیکەی 18 ساڵە، 18ساڵ تەمەنێکە، یانی ئەوەی ئەو وەختە لەدایك بووە ئێستا گەنجێکە ماشەڵڵا. لە هەلومەرجێکی تردا گەورەبووە، نازانێ کەپێشتر چۆن بووە، چ قوربانییەك و چ کارەساتێك بەسەر ئەو مللەتە هاتووە...

لێرەدا من دەمەوێت بێمە سەر بابەتی تر، ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردن و مەسەلەی دەستوور و مەسەلەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا.

هەڵبژاردن من بە دەستکەوتێکی گەورە دەزانم، یەکێك لەبەرهەمەکانی قوربانییەکانی میللەتەکەمانە، زۆر خۆشە ئێمە بگەینە ئەو ئاستە، بۆ هەر گۆڕانێك، کە بمانەوێت بیکەین لە ڕێی دەنگدانەوە بیکەین لەڕێی سندۆقەوە بیکەین نە وەك لەڕێی شەر و کوشتن و لێکدان و ئەمانە ئەمە بەڵگەی پێشکەوتنە.

ئێمە چەند ڕۆژێکمان ماوە بۆ هەڵبژاردنی، کە لە 25 ئەم مانگە ئەنجام دەدرێت، من ئێستاش دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە هەموو هەوڵێك دەدەین، کە ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف بێت، پاك و خاوێن بێت و لەڕێی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنیشەوە داوامان کردووە زۆرترین چاودێری دەرەوە بێن بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ببینن بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت تانە لە هەڵبژاردن بدات، و چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوەی بیدۆڕێنێت، یان ڕازی نەبێت لە ئەنجامەکە لە بەهانە دەگرێت بۆ ئەوەی هیچ بنەمایەك نەبێت.دەنا بەدڵنیاییەوە دوای هەڵبژاردن خەڵکانێك دەبێت نا ڕازی دەبن ئەگەر چاودێری دەرەوە هەبێت وخەڵکی تر هەبێت من پێم وایە یەکێك گلەیی بکات، یان سکالایەکیش پێشکەش بکات، دەبێت بەڵگەیەکی بە دەستەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەش سەبارەت بە من وەکو خۆم گرنگ ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنە بە سەرکەوتووی بێت، زۆر زۆر لەوە گرنگترە کام لیست چەند کورسی دێنێت و چەند نایێنێت، چونکە بە سەرکەوتووی ئەم هەڵبژاردنە بۆ سەرکەوتنی هەموو کوردە، لێرەدا هەموو لیستەکان برای ئێمەن دۆستی ئێمەن هاوپەیمانی ئێمەن، هەموو کوردن لە ئەنجامدا، کوردن کوردستانین، هەر لە ئێستاوە هەر کەسێك بیباتەوە پیرۆزبێت، با هەموو لایەکیش هاوکاربن بۆ ئەوەی توندوتیژی نەبێت بۆ ئەوەی هیچ لادانێك ڕوونەدات و هەموو لا دەبێت پەیرەوی لە ڕێنمایەکانی کۆمسیۆنی باڵا بیکەین بۆ ئەوەی بە ڕوویێکی گەش و بەڕوویێکی سپی ڕووبەرووی دونیا ببینەوە، کە زۆر شتێکی گەورەیە. بێگۆمان وەکو هاوڵاتییەکیش هەقی خۆمە من رەئی خۆم بدەم بە دڵنیاییەوە من پیشتیوانی لە لیستی 54 دەکەم، چونکە پێم وایە ئەمە زیاتر دەتوانێت ئەو دەستکەوتانەی بە دەست هاتوون بپارێزێت و دەستکەوتی دیکەش بۆ کورد

بەدەست بێنێت. برایەکی تر، هاولاتییەکی تر رایەکی دیکەی هەیە رێز لە ڕەئی ئەوەش دەگرم، ئەویش دەتوانێت ڕەئی خۆی بەو لیستە بدات، کە ئەو بروای وایە زیاتر دەگونجێت لەگەڵ بیروباوەری، لەگەڵ بۆچوونی...

پرسی کەرکووك و شوێنەکانی دیکەش، ئێمە هەر وەکو گوتم: دەستوور هەیە، ماددەی 140 هەیە. با لەمێشکی خۆیان دەربکەن پێیان وایە ڕۆژگار ئەم مەسەلەیە لەبیر کورد دەباتەوە، یان ڕۆژگار چارەسەری دەکات. دەبێت ماددەی 140 جێبەجێ بیکرێت، هەزار ساڵی دیکەش بمینێت دەبێت هەر جێبەجێ بکرێت؟ مومکین نییە ئەم بابەتە بەشێوەی دیکە بێت. ئێستا پشنیازێکی دیکە لە پەرلەمان هەیە گوایە کەرکوك بکەنە چوار ناوچەی هەڵبژاردن 32 بۆ کورد، 32 بۆ تورکمان، 32 بۆ عەرەب، 4 یش بۆ مەسیحییەکان، باشە بۆ هەڵبژاردن بکرێت، ئێمە کراوین و بەڵێنیش دەدەین دوای ئەوەی، کە ناسنامەی کەرکووك، با بەپێی ماددەی 140، سەبارەت ئێمە ناسنامەی کەرکوك گفتوگۆی لە سەر نییە و ئێمە گومانمان نییە، ناسنامەی کەرکووك شارێکی ئیراقییە، بەلام ناسنامەی کوردستانییە و بەشێکە لە کوردستان وەکو هەولێر، وەکو سلێمانی، وەکو دهۆك، کەرکووك و ناوچەکانی دیکەش، لەو هەڵبژاردنەی پارێزگاکاننیش دەرکەوت هی ئەنجومەنی پارێزگاکان سنووری کوردستان کوێیە بەراستی بابێن فەرموو لە دەنگدان موعلوم دەبێت، ئێمە دوای ئەوەی، کە چ بەپێی ماددەی 140، چ بەپێی حەزبکەن ڕاستییە مێژوویی و جوگرافی، ئێستا یەکێك لە ڕەخنەکان ئەوەیە، کە لەدەستوور دیاریکراوە باشە ئێمە دەڵێین بەپێی ڕاستی جوگرافی و مێژوویی سنووری کوردستان دیاری بکرێت، فەرموون حەزدەکەن دەچینەوە بۆ نەخشەکلنی ڕۆژگاری عوسمانی، حەزدەکەن بۆ ئینسکلۆپیدیای عوسمانیەکان، حەزدەکەن بۆ ڕاپۆرتی رۆژهەلاتناسەکان، چەندین ڕۆژهەلاتناسی ئەورووپی هاتووە، کە چۆن کوردستانیان دیاری کردووە، چۆن حەزدەکەن ئەوها، حەزیش دەکەن فەرموو با وەکو لە ماددەی 140 دا هاتووە (ئاساییکردنەوە، ئامار، راپرسی) لە کۆی خەڵکەکە زیاتر دەنگیدا خۆ دەبێت رێز لە رەئی ئەو خەڵکە بگیرێت، ئێمە بەڵێنی ئەوە دەدەین چ ڕازی بن بەراستی جوگرافی و مێژوویی چ بەجێبەجێکردنی ماددەی140 لە دابەشکردنی پۆستی ئیداری زۆر دەست والا بین لەگەڵ عەرەب و تورکمان و خەڵکی دیکە، بەلام بەم یاری کردنە مەحاڵە و مومکین نییە ڕێگە بدرێت و من حەزیش دەکەم میللەتی کوردیش دڵنیابێت و پەیامێکە بۆ برایانی عەرەب و تورکمانیش بەس یاری بەم بابەتەوە بکەن.

وەرن یا بەپێی ڕاستییەکانی مێژوویی و جوگرافی، یان وەرن بەپێی دەستوور و ماددەی 140 جێبەجێ بکەین، ئێمە برای یەکین و پێکەوە دەژین. بەداگیرکردن و بەفێڵکردن و بە خۆسەپاندن بەسەر کورد وەڵلاهی ڕێگە نادەین و مومکنیش نییە ئەمە قەبووڵ بکەین. ئیتر ئێمە لەگەڵ بەغدا، ڕەنگە دوای هەلبژاردن، بزانین ئەنجام و ئەوانە چۆن دەبێت، بەلام بەدڵنیاییەوە دەبێت هەر گفتوگۆیە، دیالۆگە، نابێت بیر لە شتی دیکە بکەینەوە، ڕەنگە بۆچوونی جیاوازمان هەبێت، ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە، بەلام دادوەر دەستوورە و ئێمە پابەندی ئەو دەستوورەین و لەکوێ دەستوور مافی بە ئێمە داوە، ئێمە سازش لە سەر مافی خۆمان ناکەین، لەکوێش ئیسپات بوو ئێمە لەدەستوور لاماندایە، دەربازبووین لەو مافەی، کە دەستوور بە ئێمەی داوە، ئێمە ئامادەین داوای پۆزشیش بکەین وراستیش دەکەینەوە ئەو هەڵەی کە کراوە، ئیتر جارێکی دیکە زۆر سوپاستان دەکەم، مەمنونم بۆ ئەوەی کە زەحمەتتان کێشاوە زۆر بەخێربێن و خوایار بێت بەردەوامیش دەبین لەو جۆرە دیتانە خوا یار بێت.

## 35-(گوتارا ژمارە 35) [1]

هاوڵاتیانی بەرێز هەلسوڕاوان و لایەنگران و دۆستانی بزوتنەوەی گۆڕان لە پاش ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی 7/25 سەرکەوتنیکی گەورەی بەدەستهێنا، رۆژ بە رۆژ لایەنگرانی بزوتنەوەکەتان روی لە زیادبوون و گەورەبوونە. بەرادەیەك کە ئەمڕۆ بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوتووە بزوتنەوەی گۆڕان یەکێکە لە لایەنە سیاسیە سەرەکیەکانی کوردستان کە فەرامۆشناکرێت. ئەم بەهێزبوون و گەورەبوونە کە بەلایەنگری و دلسۆزی و حەماسەتی ئێوە پێکهاتووە کارێکی کردووە هەندێك لایەن بەم لایەنگریە گەرمەی ئێوە قەلس بن و لە هەر سەرکەوتن و زیادبونێکی ئێوەدا خۆیان بە دۆڕاو بزانن. بۆیە ئەیانەوێت بە هەموو شێوەیەك بیانو بۆ ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی پشێوی و ئالۆزی بدۆزنەوە. لەم سۆنگەیەوە داواتان لێئەکەم زۆر هوشیارانە ڕەفتار بکەن و لە بەرامبەر ئیستفزاز و پەلپگرتنەکانیاندا خۆراگر بن و هێمنی تەواوی خۆتان بپارێزن. کاردانەوەی شەخسیتان بۆ هیچ پێشێلکاری و هەڕەشە و بیانوگرتنێکی ئەوان نەبیت، تەنها بەشێوەیەکی یاسایی دەزگا پەیوەندیدارەکان و فەرمیەکانیان لێ ئاگادار بکەنەوە. داواتان لێدەکەم بە تەحەمول بەسەبر بن و بیانو بەهیچ کەس و لایەنێك و لایەنێك مەدەن پرۆسەی مەدەنیانەی دیموکراسی بشێوێنێت، کە بەدڵنیاییەوە بە قازانجی بزوتنەوەی گۆڕان و دۆڕانی هێزە نابەرپرسیارەکان کۆتایی دێت.

من لەکاتێکدا دەستی یەك بە یەکتان ئەگوشم و سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو حەماسەت و گڕوتینەی بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان هەتانە، داواتان لێئەکەم هێمنی و ئارامی خۆتان بپارێزن و وەڵامی هیچ ئیسفزازێك بەشێوەیەکی شەخسی مەدەنەوە. بەشێوەیەکی شارستانیانە و مەدەنییانە بانگەشەی هەلبژاردن بەڕیوەبەرن و بیانو بۆ ئەو کەسانە مەهێنەوە کە نەخشەی ئەمجارەیان ئەوەیە بە ئاژاوەنانەوە و دروستکرنی پشێوی پرۆسەی هەڵبژاردن پەکبخەن. تەنها لە کەشێکی هێمن و ئازادا ئەتوانین سەرکەوتن بۆ خۆمان و داواکانی ئێوە مسۆگەر بکەین.

دۆستان و لایەنگرانی بەرفراوانی لیستی گۆڕان، لە هەر کوێیەك هەن و لە هەر شوینێکی ئەم وڵاتەدا کار ئەکەن هیوام گەورەیە کە رەفتار و کردەوەکانتان بەڵگە بێت بۆ راستگۆیی داوا و بەڵێنەکانی لیستی گۆڕان. رەفتار و کردەوکانتان نمونەیی بێت بە ئەخلاقێکی بەرزەوە بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕێوە بەرن. لێرەوە داواتان لێئەکەم لە کاتی بانگەشەی هەلبژاردندا هێمنی و ئارامی خۆتان بپارێزن. رێز لە لایەنگرانی لیستەکانی تر بگرن و پەیرەوی یاساکان بکەن و هەر کەسێکیش دەستدرێژی و رەفتاری ناشایستەی بەرامبەر کردن دان بەخۆتاندا بگرن و لایەنە پەیوەندیدارە فەرمیەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە. داواتان لێدەکەم رێز لە یاساکانی هاتوچۆ بگرن و نەبنە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ هاتوچۆکردنی خەڵك. دەبێ هەموتان وا دەرکەون کە بەراستی گۆڕانتان

---

(1) ڕۆژنامەی بەرەو گۆڕان، ژمارە(8)، شەممە 2010/2/20.

ئەوێت، سەروەری یاساتان ئەوێت. رێزگرتن و پارستنی مافی هەموو کەسێکتان ئەوێت تەنانەت ئەوانەش کە لە گەڵ بیروبۆچوونی ئێوەدا نین. چونکە ئەمانە داوا راستەقینە و بەرنامە سەرەکیەکانی لیستی گۆڕان کە ئێوە لایەنگری دەکەن.

دۆستان و لایەنگرانی گۆڕان مژدەتان ئەدەمێ سەرکەوتنی گەورە بەرێوەیە کە بزوتنەوەکەمان ئەکات بە رەقەمێکی گەورە، هەم لە هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان و هەم لە هاوکێشە سیاسیەکانی عێراقدا.

بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە و هەلبژاردنێکی هێمن و دور لە گرژی

## 36-(گوتارا ژمارە 36) [1]

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد الله رب العالمين وصلى الله وتعالى و سلم وبارك على حبيبنا وشفيعنا محمد و أله أجمعين من الصحب وألازواج والقرابة والتابعين لهم باحسان الى يوم الدين.

سەرەتا زۆر سوپاسی (رێکخراوی ئازادی) دەکەم کە ئەم کۆنفرانسەیان سازدا، خۆشحالیشم کە بە دیداری ئامادبووانی بەرێز دەکەم، لە شاری (دیاربەکر)ی دێرین و مێژووی کوردستان، بەرێزان!

بابەتەکەی من لەژێر ناونیشانی : (ئیسلام و چارەسەری کێشەی کورد)دایە، دیارە کێشەی کورد لەم رۆژکارەی ئێمەدا یەکێکە لە کێشە هەرە هەستیارەکان، هەروەها کێشەیەکی هەرە ئالۆزە، لەبەر ئەوە دەهێنێت کە کۆنفرانسی لەو بابەتەی بۆ سازبکرێت، بەڵکو لەمەش زیاتر و فراوانتری بۆ سازبکرێ، ئێمە وەکو میللەتێکی موسلمان جێی خۆیەتی کە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکەمان بگەڕێینەوە بۆ دینەکەمان، بۆ کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، بۆ ئەوەی چارەسەری دەرمان و هەتوانی سارێژکردنی ئەو برینە گەورەیەمان لەدینی خۆماندا سازبکەین.

بەرێزان من بابەتەکەم کردوە بەسێ تەوەرەوە:

**یەکەم:** (ئیسلام و بابەتە نەتەویەتییەکان).

**دووەم:** (واقیعی هەرێمی کوردستانی عیراق).

**سێ یەم:** (چارەسەری کێشەی کورد بەگشتی و لەتورکیا بەتایبەت لە روانگەی ئیسلامەوە).

---

(1) ئەڤ گوتارە د دوو ژمارێن (ڕۆژنامەی کۆمەڵ)دا هاتییە خوارێ ئەوژی: ژ( 434)، شەممە 21/ 7/ 2010 و ژ(435)، سێشەمە2010/8/10.

**یەكەم:** ( ئیسلام و مافە نەتەوایەتییەكان).

بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز ئەم كتێبە، كە (كتێبی سۆزی نەتەوایەتی وبیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا) یە،(26) ساڵە نووسراوە، ئەمەی لەبەردەستمایە چاپی تازەیەتی (نووسەر كتێبەكەی خۆی لەبەردەستدابووە بەناوی سۆزی نەتەوایەتی)، بەندە هەڵوێستی خۆم سەبارەت بە چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی بەگشتی و نەتەوەی كورد بەتایبەت، بەتەفصیل لەم كتێبەدا خستۆتە روو، من هەوڵ دەدەم بەگۆشرایی و بە پوختی هەلوێستی خۆمان بخەینە روو، ئەم كتێبەش (20) نوسخەیەكمان هێنابوو دابەشمانكرد بەسەر هەندێك لە بەڕێزاندا، هیوادارم كە بتوانن لێی بەهرەمەند بن، ئەگەر كەسانێكیش هەبن دوایی وەریگێڕنە سەر زاری كرمانجی، یاخود زمانی توركیش دیارە لە پانتاییەكی فراوانتردا سوودی لێ دەبینرێت، بۆ زانینی هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر مافە نەتەوایەتییەكاندا، من دەچمە خزمەت قورئانی بەرێز لە سورەتی (الحجرات) ئایەتی ژمارە(13)ی لێ وەردەگرین كە خوای سبحانە و تعالی دەفەمویێت: ﴿ **یا أیها الناس أنا خلقناكم من ذكر وأنثی وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا أن أكرمكم عند الله أتقاكم ان الله علیم خبیر**﴾، واتە: ئەی خەڵكینە! ئێوەمان لەنێر و مێیەك وەدیهێناوە پاشان گێراومانن بەچەند گەل و تیرەیەك، تاكو یێك ئاشنا بن، بێگومان بەرێزتان لای خوا پارێزگارترتانە، بەراستی خوا زانای شارەزایە، ئەم ئایەتە بەپێزە دەتوانین پێنج یاسای گرنگی لێ وەربگرین، كە چارەسەری كێشەی مافە نەتەوایەتییەكانیان تێدا بەرجەستە دەبێت و، هەلوێستی ئیسلامییان تێدا دەدرەوشێتەوە لە مەڕ مافە نەتەوایەتییەكانی میللەتان.

**یاسای یەكەم:** لە رستەی یەكەم وەردەگیرێ خوا دەفەرموێت:(**یا أیها الناس**) ئەی خەڵكینە، لێرەدا خوا (سبحانە و تعالی) بەگشتی بانگی مرۆڤایەتی دەكات، بە وشەی خەڵكینە، كە ئەمە لێی وەردەگیرێ مرۆڤەكان لە خودی خۆیاندا و لە تەرازووی خوادا وەكو یەكن، هیچكامیان ئیمتیاز و پلەو پایەی نییە بەسەر ئەوی دیكەیاندا.

**یاسای دووەم لەرستەی: (أنا خلقناكم)**، واتە: ئێمە ئێوەمان وەدیهێناوە وەردەگیرێ،كە ئەویش ئەگەر (**یا أیها الناس**)ئەوەی لێ وەردەگیرێ كە مرۆڤەكان لەخودی خۆیاندا یەكسانن، رستەی (**أنا خلقناكم**)، لێی وەردەگیرێ مرۆڤەكان لە لای (سبحانە و تعالی) وەكو یەكن، خوای بێ وێنە لە مەسافەیەكی یەكسان لە هەموویان دەوەستێ، هیچكامیان لە خوا نزیكتر نین لەوی دیكە، هەموویان لای خوای پەروەردگار وەكو یەكن، وەكو لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا هاتوە(صلی الله علیە و سلم) ( الناس سواسیة كأنسان المشط)، خەڵكی یەكسانن وەكو دەنكەكانی شانە، دیارە ئەم فەرمودەیە ئەگەر لەرووی سەنەدیشەوە گرفتێكی هەبێت، بەڵام واتاكەی راستە و بێگرێ و گوڵە.

**یاسای سێیەم:** لەم وشەیە وەردەگیرێ: ( **من ذكر وأنثی**)، خوا دەفەرموێت: ئێوەمان وەدیهێناوە لە نێرێك و مێیەك، كە دیارە مەبەستی پێی (ئادم و حەوا)یە، دایك و بابی مرۆڤایەتی (سەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێت)، كە واتە لە رووی ڕەچەڵەك و نەسەبیشەوە مرۆڤەكان بەگشتی و نەتەوەكان و هۆز و تیرەكان هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ دایك و بابێك، هەموویان دەچنەوە بۆ خێزانێك، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیە وسلم)، لە فەرمایشتێكدا كە (أبو داود)و(ترمذي)ی گێراویانەتەوە، دەفەرموێت: (ألناس كلهم بنو أدم، وأدم خلق من تراب)، واتە: خەڵكی هەموویان وەچەی ئادەمن، ئادەمیش لەگەڵ دروست كراوە، كەواتە هیچ كەس بۆی نییە بڵێت

نەسەب و رەچەڵەکی من، یاخود رەگەزی من لە ئەوی دیکە چاکترە، بەڵکو خەڵکی هەموویان وەکو یەکن و هەموومان دەچینەوە سەر یەك دایك و باب.

**یاسای چوارەم لە ڕستەی:** (**وجعلناكم شعوبا و قبائل**)، وەردەگیرێ، دەفەرموێت: گێڕاومانن بەچەند گەل و تیرەیەك، کە واتە ئەوە کە کورد بۆتە کورد، تورك بۆتە تورك، عەرەب بۆتە عەرەب، فارس بۆتە فارس،..هتد، هەموو لە لایەن خواوەیە بە ئیرادەی خوا ئەو گەل و نەتەوانە پەیدابوون، وە هەر کامێکیان لەرووی نەتەوەییەوە لەگەڵ ئەوی دیکە یەکسانە، واتە: عەرەب چەندە عەرەبە، کوردیش هێندە کوردە، وەکو چۆن عەرەب نەتەوەیە، کوردیش نەتەوەیە، وەکو چۆن تورك نەتەوەیە، فارسیش نەتەوەیە،..هتد، بۆیە دانپێدانەهێنانی نەتەوەیەك بە نەتەوەبوونی کۆمەڵە خەڵکێك کە پێناسەی نەتەوە دەیانگێرتەوە، لە راستیدا پێچەوانەی ئیرادە و خواستی خوای پەروەردگارە، دژ وەستانەوەیە لەگەڵ ویست و ئیرادە و وەستی خوای پەروەردگاردا.

**یاسای پێنجەم:** کە لە وشەی: (**لتعارفوا**)، وەردەگیرێ، واتە: تاکو پێك ئاشنابن، یەکدی بناسن، کەواتە ئامانجی دابەشکرانی مرۆڤایەتی بۆ چەند گەل و تیرەیەك، حیکمەتەکەی بریتییە لە پێك ئاشنابوون و پێکەوە هاوکاریکردن، هەروەها پێکەوە دەستبارگرتن بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی جۆراوجۆر و رەنگاو رەنگ بێت، نەك هەمووی لەیەك قالب بدرێت، بەڵکو جۆراوجۆر بن، رەنگاو رەنگ بن، بەڵام دیارە یەکسان بن لە مرۆڤ بوونیاندا، لە تەرازووی خوای پەروەردگاردا.

لە کۆتاییدا خوا (سبحانە وتعالی) دەفەرموێت: (**ان أكرمكم عند الله أتقاكم**)، بێگومان بەڕێزتان لە تەرازووی خوادا پارێزگارترتانە. واتە کێ زیاتر خۆی بپارێزێ لەو شتانە کە خوا پێی ناخۆشە، خوای کاربەجێ دوو شتی پێناخۆشە، ئەوە کە قەرزی کردووە بیچوێنی، ئەوەش کە قەدەغەیکردوە بیشکێنە، هەر کەسێ زیاتر خۆ بپارێزێ لە شتانێك کە خوا پێی ناخۆشە، ئەوە لای خوا رێز و حورمەتی زیاترە، بە رەگەز و بەزمان و بەرەچەڵەك و بەنەتەوە و بە رەنگ، بەرز و نزمی لای خوا پەیدا نابێت، بەڵکو بە تەقوا پەیدا دەبێت، تەقواش شتێکە هەموو کەس، هەموو مرۆڤەکان بە نێر و مێیەوە، بە هەموو رەنگەکان و زمانەکان و نەتەوەکانەوە دەستیان پێی دەگات، بۆیە خوا (سبحانە و تعالی) شتێکی کردووە بە مەیدانی پێشبڕکێ کە هەموویان بتوانن ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، بەڵام ئەگەر خوا فەرموبای بەڕێزترتان لای خوا سپی پێستترتانە، یاخود رەش پێستترتانە، یان بەڕێزترتان لای خوا ئەوەیە کە عەرەب تر بێت یان تورك تر بێت، یان کورد تر بێت، یان بەڕێزترتان لای خوا ئەوەیە کە دەوڵەمەندتربێت یان زاناتر بێت، ئەوە بە تەئکید دەستەك دەیانتوانی پێشکەون، بەڵام خەڵکەکەی دیکە بەجێ دەمان، بە بێئەوەی ئیرادەی خۆیان لە وێدا دەورێك ببینێ، کەواتە دەبێت مرۆڤ ئەگەر هەر شانازیی بکات بە شتێکەوە کە بۆ خۆی وەدەستی دێنێ، نەك شانازی بە شتێکەوە بکات کە ئیرادەی دەوری تێدا نەبینیوە، بۆیە بەراستی من کە بە نێو شاری دیاربەکردا دەگەڕام چەند لافیتەکم بینی، ئەو هەڤاڵانەی کە لەگەڵمدا بوون، بۆیان تەرجەمەکردم بە تورکی نووسرابوو، دیارە لێرە هیچ شتێك بەکوردی نانووسرێ هەمووی بە تورکی نووسراوە، گوتم: ئەو رستەیە چییە زۆر دووبارە بۆتەوە؟ گوتیان: دەڵێت من شانازیی بەوەوە دەکەم کە تورکم، وە تورکبوون هەموو چاکە و فەزیلەتێکی تێدا کۆبوتەوە، بەراستی بەزەییم هاتەوە بە خەڵکی تورکیادا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، کە بیرکردنەوەیەکی وایان هەبێت، چونکە شانازییکردن بە تورك بوون و بە کورد بوون، بە عەرەب بوون و بە فارس بوون، هتد، ئەوە شتێکی نا مەنتیقییە،چونکە هیچکام

لەو نەتەوانە خۆی نەکردوە بەو نەتەوەیە، بەڵکو خوا کوردیکردوە بە کورد، تورکی کردوە بە تورك، عەرەبی کردوە بە عەرەب، وە لەراستیدا دابەشبوونی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوەکان، وەکو پێشتر باسمانکرد، بە ئیرادە و ویستی خوایە، بە جەعلی خوای پەروەردگارە، بۆیە هیچ فەزیڵەت نییە، بۆ کەس هەر وەکو پێچەوانەکەشی نەقیش نییە بۆ کەس، بەڵگە فەزیڵەت ئەوەیە کە ئینسان بۆ خۆی وەدەستی دێنێ، وەکو خۆ رازاندنەوە بە سیفەتە بەرزەکان و خۆ بژارکردن لە سیفەتە نزمەکان، وەکو چەسپاندنی دادگەریی، وەکو سوودگەیاندن بە خەڵك، ئا ئەوانە دەبێت بکرێن بەشوێنی شانازیی پێوەکردن، ئەگەر ئینسان هەر شانازیی بکات.مەسەلەی خۆشویستنی گەل و نیشتمان لە روانگەی ئیسلامەوە بە شتێکی خوارسك (فطری) دانراوە، وەکو خوا (سبحانە و تعالی) لە سورەتی (الروم) ئایەتی (30) دەفەرموێت: ﴿**فأقم وجهك للدين حنيفا فطره الله التى فطر الناس عليها لاتبديل لخلق الله ذلك القيم ولكن أكثر الناس لا يعلمون**﴾ ( الروم:30)، واتە: رووی خۆت راست بکە بە پاکی بەروە بەرنامەی خوا واتە لابدە لە هەموو بەرنامە پووچەکان و بەرەو راستە شەقامی خوا، ئەو دینە کە رووی خۆتی لەگەڵ راست دەکەیت هەمان (فیطرەت) و سروشتە کە خوا خەڵکی لەسەر سروشتاندوە، (**لاتبديل لخلق**)، گۆڕین نییە بۆ دروستکراوی خوا، (**ذلك الدين القيم**)، ئا ئەوە دینی راستەکە لەگەل (فیطرەت) و سروشتی مرۆڤدا دەگونجێ، ( **ولكن أكثر الناس لايعلمون**)، بەلأم زۆربەی خەڵکی نازانن.بەڵێ خۆشەویستی خاك و نیشتمان شتێکی خوارسکە و ئینسان بۆ خۆی دەستی تێدا نییە، خوا ئینسانی وا خولقاندووە ئەو خەڵکەی لە نێویاندا دەژی و ئەو نیشتمان و زێدەی کە تێیدا پێگەیشتووە هۆگریەتی و خۆشی دەوێ، ئەگەر تەماشای فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خواش بکەین (صلى الله عليه وسلم)، تەماشا دەکەین پێغەمبەری خوا هەر شوێنێك لێی ژیا بێت خۆشەویستی و سۆزی خۆی بۆ دەربڕیوە، بۆ وێنە: لە فەرمایشتێکدا کە (بوخاری و مسلم) دەیگێڕنەوە، فەرموویەتی: (ان أحدا جبل يحبنا ونحبه)، واتە: ئوحد چیایەکە، خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێ، هەروەها لە فەرمایشتێکی دیکەشدا کە دیسان (بوخاری و مسلم) دەیگێڕنەوە دەفەرموێت: (اللهم حبب الينا المدينة كحبنا مكه أو أشد)، واتە: ئەی خوایە مەدینەمان لە لا خۆشەویست بکە وەکو خۆشەویستیمان بۆ مەککە، بەڵکو زیاتریش، هەروەها لە فەرمایشتێکی دیکەدا لە (ترمذی) لە عەبدوللأی کوڕی عەبباسەوە (خوا لێیان رازی بێت) دەیگێڕتەوە، کاتێ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە شاری مەککە دەردەکرێت، دەفەرموێت:(ما أطيبك من بلد وأحبك الى اليه، ولولا أن قومك أخرجونى منك ما سكنت غيرك)، ئاور لە شاری مەککە دەداتەوە و دەفەرموێت: چەند وڵاتێکی خۆشەویستی لەلام، چەند ساف و خۆشی، ئەگەر گەلەکەت منیان لە تۆ وەدەر نەنابایە، تەنیا لە تۆدا نیشتەجێ دەبووم، لە هیچ شوێنێکی دیکە نیشتەجێ نەدەبووم.لێرەدا رەنگە پرسیارێك بێتە زەینەوە، ئامادەبووانی بەرێز کە ئایا ئەگەر خۆشەویستی گەل و نیشتمان بەو شێوەیە بێت، دەمارگریی (تعصب)، لە کوێوەیە و هەڵویستی شەریعەت بەرامبەر بە دەمارگیریی چییە؟ وەلأمەکەی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زۆر بە رۆن و راشکاوی رەفزی عەصەبیەت و دەمارگیریی کردوە، وەکو لە فەرمایشتێکدا کە (أبو داود) گێراویەتەوە دەفەرموێ(ليس منا من دعا الى عصبية، وليس منا من مات على عصبية)،واتە هەرکەسێك بانگەواز بکات بۆ دەمارگیریی جەنگ و کوشتار بکات لە ئێمە نییە، وە هەر کەسێك لەسەر دەمارگیریی بمرێ لە ئێمە نییە.بەلأم لێرەدا دەبێت پرسیارێك بکەین، دەمارگیریی واتای چیی؟ (تعصب) واتای چی؟ هەرچەندە هەموومان چەمك و واتایەکی گشتیی مان بۆ دەمارگیریی وتەعەسوب هەیە، بەلام بۆ

ئەوەش دەچینە خزمەت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بزانین چۆن پێناسەی ئەو تەعەسوب و دەمارگیرییەمان بۆ دەکات، دەفەرموویێت: هەرکەسێك بانگەشەی بۆ بکات و لەپێناودا شەر کە بکات ولەسەری بمرێت، لە ئێمە نییە، واتە لەو سیفەتەدا لە ئێمە نییە، نەك لە بازنەی ئیسلام چۆتە دەرێ، با تەماشەی ئەم فەرمایشتە بکەین، (عن بنت وائله بن أسقع قالت: سمعت أبی یقول: قلت یا رسول الله (صلی الله علیه و سلم): ما العصبیة؟ قال: أن تعین قومك علی الظلم) رواه أبو داود، کچی وائیلەی کوڕە ئەسقەع، دەڵێت: گوێم لە بابم بوو دەیگۆت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) عەصەبیەت چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە یارمەتی گەلەکەت بدەی لەسەر ستەم، واتە گەلەکەت هەرچەندە ستەم بکات و زوڵم بکات، تۆ هەر ئامادەبی لەگەڵ گەلەکەی خۆتدابیت و پشتی بگریت بە حەق و بە ناحەق، ئا ئەوە عەصەبیەتە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە فەرمایشتێکی دیکەدا کە (أبو داود) دەیگێڕیتەوە زۆر جوان ئەومان بۆ وێنا دەکات کە کەسێك لەسەر زوڵم و لەسەر ستەم و ناحەقی پشتی گەلی خۆی دەگرێت چۆنە، دەفەرموویێت: (من نصر قومه علی غیر الحق فهو کالبعیر الذی ردی فهو ینزع بذنبه)، واتە: هەرکەسێك پشتگیریی گەلەکەی خۆی بکات بە ناحەق، ئەوە وەکو ئەو حوشترە وایە کە کەوتۆتە چاڵ و بیرێکەوە و بەکلکی دەری دەهێننەوە، واتە دیمەنێکی چەندە ناڕێکی هەیە، هەرکەسێك بە ناحەق دیفاع لە گەل و نەتەوەکەی بکات، بەو شێوەیەیە، ئەوە بە کورتی هەلوێستی ئیسلام بوو سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەکان، هەڵبەتە زۆر بە پوختیی و بەگۆشراویی، پاشان دەچینە سەر تەوەری دووەمی بابەتەکەمان.

**دووەم:** (واقیعی هەرێمی کوردستانی عیراق).سەبارەت بە واقیعی هەرێمی کوردستانیش، من ئەم کتێبەم نووسیوە بە ناوی: (واقیعی هەرێمی کوردستان– دیدێکی ئیسلامییانە)، لەوێش (20) نوسخەمان هێنابوو کە دابەشمانکرد بەسەر ژمارەیەك لە ئامادبووانی بەرێزدا، هیوادارم ببێتە مایەی بەرچاوڕوونییتان سەبارەت بە هەڵوێستی ئێمە لەبەرامبەر واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر لە داهاتوشدا بگونجێ بۆ زاری کرمانجی یاخود تورکی وەربگێڕدرێ، بەتەئکید سوودی زیاتری لێ دەبینرێت.

سەبارەت بە واقیعی هەرێمی کوردستان، من بەکورتی دەڵێم ئێمە ماوەی (20)ساڵێکە هەرێمێکی ئازاد و سەربەخۆمان هەیە (هەڵبەتە دەڵێم تا ڕادەیەك) کە ئەو واقیعە سیاسییەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانێکدا بەرجەستەیەو، لەحکومەتێکدا و لە دەسەڵاتێکی دادوەرییدا، هەروەها لەکۆمەڵێك دام و دەزگادا، کە بەشێوەیەکی پلە پلەیی بەرەو هەراشی چوون، هەڵبەتە کەم و کوڕییان تێدا ماوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ کار کراوە لەسەر ئەوەی کە کرچ و کاڵیی و کەم و کوڕییەکانیان چارەسەر بکرێن،ئەم واقیعەی ئێستای هەرێمی کوردستان واقیعێکی سیاسییە، تا ڕادەیەك شکڵی گرتوەو، مامەڵەی سیاسییمان لەگەڵ دەکرێت لە لایەنی وڵاتانەوە، ژمارەیەك لە کونسولخانەی وڵاتان یاخود نوسینگەیانی لێیە، بەتایبەت لە ئێران و تورکیا و هەندێك لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، تارادەیەك مامەڵەی سیاسی و بازرگانی ودیبلۆماسیمان لەگەڵدا دەکرێت، دەتوانیین بڵێین: ئەم ئەزموونەی ئێمە تاکە ئەزموونێکە کە (20) ساڵە تا ئێستا بەردەوام بووە، خوا پشتیوان بێت زیاتریش بەردەوام بێت، بەڵکو تێروتەواو، وبەهێزتریش دەبێت، ئەمە بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی هاوچەرخی کوردا ئاوارەیەکی سیاسی (20) سال بەردەوام بێت، دیارە ئێمە کەچەندان لایەنی ئیجابییمان هەیە، بەتەئکیدیش چەندان لایەنی سەلبیشمان هەنە، بەڵام وەکو ئاماژەم پێدا لەو کتێبەدا باسی لایەنی ئیجابی و سەلبیەکانی هەرێمی کورستانم کردووە، ئێرەش بەگونجاو نازانم بچمە نیو وردەکارییەکانە کەم و کوڕی و کرچ و

کالییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە لە شوێنی خۆی قسەی خۆمان دەکەین، دیارە ئێمە لەکوردستانی باشوور (لەودیو لە هەرێمی کوردستان) لەو موناسەبەت و بۆنانەی هاتوونەتە پێشی، هەلوێستی خۆمانمان ڕاگەیاندووە سەبارەت بە کەم و کورییەکانی، بەلام ئەگەر هەر بەخێرایی ئاماژەیەکییان پێ دەکەین:

1- ئێمە لە رووی فکرییەوە بە داخەوە لەئەنجامی تەبەنیکردنی عەلمانییەت و فکری لائیکییەوە ناسنامەی رەسەنی میللەتەکەمان کە ئیسلامەتییە لە نێو وەسەتێك کە عەلمانیەتی تێدایە، بەرەو کالبوونەوە چووە.

2- وە لەرووی کۆمەلایەتییەوە جۆرێك لە دار و خانی رەوشت هەیە و بەداخەوە کاریشی لەسەر دەکرێت و جۆرێك لە لاساییکردنەوەی ولاتانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی کوێرانە بەدوای لایەنە سەلبیەکانییان دەکەوین هەلبەتە ئەوانەی لەژێر زەخت و فشاری یان لە ژێر کاریگەری تەوژمی سیکولارێزمدان.

3- وە لەرووی ئابوورییەوە هەرچەندە تاڕادەیەك خۆشگوزەرانی هەیە بە بەراورد لەگەل رابردوو، بەلام بەڕاستی قڕی و پڕیی چینایەتییش هەیە، کە خەلکی زۆر بێزر کردووە و جۆرێك لەقورغکردنی بازار و کار و کەسابەت و دەسبەسەرداگرتنی واریداتی کوردستان هەیە، لەلایەنی حزب و لە لایەنی چەند تاك و بنەمایەکەوە.

4- لە رووی نەتەوەییەوە بەداخەوە زالبوونی حزب و دەستتێوەردانی حزب، زالکردنی بەرژەوەندی تاکی و حزبی بەسەر بەرژەوەندی نەتەوایەتیدا تا ڕادەیەك لە رووی نەتەوەییەوە حالەتی نیشتمان پەروەری و نەتەوە پەروەریمان بەرەو کالبوونەوە چووە.

5- وە لەرووی سیاسییەوە جۆرێك لە کەوتنە ژێر کاریگەری رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەت هەیە، هەلبەتە بەشێوەیەك کە بەبۆچوونی ئێمە زیادەرووی دەکرێت لەوەدا کە زۆر خۆیان لێ دەبرێتە پێش و هەندێك شت دەکرێت وەکو رازیکردنی ئەوان، لە حالەتێکدا کە پێچەوانەی بەرژەوەندی میللەتەکەمان و پێچەوانەی دین و عەقیدەکەشیەتی، بەتایبەت لە بەرامبەر ئەمریکادا کە جۆرێك لە خۆ بەدەستەوە دان و جۆرێك لە خۆشباوەری و ساویلکەی هەیە کە ئەوە بۆتە جێگەی رەخنە و گلەیی کەسانی سیاسەتمەدار و دووربین.

6- لەرووی راگەیاندنیشەوە دیسان کەموکوریی هەیە،چونکە راگەیاندمان بەداخەوە لە ئەنجامی تەبەنیکردنی عەلمانیەتەوە بەشێوەیەك ماملە دەکەن لەگەل شەقامی کوردیدا، لەگەلّ خەلك وجەماوەردا کە زیاتر کاردەکەنە سەر جوولاندنی غەریزەکان، نەك تێرکردنی عەقلیان وئاوەدانکردنەوەی دل و دەرونییان، دەتوانم بلێم ئەو راگەیاندنەی کە هەیە بەتایبەتی ئەوەی تەوژمی عەلمانی تەبەنی دەکات و بەرجەستەیکردوە، تەعبیرناکەت لە واقیعی میللەتی مسولمانی کوردستان لە هەرێمی عیراقدا، لێرەدا دەمەوێت وەکو نوکتەیەکی خۆش بۆتان بگێڕمەوە کە من (3)سال لەمەو پێش سەفەرێکی بریتانیام کرد، برایێکمان لەوێ کە هاوەسەرەکەی بریتانییە گوتی:رۆژێك خێزانەکەم پێگوتم :بۆ تۆ هەموو روژێك گلەیی دەکەیت و دەلێیت : هەرێمی کوردستان بێ کارەبا وبێ ئاوو وەزع و ژیانمان و گوزەران باش نییە؟ منیش گوتم : جا ئەوەیش گوتوومە راستە؟ گوتی نەخێر وا پێناچێت راست بێت،چونکە من لە ئیعلامی ئێوەدا دەبینم ئەو میللەتەی ئێوە هەر خەریکی رەقس و سەما و دانسا و هەر خەریکی شایی وهەلپەرکێینە، کەواتە پێدەچێت ئێوە هیچ گیروگرفت و گێشەیەکتان نەبێت!! ئەمە بەکورتی واقیعی هەرێمی کوردستان بوو، بەر لەوەی کۆتایی بەتەوەری دووەم بێنم دەمەوێت دوو نموونە تان بۆ بێنمەوە، بەلکو ئێوە وەکو خەلکی

کوردستانی باکوور سوودیان لێ ببینن هەڵبەتە دوو نموونەیی ئیجابی دێنمەوە لەسەر تەبایی نێو خۆمان، چونکە ئەو واقیعە سیاسیەی لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە دی بەرهەمی تەبایی نێو خۆی خۆمانە،ئەگەر لە رابوردوودا ئێمە کۆمەڵێك هەڵە و پەڵەمان بوو کە باجی گەورەماندا، بەڵام ئێستا لەخوا بەزیاد بێ تارادەیەك هاتووینەتە سەر ئەوەی یەکتر تەحەمول بکەین و پێکەوە تەبابین، جا من لەو بارەیەوە دوو نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، یەکەم: (ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان ) کەلە رابووردوو دا هەبوو، یەك دوو ساڵێك دەوامی کرد، کە لە(7)حزبی سەرەکی هەرێمی کوردستان پێك هاتبوو، (پارتی، یەکێتیی،کومەڵی ئیسلامیی، یەکگرتووی ئیسلامیی، حزبی شیوعی، حزبی سۆسیالیست،حزبی زحمەتکێشان)، ئەو ئەنجوومەنی باڵایە هەرگرفت و کێشەیەك کە دەهاتە پێش کەم و زۆر قسەمان لێ دەکرد،ئەنجامی قسە لێکردنەکە دەبوو بەراسپاردە بۆ حکوومەت و بۆ پەرلەمان و تارادەیەك باش بوو بۆ یەکخستنی خیتابی سیاسییمان، هەروەها دڵخۆشکردنی خەڵك جەماوەرمان ئێمە وەکو ئەنجوومەن دوو سەفەری گرنکمان کرد،یەکیان بو ترکیا، کە ئەو کاتە بارگرژیی هەبوو لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، ئەوی دیکەشیان بۆ ئێراندا بارگرژی هەبوو، هەر دوو سەفەرەکە سەرکەوتوو بوون و تاردەیەك توانیمان زۆر لەو تەم و مژو بارکرژی و ئاڵۆزییەی هەیە برەوێنینەوە، ئەوە نموونەی یەکەم کە بەداخەوە دوایی ئەنجوومەنی پارتە سیاسییەکان نەماو هەڵوەشایەوە، بەلام گرنك ئەوەیە هەندێك هەنگاوی گرنگی نا، نموونەی دووەم:(ئیئتیافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) کە ئێستا لە نێوان (پارتی و یەکێتی )کە دیارە ئەوان فراکسیۆنێکن و(گۆڕان) و کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتوو) لەو فراکسیۆنانەین بوونمان هەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدا پێکهاتووە، ئێمە هەر چەند ئەو سێ لایەنە،واتە:(گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتوو)، هەرچەندە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆنین، واتە:بەشداری حکومەتی کوردستانمان نەکردووە، بەڵام لە بەغدا یەك قسەین ویەکهەڵوێستین، ئەوەش بەراستی بۆتە مایەی هێزو پێز بۆ هەڵوێستی سیاسییمان، هیوادارم ئێمە نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستانی باشوور یان باکوور، بەڵکو لە سەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان بتوانین خیتابی سیاسییمان یەکبخەین، بتوانین پێکەوە راوێژ بکەین، بتوانین بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکانمان دیالۆگ بکەین و پێکەوە دابنیشین و پێکەوە گفتوگۆ بکەین، دیارە ئەوەی ئێمەش پێیگەشتووین، دوای ئەزمونگەلێکی تاڵبووە، وەنەبێ هەر لە سەرتاوە وابێ، بەڵکو ئێمەش شەر و کوشتار وئەزموونی تاڵی زۆر مان بەرێکردوون، ئێوە دەتوانن عیبرەت و پەند وەربگرن لە هەڵەکانمان و تەماشای چاکەکانیشمان بکەن.

**سێیەم**:(چارەسەری کێشەی کورد بەگشتی و لە تورکیا بەتایبەت لە روانگەی ئیسلامەوە).لێرەدا نامەوێت خۆم لە ئێوە بکەمە ئاموژگاریکەر، ئێوە خۆتان بە بارودۆخی خۆتان ئاشناترن و ئاگادارترن، خۆتان زیاتر دەزانن گرفتتان چییە، دەردتان چییە، پێویستە چۆن چارەسەر بکرێت، بەڵام مادام کونفرانسێکە و بەستراوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە روانگەی ئیسلام و ئیسلامییەکانەوە، منیش بە پەرۆشەوە و وەکو کەسێکی دلسۆز، و وەکو پێشنیار چەند خاڵێك دەخەمە بەرچاوی ئێوەی بەرێز،کە پێموایە ئەگەر ئەو خاڵ و هەنگاوانە رەچاو بکرێن، ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان دەتوانین بناغەیەکی پتەو دابنێین بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەییمان،چ لە سەر هەموو کوردستانەکان وچ لە سەر ئاستی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان.

**هەنگاوی یەکەم**: با بناغەی فیکریی و عەقیدەیی تایبەتی خۆمانمان هەبێ، ئێمە پێویستە لە کاتێکدا دەمانەوێت چارەسەری کێشەی نەتەوەکەمان بکەین، دەبێت بناغەیەکی فیکریی و عەقیدەیی تایبەت بە خۆمانمان هەبێت، هەر کەسێك لەسەر بناغەی فیکریی خەڵکی دیکە، عەقیدەی خەڵکی دیکە، بەرنامەی خەڵکی دیکە بیەوێت گرفت و کێشەی خۆی چارەسەربکات، بەهیچ ئەنجامێك ناگات، ئێمە نابێت ئەو پەندەمان بەسەردا بچەسپێت کە دەڵێت: (ماڵیان پڕبوو لە رازیانە، منداڵیشیان بە زك ئێشە دەمرد)، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دینەکەی خۆمان، بگەڕێینەوە بۆ ڕەسەنایەتی ئیمانیی وئیسلامی خۆمان، لەسەر بناغەی پابەندیمان بە ئیسلامەتییەوە، هەوڵی چارەسەری کێشەو گرفتەکانمان بدەین، کە دیارە دەرو دراوسێکانیشمان کە تورك و عەرەب و فارسن ئەوانیش لە هەمان عەقیدە و فیکردا بەگشتی وەکو یەکین و ئاسانتر لێك تێدەگەین و بەتەئکید بەڵگەمان لە سەریان بەهێزتر دەبێت، لەکاتێدا ئێمە لە مونتەڵەقێکی ئیمانی و ئیسلامییەوە هەنگاو دەنێین بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەییمان.

**هەنگاوی دووەم**: تەبایی و هاوکاری لەسەر ئەسلی ئامانجی گشتییمان، کە چارەسەری کێشەی نەتەوەییمانە: ئێمە لەکاتێکدا بە دەردی بێ قەوارەییەوە دەناڵێنین لە کاتێکدا نەتەوەیی کورد لەسەر نەخشەیی سیاسی بوونی نییە، ئاخر کێشەی سیاسی ئێمە ئەوەیە کە لەسەر نەخشەیی سیاسی بوونمان نییە، لەکاتێکدا دان بە قەوارەی سیاسیماندا ناهێنرێ، ئێمە پێویستە ئەو ئامانجە ئەسلییە بکەینە خاڵی هاوکاری پێکگەیشتنمان و لەسەری تەبابین، لێرەدا ئەو دێرە شیعرەیی شاعیری ناوداری کوردم دێتەوە بەر گوێ(ئەحمەدێ خانی) کە چەند سەد ساڵێك لەمەو بەر دەڵێت: (ئەگەر مە هەبا ئتیفاقەك) ئەوکاتە ئەو ئەوەی بە ئاوات خواستووە کە کورد، لەنێو خۆیاندا رێکبن، تەبابن، یەك هەڵویستبن، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجام، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئەو کاتە ئەحمەدێ خانی گۆتوویەتی، ئێستاش هەر ئاواتێکە و نەهاتووتە دی لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان، بۆیەش ئەو ئامانجە گرنگەی کە بریتییە لە پەیدابوونی قەوارەی سیاسی و ئازادی و سەربەستیمان، تا ئێستا ئەو ئامانجەمان بۆ دەستبەرنەبووە.

**هەنگاوی سێیەم**: خۆدوورگرتن لە گرێدانی کێشە رەواکەمان بە سیاسەتی وڵاتانەوە بەتایبەت زلهێزەکان، وەکو ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا و رۆژهەلات: بەراستی بەستنەوەی کێشەی رەوای ئێمە کە کێشەی بوونی میللەتێکە کە کێشەی بوونە نەتەوەیەکە لە سەر خاکی خۆی بە ئازادی و بە سەربەستی کە ئەوش کێشەیەکی زۆر رەوایە، بەستنەوەی ئەو کێشەیە بە سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە لە رابردوودا زۆر زیانی لێداوین، ئەگەر وەکو نموونە بڵێین: کاتی خۆی (قازی محمد) رەحمەتی خوای لێ بێت، کۆماری مهابادی گرێدا بە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەوە بوو کە دووای ئەوەی بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤیەت لە وەدا بوو کە کۆماری مهاباد سەرنگووم بیت، سەرنگووم بوو، ساڵێکی تەواو نەکرد، هەروەها لەشۆڕشی ئەیلوولدا (مەلا مستەفا) بە رەحمەت بێ، شۆڕشی کوردی کوردستانی عیراقی گرێدا بە سیاسەتی ئێران و ئەمریکاوە، ئەوەبوو دوای کاتێك بەرژەوەندی هاوپەیمانەکەی ئەمریکا، کە ئێران و شای ئێرانبوو، وایخواست دەست لەو شۆڕشە بەردا ئەوبوو شا قسە

مەشهورەکەی کرد گوتی: ( من أين شيره رامى بندم)، واتە: من ئەو بەلوعەیە دەگرمەوە، ئیدی شا بەلوعەی گرتەوە و ئاو برِا و ئاش راوەستا، بۆیە دەبێت بەراستی وریا بین، ئێمە کێشەی رەوای خۆمان نەبەستینەوە بە سیاسەتی دەولەتانەوە، چونکە کەس کچی خۆی بە قوربانی کورِی ئێمە ناکات، ئەوان هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لایەن سەنگی مەحەکە، پاشان زۆر جار ئەگەر بێت و ئێمە کێشەی رەوای خۆمان بە سیاسەتی ئەوانەوە ببەستێنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نیشانەی پرسیار لەسەر خۆمان دروست بکەین، دەر و دراوسێکانمان زیاتر لە خۆمان نیگەران و درِدۆنگ بکەین، پاشان رووی گەشی کێشە رەواکەمان ناشیرین دەکەین، واتە زیان لە خۆمان دەدەین، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە هیچ مامەلەیەك لەگەڵ دەولەتان نەکەین، نەخێر پێویستە مامەلەیان لەگەڵدا بکەین و ئەگەر دەستی هاوکاریان بۆ درێژکردین دەستییان نەگرینەوە و سوپاسییان بکەین، بەلاّم بە شێوەیەك نا کە ئێمە ئیشەکەمان بەوان بسپێرین و چارەنووسی کێشەکەمان بەسیاسەتی ئەوانەوە گرێبدەین، بەڵکو ئەگەر ئامابوون بەبێ چ مەرج یاخود بەشێوەیەك کە کێشە رەواکەمان سەری بە فەتارەت نەچێت و کێشە رەواکەمان لێ ناشیرن نەبێت، لەو سنوورانەدا پێویستە مامەلەیان لەگەڵدا بکەین.

**هەنگاوی چوارەم**: یەکدی تەحەمولکردن و دان بە چاکەی یەکدیدا هێنان: من رۆژی پێشوو مشتومرِێکم بینی لەنێو هۆلی کۆنفرِانسدا بەراستی پێم ناخۆشبوو، ئێمە پێویستە یەکدی تەحەمول بکەین، بلێین و نەلێین مللەتی کورد ئێستا خەڵکێکی ئیسلامی تێدایە، خەڵکێکی عەلمانی و لائیکی تێدایە، ئێمە پێویستە بە هەموو ئایدۆلۆژی و هەموو فیکرە جیاوەزەکانەوە یەکدی تەحەمول بکەین، لە پێناوی ئامانجێکدا کە ئامانجی هەموو لایەکە و ئامانجێکی هاوبەشە، وەکو خوا (سبحانه و تعالى) دەفەرمووێت: ﴿**وتعاونوا على البر والتقوى**﴾، هاوکاری یەکتری بکەین لەسەر چاکەکاریی و پارێزگاریی، هەر شتێك کە بۆ خەلك باشە و هەر شتێك مایەی پارێزە لە بەرامبەر خوای پەروەردگاردا، پێویستە هاوکاری یەکتری لەسەر بکەین، پێویستە دەستباری یەکتری بۆ بگرین، دەبێت ئێمە دلی خۆمان گەورە کەین، عەقلی خۆمان فراوان بکەین، نابێت هیچ کەس کەلکەلەی ئەوەی لەکەللەدا هەبێت کە ولاّت بۆ خۆی تاپۆ بکات، پاوانی بکات و خەلکی دیکەی لێ مەحروم بکات، ئێمە هەموو پێکەوە جوانین، لە راستیشدا ئەم ولاّتە هی هەمووانە و خوا هەموومانی لێرەدا داناوە دیسان کێشەکەش بە هاوکاری و هەولّ و هیمەتی هەموو لایەك نەبێت ناگونجی چارەسەر بکرێت.

**هەنگاوی پێنجەم**: خۆپاراستن لە هەر هەڵوێستێك و هەر دەربرِین و تەعبیرێك کە ئێمەی مەزڵوم بە زالم بینێتە بەر چاو: لێرەدا ئەو قسەیەیی (ئیمام عەلی)م دێتە زەینەوە کە دەفەرمووێت: (ما رأيت مظلوما أشبه بظالم مني)، دەڵێت: نەمدیوە کەسێك وەك خۆم مەزڵوم بێ و بەزالم بچێ، واتە لە حەقیقەتدا مەزڵومم، بەلاّم وا وێنە کراوم لە لایەنی بەرامبەرەکانەوە کە من ستەمکارم، بەراستی دەبێت ئێمەش وریابین لە هەر قسە و تەعبیرێك لە هەر هەلویستێك لە بەکارهێنانی هەر شێوازێك کە بیانوو پاساوێك بخاتە دەست بەرامبەرەکانمان،

ئێمەی پێ ناشیرین بکەن و کێشە رەواکەمانی پێ ناشیرین بکەن و ناووناتۆرەی خراپمان بەدوادا بخەن وەکو تیرۆریست وەکو شەڕ فرۆش و ئەوانە.

لە کۆتاییدا چەند هیوایەك دەخوازم:

**یەکەم**: هیوادارم حکومەتەکانی ئێران و سوریا و تورکیا، (کە دیارە ئێمە وەکو خەڵکی هەرێمی کوردستان تارادەیەك لە خەم رەخسیوین)، بەڵام هیواداارین ئەو سێ حکومەتە هەرچەندە ئەوانیش جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، بەرزی و نزمییان هەیە لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ کورد دا و کێشەی کورد، بەڵام بەگشتی هیوادارم ئەو سێ حکومەتە ئەوەی کە شەریعەت و عەقڵ و فیترەت دەیخوازن، بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کوردی دراوسێیاندا بکەن، ئەگەر نا بەراستی وەك گوتراوە: (ومن ضاق به العدل فالجور عليه أضيق)، واتە: هەرکەسێك بە دادگەریی لێوە تەنگ بێت زوڵم و ستەمی زیاتر لێ وەدەنگ دێ و زیاتر سەغڵەتی ئەکات.

**دووەم** : هیواداریشم ئەو حکومەتانە هەموویان بزانن ئەوەی کورد دەیکات لە دژایەتیکردنی ئەوان جا چ دژایەتیکردنی بەهێزبێت، چ دیبلۆماسی و سیاسی و فیکریی بێت، پێویستە بزانن ئەوەی کورد دەیکات کاردانەوەیە، نەك کار، رەد فعلە نەك فعل،ئەگەر ئەوان کۆتایی بەو فعلە بێنن کە کورد ناچار دەکات کاردانەوەی هەبێت بە تەئکید ئەو کاتە کارەکە نەما کاردانەوەش نامێنێت.

**سێیەم**: پێویستە هەموو لایەك بزانێت کە ئێمەی کورد و تورك و عەرەب و فارس دراوسێین و هیچکاممان ناتوانینماڵەکانی خۆمان بگوازێنەوە، خوای پەروەردگار ئێمە لە پەنای یەك خوڵقاندووە و مێژووەکی هاوبەشمان هەیە و ئایین و شارستانی و کولتووری هاوبەشمان هەیە، رابردووەکی هاوبەشمان پێکەوە هەیە، بۆیە دەبێ پێکەوە دراوسێ چاکبین ئەگەر دراوسێ خراپ بین لەگەڵ یەك، یەکتر ئەزیەت بدەین، بێگومان هەموو لایەك زەرەر دەکەین، نەك تەنیا لایەك، پێویستە ئێمە ئەگەر پەند لە رابردووی خۆشمان وەرنەگرین، تەماشای واقیعی ئێستا بکەین، تەماشا دەکەین یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ ئەوە دا کە دەولەتانی ئەوروپا وەنەبێ گرفت و کێشەیەکی وایان هەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزانن هێزیان لە یەکبوونیاندایە (یەکێتی ئەوروپا) پێکدێنن، بەداخەوە ئێمە زۆر جار لە ئەنجامی رەگەز پەرستیی و دەمارگیریی، لە ئەنجامی حیساب نەکردنە بۆ یەك،

دەوڵەتێکیش کە هەمانە هەرەشەی لێکهەڵوەشاندنەوەی لێ دەکرێت،بەڵام ئەوان چەند دەولەتێکیش یەکدەگرن، دەبێ ئێمەش پەند لە خەڵك وەرگرین، بەڵکو پێش ئەوە بە ئایینی خوا و شەریعەتەکەی کار بکەین، کە فەرمانمان پێ دەکات بە برایەتی و هاوکاریی پێکەوە کردن.

**چوارەم**: ئێمە لە سالی 2008 شاندێکی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان چووین بۆ تورکیا، وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، سەرەتا لە گەڵ دکتۆر ئەحمەد داود ئۆغلۆ کە ئێستا وەزیرێ دەرەوەیە دانیشتین، ئەو کاتە راوێژکاری سەرۆك وەزیران بوو، پاشان لە گەڵ حزب دانیشتین، واتە لەگەڵ حزبی داد و گەشەپێدان،لەگەڵ (ئەگەمەن باغش) کە یەکێ بوو لە جێگرەکانی (رەجەب تەیب ئۆردوگان) قسە و باسێکی زۆرمانکرد سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر کێشەی کورد،چ کوردی نێو خۆ و چ کوردی هەرێمی کوردستان، من لە کۆتایی قسەکاندا بە (ئەگەمەن باغش )م گوت:من بەیەك کەلیمە عەرزت دکەم کە چارەسەری کێشەی کورد لە لایەن تورکیاوە چون دەکرێت، گوتی:بەچی ؟گوتم:بەوە کە کورد و تورك لە تورکیادا جیاواز نەبن ئەو کاتە کێشەی کورد کۆتایی پێدێت، ئەو کاتە ئەو خەڵکە کە چیاتان لێ دەگرێت، لەبەر ئەوەیە کە زوڵم هەیە، کە زوڵم نەما

یەکسانی هەبوو دادگەریی هەبوو، ئەو کاتە کێشەکە کۆتایی پێ دێت، دیارە ئەویش دانی پێدانا وتی:راستە ئێستا جیاوازی هەیە.

**بەرێزان !**

ئەوەی کە عەرزمکردن وەك لە سەرەتاوە گوتم، زۆر بەپوختیی وگوشراویی بوو، سەبارەت بەدید و بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە وەی کە ئایا لە رەوانگەی ئیسلامەوە کێشەی کورد چۆن چارەسەر دەکرێت؟!هەموو لایەکتان بەخوا دەسپێرم بەهیوای ئەوە کە کوردستانی باکووریش و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەموو ئەو مافانەی کە خوایی دادگەر بە میللەتانی داوە و لە شەریعەتی خۆیدا دانی پێداهێناون و لە رێککەوتننامە نێودەولەتییەکاندا دانیان پێداهێنراوە، هەموو لایەك لەو حەق و مافانە بەهرەمەند بن.

**والسلام علیکم ورحمە اللە و تعالی وبرکاتە**

## 37-(گوتارا ژمارە 37) (1)

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان جەماوەری تێکوشەری کوردستان. خوشك و برایانی ئازێز

پیرۆزباییەکی گەرم ئارستەی یەکە یەکەتان دەکەم بەبۆنەی نەورۆزی پیرۆز، ئومێدەرارم ئەم جەژنە ببێتە جەژنی خۆشی و بەختەوەری و برایەتی و تەبایی هەروەها پیرۆزباییەکی گەرم لە جەماوەری تێکۆشەری کەرکوك دەکەم بەبۆنەی تێپەربوونی (20) ساڵ بەسەر رزگارکردنی کەرکوك لە کاتی راپەرینی بەهاری ساڵی 1991 دا. ئەم پەیامەی من، پەیامی ئاشتی و برایەتییە. پەیامی یەکرێزی و یەکتر قبوڵکردنە.

شکستی ئێمە لەوەدایە کە دژی یەکتر بین

**خوشك و برایان..**

ئێمەی کورد و کوردستان سەدەها ساڵ خەباتمان کرد، شەهیدمان دا، شۆرش لەدوایی شۆرش، سەرکردەی زۆر گەورە هەڵکەوت، بەڵام هیچ یەکێك لەو شۆرشانەی ئێمە بە ئەنجام نەگەیشتن، هۆیەکەش تەنها و تەنها، لەبەر ئەوەبوو کە ئێمە یەکنەبووین، بەڵام لە بەهاری ساڵی 1991 دا ئێمەی کورد و کوردستان بووین بەیەك لەماوەی حەوت رۆژدا هەرچی دامودەزگای رژێمی بەعسە رایانماڵین و کوردستان رزگارکرا، ئێستا وا ئێمە سەربەست و ئازادین لەکوردستانی خۆشەویستدا، ئەمە دەبێ بێتە دەرسێکی هەمیشەیی لەیادمان بێت و لە

---

(1) رۆژنامەی خەبات، ژ(3730)، یەك شەممە 2011/3/27.

بەرچاومان بێت، کە ئێمە تەنها یەکێتی و یەکڕیزی و بە برایەتی سەردەکەوین، شکستی ئێمە لەوەدایە، کە دژی یەکتری بین.

**بەرنامەی چاکسازی**

**خوشك و برایانی بەڕێز..**

بەدەرفەتی دەزانم کە ئەو بەرنامەی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامانڕشتووە بۆ چاکسازی و بەردەوامبوون لەسەر چاکسازی پێتان رابگەیەنم، هەر وەکو رۆژی 11ی ئادار لە هەولێر عەرزی ئێوەی بەڕێزم کرد کە پەنا بەخوا لە ماوەی 3 – 4 مانگی دیکە ئێوە ئەنجامەکان دەبینن. ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە دەستبەجێ حکوومەتی هەرێم دەست دەکات بەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە. خاڵەکان ئەمانەن:

- پێداچوونەوە بەوەزعی حکوومەت و تەعدیل وەزارییەکی بنەڕەتی.
- لادان و خانەنشین کردن و گواستنەوە لە هەموو دەزگا و دائیرەکان و پابەندبوون بە تەمەنی خانەنشینی و زنجیرەی وەزیفی.
- ئەنجوومەنی راژە دابمەزرێت و کارا بکرێت و هەرچی دامەزراندن هەیە لەسەر بنەمای توانا و دادپەروەری بێت و بەهیچ شێوەیەك تەزکیەی حزبی نەمێنیت
- چاودێری دارایی کارا بکرێت و دەست لەسەر هەموو موخالەفات دابنێت.
- کۆمیسیۆنی نەزاهە بەپەلە دابمەزرێت و داواکارم لە پەرلەمان بەپەلە ئەو پرۆژە یاسایەی کە لایانە ئیقراری بکەن بۆ ئەوەی کۆمیسیۆنی نەزاهەش دەست بەکاری خۆی بکات.
- داواکاری گشتی بەتەواوی بکەوێتە کار و بێتە مەیدان.
- هەرچی تەندەر هەیە بە شەفافیەت رابگەیەنرێت و بە هیچ شێوەیەك نەدرێ بە هیچ کەسێك لەبەر پێگە و نفوز و خزمایەتی یا لەبەر هیچ هۆیەك و لیژنەیەك دادەنرێ بۆ چاودێری کردنی هەموو ئەو تەندەرانە و بەهیچ شێوەیەك نابێ تەندەر بفرۆشرێتەوە، بودجە هەمیشە بە شەفافیەت ئامادە دەکرێ و دەدرێتە پەرلەمان، هەروەها پێویستە هەموو گرێبەستەکانی نەوت و غاز شەفاف بێت.
- تەرخانکردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوونی بۆ بەرژەوندی چەند کەسێك دەبێ رابگیردرێ و لێکۆڵینەوەش لەو پرۆژانە بکرێ کە پێشتر دراون.
- کۆمپانیا گەورەکان کە قۆرخیان کردووە، دەبێ بەشێك بکەنە پشك و بیدەن بەخەڵکێك.
- کەرتی تایبەت بەشدار بێت لە دامەزراندنی گەنجەکانمان و پەرلەمان یاسایەك دەریکات بۆ ئەوەی کەرتی تایبەتیش پابەندبێت بەدابینکردنی ئایندەی ئەو گەنجانە وەکو مافی خانەنشینی.
- زۆر جار دەبیستم خۆراك و دەرمانی ماوە بەسەرچوو لەفلان خاڵی سنووری هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستان، من داواکارم و داواشم کردووە لەحکوومەتی هەرێم کە لێکۆڵینەوەیەکی جدی بکرێ، کە کێ موسەببیە و هەر کەسێ بێت دەبێ بدرێتە دادگا، چونکە ئەمە کارێکی زۆر ناڕەوایە.
- پێداچوونە بەپاسەوانی بەرپرسەکان بکرێت و رێکاری بۆ دابندرێت.
- لێکۆڵینەوە لەو پرۆژانە بکرێ کە تەواونەکراون یا گەمەیان تێداکراوە.
- هەرچی زەویە بەموساتەحە دراوە لێکولێنەوەی لێدەکرێ و بەپیێ یاسا رێوشوێنی لە گەڵدا دەکرێ.

- رۆتین لەدائیرەکان نابێ بمێنێ و فەرمانبەرەکان دەبێ لەخزمەتی خەڵکەکە دابن و بەزوویی ئیشوکاری خەڵك راپەڕێنن.
- هەموو حزبەکان دەبێ سەرچاوەی دارایی خۆیان ئاشکەرا بکەن. هەروەها رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەڤزێون.
- بۆ هیچ حزبێك نییە پەیوەندی راستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەتێك دروست بکات، پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتەکان لە رێگەی حکوومەتی هەرێمەوە دەبێت، حزب دەتوانێ تەنها پەیوەندی لە گەڵ حزب دروست بکات.
- دەکرێ پەرلەمان بە یاساکان دا بچێتەوە و هەمواریان بکات و هەرچی لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دابێت ئەوە بکات.
- پەرلەمان کاربکات بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە 3 ی ساڵی2009 و حکوومەت بەزووترین کات مادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان رادەگەیەنێ.

**خوشك و برایانی بەرێز..**

ئەمانە هەندێك لەو خاڵانەن کە دەستبەجێ دەست دەکرێ بەجێبەجێکردنیان و پێشتریش حکوومەتی هەرێم دەستی کردووە بەچاکسازی و زۆرشتیش کراوە ئومێدەوارم ئەمانەش هەروەکو بەڵێنمان داوە لەماوەی 3- 4 مانگی دیکە بەخۆتان ئەنجامەکانی ببینن. بۆ یەکخستنی لەشکر و ئاسایش و دەزگاکانی دیکە و نەهێشتنی شوێنەواری دوو ئیدارەیی لە گەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئێمە رێککەوتووین کە بەرنامەیەکی رێکوپێك دابنێین پەنا بەخوا پێش کۆتایی ئەمساڵ ئەو بەرنامەیەش تەواو بکەین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی یەك لەشکر و یەك دەزگای ئاسایش و هیچ شوێنەوارێکی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان نەمێنێت.

ئومێدەوارم پەرلەمان هەرچی زووە یاسای ئاسایش کە لە بەردەمیانە پەسندی بکات بۆ ئەوەی ئێمەش دەست بەجێبەجێ کردنی بکەین.

لیژنەیەك دروستدەکرێ لە چەند پسپۆرێك بۆ ئەوەی هەرچی سکاڵا یا پێشنیارێك هەیە لە هاووڵاتیانەوە یا لە هەر کەس و لایەنێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی پرۆسەی چاکسازی، ئومێدەوارم هاوکارییەکی تەواو لەگەڵ ئەو لیژنەیە بکرێت و ئەو لیژنەیەش راستەوخۆ سەر بەسەرۆکایەنی هەرێم دەبێت.

**ڕووی شارستانی خۆتان پیشان بدەن.**

رووم لە خەڵکی بەشەرەفی شاری سلێمانی دەکەم و پێیان دەڵێم ئێوە خۆشەویستی ئێمەن، خوشك و برای ئێمەن، شانازیتان پێوە دەکەین. خوپێشاندانی ئێوە کارێکی رەوایە و هەر کەسێك هەر میللەتێك کاتێ کە هەست بکات غەدری لێکراوە مافی خۆیەتی دوای مافی خۆی بکات، چ لە سلێمانی یا لە هەر شوێنێکی دیکە لە کوردستان خەڵکی ئێمە دەبێ ئازادبێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا تکایەکی برایانەم لە هەمووتان هەیە. ڕووی شارستانی خۆتان پیشان بدەن، مەهێڵن توندوتیژی ڕووبدات نە خۆپێشاندەران پەنا بەرنە بەر توندوتیژی نە

پۆلیس و ئاسایشیش دەست بە توندوتیژی بکەن یا بە توندوتیژی ڕووبەڕووی خۆپێشاندان ببنەوە. ئەوەی من بزانم شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی لەسییەکان و چلەکان و لەکاتی کە رژێمی ئەو سەردەمی عێراق بەپیێ ئەحکامی عورفی حوکمی ئیعدامی دەرکردبوو بۆ هەر کەسێك جامانەی سوری لە سەر بێت لەو سەردەمانەدا سلێمانی جامانەی سوری پاراست و لە باوەشی گرت.

من قەت ناتوانم قەناعەت بکەم لە 2011 لە شاری سلێمانی خەڵکی سلێمانی جامانەی سور بسوتێنن، ئەوی ئەم کارەی کردووە من دڵنیام بۆ فتنەبووە و کەسێکە دوورە لە سلێمانی و من دڵنیام هەر خودی خەڵکی سلێمانی رێکە بەو کەسانە نادەن و جامانەی سور دەپارێزن و چونکە هیچ نەبێ کفنی هەزارەها شەهید بووە.

**وەرن با قسە بکەین و لە یەکتر تێبگەین.**

خاڵی دیکە تکای برایانەم لە هەموو لایەك ئەوەیە جارێکی دیکە دەڵێم توندوتیژی بەکارنەهێت بەرد باران کردن و سوتاندنی بارەگای حزبەکان و پەرلامانی دام و دەزگاکانی حکوومەت ئەمە روویەکی ناشارستانی پیشان دەدات، بەڵێ من تێدەگەم لەوانەیە زۆر کەسی وا هەیە خوێن گەرمە و زۆری لە دڵ دایە، بەڵام ئەمە رێگەی راست نییە رێگەی راست ئەوەیە تۆ داوای خۆت بکە، بەڵام پەنا مەبەبەر توندوتیژی، ئێمە هەموو برای یەکدین و کەسوکاری یەکدین، من خۆم حازرم لە گەڵ هەر کەسێك دانیشم و سەردانی هەر کەسێك بکەم، پێشوازی لە هەموو کەسێك بکەم، گوێ لە ئێش و ئازار و داواکاریتان بگرم و حازرم پشتیوانی لە جێبەجێکردنی داواکارییە کانتان بکەم،چونکە ئەرکی منە، ئەرکی حکوومەتی هەرێمە هیچ منەتێکی تێدانییە، بەڵام وەرن باقسە بکەن، لەیەکتر تێبگەین.

**بەم ڕاگەیاندنە کوردستان بەرەو کوێ دەچێ؟**

قسەی دیکەم بۆ حزبەکانە. داوا لە هەمووتان دەکەم ئەو راگەیاندنە کە هەمووی توندوتیژی و هێرشکردنە سەریەکتری راگرن لە جیاتی ئەوە زمانی برایەتی و تەبایی و یەکرِیزی بگرنەبەر، خەڵکەکە وا جۆش دەن بۆ تەبایی و برایەتی نەوەك بۆ دژایەتی یەکتری. باش بیربکەنەوە ئایا بەم سیاسەتە بەرەو کوێ دەچین ئێمە، کوردستان بەرەو کوێ دەچێ ؟ لە بەر ئەوە تکام وایە بەرپرسیارانە هەست بکەن، هەست بە بەرپرسیارێتی مێژووی خوتان بکەن فەرموو.

حزبەکان پێکەوە دانیشن باسی ئەوە بکەن چاکسازی فەرموون وەرن ئەوە بەرنامەی حکوومەتی هەرێمە، پشتگیریمان بکەن بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییە ببەینە سەر حکوومەتێکی بنکە فراوان، من لە گەڵ ئەوەدام، حکوومەتێکی بنکە فراوان دروست بکرێ. گۆڕانکاری بکرێ لەوەزعەکە، کە دەگەڕێینەوە بۆ سندوقی دەنگدان و رای خەڵك. من پێموایە ئەمەیە رێگای ڕاست، حەزیش ناکەم ئەجێندەی حزبەکان تێکلاوی داوای رەوای خەڵك بکرێ.

**ئەوەی ڕابردووی خۆی نەزانێ ئایندەشی پێ دروست ناکرێ.**

بەنیسبەت ئێوە گەنجانی خۆشەویستە، خۆم زۆر باش تێدەگەم، ئەو جەویەی[1] ئێدە تێیدا گەورەبوون زۆر جیاوازە لە گەڵ کەشی پێشتر، بەڵام بە نیسبەتی ئێمە وەکو کورد یا هەر میللەتێکی دیکە ئەگەر رابردووی خۆی نەزانێ ناتوانێ ئایندەی خۆشی دروست بکات. ئەم رەوشە بەخوێن و فرمێسک هاتۆتە دەست، ئێوە ئەمڕۆ گەنجن، بەڵام گەنجی وەکو ئێوە پێش 30 ساڵ و 40 ساڵ لە شاخ بوون لەژێر فڕۆکە و تۆپی دوژمن دا بوون، شەهید بوون ئەزیەتێکی زۆر میللەتەکەتان هەمووی لەژێر شەرێکی وا دا بوو بەرەو قڕکردنی گەلی کوردستان دەچوو، بەڵام بەخۆڕاگری ئەو گەلە و قارەمانیەتی پێشمەرگە، سوپاس بۆ خوا دوژمن شکا، من دەزانم نەوەی ئەمڕۆ ئینتەرنێتی لە دەستە بەفیس بووک پەیوەندی بە هەڤاڵەکانی لە ناوەو دەرەوە دەکات وەکو ئەو ئەو پێشمەرگە نییە کە تڤەنگی بەشانەوە بوو، هەموو ساتێك چاوەرانی ئەوەبوو کەی شەهید دەبێت.

گەنجانی خۆشەویست. ئێوە خۆشەویستی ئێمەن، ئەو گەنجانەی پێشی ئێوە تا ئەمڕۆ هێناویانە راستە دنیا گۆڕاوە، لە مەودوا ئێوە کاروانەکە تەواو بکەن، بەڵام رابردووی خۆتان نەسڕنەوە. ئێوە خۆشەویستی ئێمەن، کوڕی ئێمەن، چاوتان ماچ دەکەم، ئایندە لەسەرشانی ئێوەیە.

**لە سەرۆکایەتی هەرێم مەبەستم بوو ئەو ئامانەتانە بەجێ بگەیەنم.**

خۆشك و برایانی خۆشەویست، جەماوەری تێکوشەر من کەقبوڵم کرد بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەوەم نەبوو پێم بڵێن سەرەکی هەرێم و ببمە حاکمی کوردستان من مەبەستی ترم هەبوو، ئەویش خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە.

1- هەموو هیوا و ئاواتم ئەوەبوو، شەڕی خۆکوژی شەڕی ناوخۆی کورد نەهێڵم.

2- ماڵی کورد رێکبخەینەوە و شوێنەواری شەڕەکانی خۆکوژی نەهێڵین.

3- پەیوەندییەکی دیبلۆماسی لەسەر بنەمایەکی تۆکمە لە گەڵ وڵاتانی دەرەوە دروست بکەین.

هەموو مەبەستی من ئەوەبوو ئەو چەند ئەمانەتانە بەجێ بگەیەنم، هەڵسەنگاندنەکەش بۆ خەڵکی کوردستان بەجێدەهێڵم، ئەگینا من ئێستاش پێتان دەڵێم و پێشتریش گوتوومە و لەمەو دواش هەر کاتێك ئێوە مەزندە بکەن بوونی من لە سەرۆکایەتی هەرێم کۆسپە لە رێی پێشڤەچوونی رەوشی هەرێمی کوردستان، کەس لەمن ئاسانترنییە و من خۆم پێتان دەڵێم خواحافیز، من ئێستاش دەڵێم من خۆم نەبە سەرۆك دەزانم نە بەحاکمی کوردستان دەزانم من پێشمەرگەی کوردستانم و برای هەمووتانم.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە جەژنی نەورۆز لەهەمووتان پیرۆزبێت، جارێکی دیکە پەیامی ئاشتی ئاراستەی هەموو لایەك دەکەم، هەموو پێکەوە رووبکەنە دیالۆك و پێکەوە دانیشن، فەرموو وەرن با کوردستانی خۆشەویست ئاوەدانتربکەین و بەختەوەرتری بکەین و برایەتیمان قوڵتربکەین.

**سڵاوی خواتان لێبێت..**

**38- (گوتارا ژمارە 38) [1]:**

---

(1) ئەڤ پەیڤ ب هەلەیی هاتییەنڤێسین و دروستییا ئەوێ(جەوەی)ە.

(1) رۆژنامەی هەولێر، ژ(1182)، چوارشەممە 2011/11/2.

**هاوڕێیانی بەڕێزم.. کوردستانیانی خۆشەویست.**

دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکی ناوچەی هەکاری، سەردانی تورکیام کرد و هەڵوێستی خۆمانم لەمەڕ ئەم کردەوەیە ڕاگەیاند. ئەوانەی شارەزاییان لە سیاسەت و یاسا و پێوەندییە نێوەدەوڵەتییەکاندا هەبێ، دەزانن مەبەستی من لە قسەکانم چی بوو، بەڵام بەداخەوە لە هەندێ شوێن بۆ یاریکردن بە هەست و سۆزی هاووڵاتیان کۆمەڵێك لێکدانەوەی هەڵە و دوور لە ڕاستی بۆ لێدوانەکەم کرا.

لای هەمووان ڕوونە کە ئێمە چۆن ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە هەڵوێست و بیروبۆچوونی خۆمان لە مەڕ پرسە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکان دەخەینە ڕوو، لە هەموو سەردەم و کات و ساتێکدا بۆ یەك چرکە لە پشتگیریکردن گەلی کورد لە هەر کوێیەك بێت بۆ بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، خۆمان دوورەپەرێز نەگرتووە. هەموو کات ئەوەمان دووپات کردووەتەوە کە ئێمە دەخوازین گەلی کورد لە بەشەکانی دیکە درێژە بە خەباتی خۆی بۆ گەییشتن بە مافەکانی بدات ئەویش لە چوارچێوەی چارەی ئاشتیانە و دیموکراتیانە بە شێوەیەك کە سەرنج و پیشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەڵەتی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. من جارێکی دیکەیش جەخت لە سەر ئەو بۆچوونە دەکەمەوە کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە پەنابردن بۆ چەك و توندوتیژی کێشەی کورد چارە نابێت، تەنیا چارەسەر بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە شێوەیەکی گشتی، چارەی ئاشتیانە و خەباتی سیاسی و دیالۆگە.

ژمارەیەکی زۆر پارتە سیاسییە کوردییەکانی ئێران و تورکیا و سوریا ئێستا لە هەرێمی کوردستان و خەریکی خەباتی سیاسیی خۆیانن. ئەو پارتانە ڕێز لە ئیرادی گەلی کوردستان دەگرن و بارودۆخی هەرێم لە بەرچاو دەگرن و نایانەوێ لە خاکی هەرێمەوە هێرش بکەنە سەر وڵاتانی دراوسێ، بەڵام بە داخەوە پەکەکە پارتێکی سیاسیی خاوەن باوەڕ بە خەباتی چەکداری بارودۆخی هەستیاری هەرێم لە بەرچاو ناگرێ، ئەوان چالاکیی سەربازی لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیا ئەنجام دەدەن، کە ئەمەیش کاریگەریی ڕاستەخۆی لە سەر بارودۆخی هەرێم دەبێت، هاوکات هەرێمی کوردستانیش وەك پەناگەیەکی ئارام بۆ کردە سەربازییەکانیان بەکاردێنن، بێگومان ئەمەیش پێچەوانەی هەموو ڕێککەوتننامە نێوەدەوڵەتییەکان و عورفێکی دیپلۆماسی و ڕێزگرتنی پرەنسیپی دراوسێیەتییە.

ئێمە دژی ئایدۆلۆژیا و شێوازی خەباتی پەکەکە نین، چونکە پەکەکە سیاسەتی خۆی هەیە بۆ خەباتکردن و ئێمە لێیان بەرپەرس نین، بەڵام دەبێ پەکەکە بارودۆخی هەرێم لە بەرچاو بگرێت و نەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خاکی هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێ سەربازی و لە ئاکامدا تانك و فڕۆکەکانی تورکیا ناوچە سنوورییەکانی هەرێم بکەنە ئامانج.

ئێمە دەبێ ڕاشکاوانە ڕاستییەکان بە میللەتی خۆمان بڵێین، چونکە لە هەموو کەس زیاتر هەست بەو مەترسیانە دەکەین کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. ڕاستە خەڵکانێك هەن کارخانەی گەورەیان لە بەردەستە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان و ڕاکێشانی سۆز و عاتیفەی هاووڵاتیان دوور لە هەر بنەمایەکی ڕاستی و دروستی. بەڵام دەبێ هەموو لایەك ئەوە بزانن کە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە پارێزگاری لەو دەسکەوتانە بکات و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش وەك هەمیشە خۆی بە پارێزەری ئەو

دەستكەوتانە دەزانێت و خۆمان بە خەمخۆری ڕاستەقینەی بەرژەوەندیەكانی گەلی كوردستان دەزانین و لە هەمووانیش زیاتر ئەركی بەرپرسیارێتیمان لە ئەستۆ گرتووە.

**هیوادارم ئەم پەیامە وەك خۆی وەربگرن. لە گەلّ ڕێزمدا.**

**وەشانێن وەزارەتا رەوشەنبیری و لاوان**

**رێڤەبەریا گشتی یا راگەهاندن و چاپ و بەلاڤكرنێ**

**رێڤەبەریا چاپ و بەلاڤكرنێ – دهۆك**

| ژ | ناڤێ پەرتووكێ | نڤیسەر | نرخ | سال |
|---|---|---|---|---|
| 1 - | بایولۆژیا گەردی و خانەی | و. دیان جمیل | 5000 | 2011 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 - | مایکرۆبایولۆژی | و. دیان جمیل | 5000 | 2011 |
| 3 - | رۆمان خۆدیکا ژیانێیە – ج1 | د.عارف حیتو | 5000 | 2011 |
| 4 - | شۆرشێن جەماوەرێ ئەرەب | د. فاضل عمر | 4000 | 2011 |
| 5 - | رۆلێ دەقی دئاڤاکرنا درامایا کوردیدا | شڤان قاسم | 5000 | 2011 |
| 6 - | تطور الاعلام الكردي | حسين صديق | 5000 | 2011 |
| 7 - | الرواية التأريخية | د. جمال خضير | 5000 | 2011 |
| 8 - | تاڤگە لێگەڕیان ل رۆناهییا پرا جینۆتێ | تەحسین ناڤشکی | 5000 | 2011 |
| 9 - | هن ئالییێن جڤاکێ کوردی دکولتورێ گەلێری دا | نزار محمد سعيد | 4000 | 2011 |
| 10 - | هێنری ماتیس | فەهمی بالایی | 4000 | 2011 |
| 11 - | شوونوارێن دەڤەرا دهۆکێ | عزەت فندی | 5000 | 2011 |
| 12 - | سترانێن عەمەرێ عەڤدێ ژ کانیا چراڤێ | هزرڤان عبد الله | 4000 | 2011 |
| 13 - | فن وعمارة الكورد | رنا فتحي الأومري | 5000 | 2011 |
| 14 - | فەرهەنگا زمانێ پەرتییا / کوردی - پەرتی | د. فاضل عمر | 4000 | 2011 |
| 15 - | بزاڤا شانۆیێ (ل ئاکرێ، ئامێدیێ، زاخۆ ) | رفعەت رجب جەمال | 4000 | 2011 |
| 16 - | Gotinên li ber mirinê | دیا جوان | 2000 | 2012 |
| 17 - | سالێن پەنابەریێ ژ ژیانا ئیحسان نوری پاشا | موسەدەق تۆڤی | 5000 | 2012 |
| 18 - | ئالایێ کوردستانێ– ڤەکۆلینەك دیرۆکی | یوسف صبری | 4000 | 2012 |
| 19 - | جارەك ژ جارا (کورتە چیرۆکێن فلکلوری) | دیا جوان | 3000 | 2012 |
| 20 - | زمانڤانیا تێکستی | شورشڤان عادل احمد | 4000 | 2012 |
| 21 - | جوداکرنا کارێ لێکدای ژ کارێ خودان تەواوکەر و بەرکار | دلبرین عبدالله علی | 4000 | 2012 |
| 22 - | دادابیزم دهۆزانا نویخوازا کوردیدا | ارشد حیتو | 4000 | 2012 |
| 23 - | نێچیرا کۆلان (شانۆیا ب هەفت وێنەیان) | و. شالیکۆیێ بێکەس | 3000 | 2012 |
| 24 - | ژ بۆ تە (هەلبەست) | دیا جوان | 3000 | 2012 |
| 25 - | اللغة الكردية في منطقة بهدينان | ت. كريم فندى | 4000 | 2012 |
| 26 - | تێگەهەکێ یاسایی بۆ رۆژنامەڤانیێ | هەکار عبد الکریم فندی | 4000 | 2012 |
| 27 - | دهوك في اواسط القرن الماضي | جميل محمد مصطفى | 4000 | 2012 |
| 28 - | بەهائی ( شێخ تاها عبدالرحمن مایی) | د. عبدالرحمن مزوري | 4000 | 2012 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29- | بنەمایێن درامایێ د حیکایەتێن مەلا مەحمودێ بازیدیدا | ئارام یوسف ابراهیم | 4000 | 2012 |
| 30- | مێژوویا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ | فرست طیب عبدالله | 4000 | 2012 |
| 31- | دێ چەوا ژ بۆ زارۆکان نڤیسی | و. هزرڤان | 2000 | 2012 |
| 32- | جەگەر، چەند شیرەتێن دەروونی | حاجی رەمەزان بێسکی | 3000 | 2012 |
| 33- | بابەتێن سینەمایی و فوتوگراف | رمزی ئاکریی | 3000 | 2012 |
| 34- | خێزانا بەختەوەر | صبرية صالح حسن | 2000 | 2012 |
| 35- | ژیان ل ناڤ کوردان دا (مێژوویا ئێزدیان) | و. داود خدیدە | 4000 | 2012 |
| 36- | سەرهاتیێن ڤەشارتی و ئاشوویی | و. کاڤین نەجیب | 2000 | 2012 |
| 37- | جونیکرنا گیرەکێن زمانێ کوردی | صدیق حجي ولي | 3000 | 2012 |
| 38- | پەیوەندی و گەهاندن دراگەهاندنێ دا | حسێن سەدیق | 4000 | 2012 |
| 39- | ستەکهۆلمێ تە چ دیتیە بێژە؟ | باڤێ نازێ | 3000 | 2012 |
| 40- | ئامیدی (العمادیة) دراسة في التاریخ السیاسي | رجب جمیل حبیب | 4000 | 2012 |
| 41- | القصة الکردیة القصیرة (قراءة مقارنة) | عبد الکریم یحیی | 4000 | 2012 |
| 42- | زەنگینێ هێژا | و. ماجد محمد ویسي | 4000 | 2012 |
| 43- | زانستێ جوانکاریێ دهۆزانا کوردیدا | مسعود یاسین چەلکی | 3000 | 2012 |
| 44- | سمکۆیێ شکاک | فاخر حەسەن گولی | 5000 | 2012 |
| 45- | هیومانیزم د هۆزانا نو یا کوردی دا | رێزان شڤان ئیسڤ | 4000 | 2012 |
| 46- | علماء قدموا الى الموصل من الکرد ومن کوردستان | جاسم عبد شلال | 5000 | 2012 |
| 47- | مێژوویا کوردستانێ یا کەڤن | محمد صالح طیب – رێبەر جعفر | 6000 | 2012 |
| 48- | گەنجینە | مسعود خالد گولی | 3000 | 2012 |
| 49- | فرهەنگا تیرمێن وێژەیی | باڤێ نازێ | 4000 | 2012 |
| 50- | نهێنیێن دیاردە و رەفتارێن جڤاکی | عبدالجبار عبدالرحمن | 4000 | 2012 |
| 51- | رێزمانا زمانێ کوردی | باڤێ نازێ | 4000 | 2012 |
| 52- | نەمانا هندەک پەیڤێن زمانێ کوردی | محمد ابراهیم ئامێدی | 3000 | 2012 |
| 53- | دور المهارات الریادیة للمدیرین | دلشاد طه میرو علي | 4000 | 2012 |
| 54- | رێبەرێ رۆژنامەڤانیا سەربخوە | برهان یحیی حمو | 4000 | 2012 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | حاجي | | |
| 55 - | المعوقات الاجتماعية والسياسية للتسامح في المجتمع الكردي | د. محمد سعيد حسين | 4000 | 2012 |
| 56 - | سەرهلدان و وەرارا جۆرێن نوو يێن ئەدەبی | درباس مصطفى سليمان | 4000 | 2012 |
| 57 - | علماء الكورد وكوردستان | صالح شيخو الهسنياني | 6000 | 2012 |
| 58 - | ديرۆكا دنڤەگرييێ | عەبدولحەميد بامەرنی | 4000 | 2013 |
| 59 - | نووچه ژ كاغەێن بو ئەنتەرنێتێ | ئازاد نسری | 3000 | 2013 |
| 60 - | التدخل الانساني من قبل الامم المتحدة | خدر شنگالی | 3000 | 2013 |
| 61 - | اخلاقيات الاعلام الجديد | د. رحيم مزيد على | 3000 | 2013 |
| 62 - | هيلموت سميث (العولمة) | ئەبدلحەميد بامەرنی | 3000 | 2013 |
| 63 - | مدرسة قبهان | د. محمد سعيد احمد | 6000 | 2013 |
| 64 - | رێبەرێ نڤيسينا ڤەكولينێن زانكويێ | امين عبدالقادر | 2000 | 2013 |
| 65 - | شاكارێن هەلبەستا جيهانێ | أسماعيل تاهر جانگير | 3000 | 2013 |
| 66 - | رۆندكێن ژ خوينێ بۆ واری و ئەڤينێ | ئوسممه محمود هەسنی | 2000 | 2013 |
| 67 - | مێژوويا ياسايێ | م. محمد حسن الخياط | 3000 | 2013 |
| 68 - | Ji Sterrn Welrte Qedexe | Kone Ras | 3000 | 2013 |
| 69 - | ڤالاكرنا دەرەدسەرييا | نزار محمد سعيد | 3000 | 2013 |

**وەشانێن پروژێن هەڤپشك و هاریكاری یێن**

**رێڤەبەریا گشتی یا راگەهاندن و چاپ و بەلاڤكرنێ**

**رێڤەبەریا چاپ و بەلاڤكرنێ – دهۆك**

| ژ | لایەن | نڤیسەر | ناڤێ پەرتوكێ | سال |
|---|---|---|---|---|
| 1 - | كوربەندا سەردەم یا قوتابییان | بەلاڤوكا سالانە | زمانێ دایكێ | 2012 |
| 2 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | ئەمین عەبدولقادر | تیۆر و تەكنیكێن شرۆڤەكرنا رۆمانێ | 2012 |
| 3 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | یونس احمد | رائحة الورد (قصص قصيرة) | 2012 |
| 4 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | حسب الله يحيى | الكتابة بالحبر الأبيض | 2012 |
| 5 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | ئدریس عەلی دێرگژنیكی | ئەو ستێرا تەڤیای (هەلبەست) | 2012 |
| 6 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | محەمەد عەلی یاسین | هەڤوەغەرێ بای | 2012 |
| 7 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | دەمهات دێركی | Hest diaxivin (هەلبەست) | 2012 |
| 8 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | سەلمان شێخ مەمی | د عەشقا تە دا (هۆزان) | 2012 |
| 9 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | ڤەهێل محسن | دێ روبیارەكی كەمە كلیل..... | 2012 |
| 10 - | ئێكەتیا نڤیسەرێن كورد/دهوك | خالد حسین | رۆژەكێ هو گۆت | 2012 |
| 11 - | كومەلا هەلبەستڤانێن گەنج | كۆمەلا هەلبەستڤانێن گەنج | داستانەكا هەلپەسارتی | 2012 |
| 12 - | رێكخراوا سیما | پروفیسور د.سابر عەبدوللا | سیما 2 | 2012 |